حکومەتی هەرێمی کوردستان_عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان / بەشی زمانی کوردیی

# دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا

نامەیەکە

**ئارام ڕەشید مەجید**

پێشکەشی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی **"ماستەر"** لە زمانی کوردییدا.

سەرپەرشت

**پ.د. محەمەد عەبدولفەتتاح حەمەسەعید**

(٢٧١٦)ی کوردیی (٢٠١٦)ی زاینیی

ئـەم نامەیـە بەسەرپەشـتیی مـن لـە زانکـۆی سـلێمانیی ئامـادەکراوە و بەشـێکە لـە پێداویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا.

**ناو: پ. د. محەمەد عەبدولفەتتاح حەمەسەعید**

ڕۆژ:   /   /٢٠١٦

**بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو: پ. ی. د. کاروان عومەر قادر**

سەرۆکی بەشی زمانی کوردیی

ڕۆژ:   /   / ٢٠١٦

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لە گەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| ناو: پ. ی. د. ئازاد ئەحمەد حسێن | ناو: پ. ی. د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف |
| ئەندام | سەرۆکی لیژنە |
| ڕۆژ:   /   /٢٠١٦ | ڕۆژ:   /   /٢٠١٦ |
| ناو: پ. ی. د. شاخەوان جەلال فەرەج | ناو: پ. د. محەمەد عەبدولفەتتاح حەمەسەعید |
| ئەندام | ئەندام و سەرپەرشت |
| ڕۆژ:   /   /٢٠١٦ | ڕۆژ:   /   /٢٠١٦ |

لە لایەن ئەنجوومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو:  د. عەبدولقادر حەمە ئەمین محەمەد

سەرۆکی سکوڵی زمان

ڕۆژ:   /   /٢٠١٦

## پێشکەشە بە :

- باوکی ماندوونەناسم، دایکی خۆشەویستم
- هاوڕێی ژیانم ؛ هاوسەرەکەم
- خوشك و برا ئازیزەکانم
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێناو خاکی کوردستاندا گیانی خۆیان بەخشیی.
- ئـەو کەسـانەی لـە جیهـانی جـەنجاڵ و کوشـتوبڕدا، هەناسـەیەك وەبـەر ڕۆحـی ژیاندۆستیدا دەخەن.

## سوپاس و پێزانین

سوپاسی خودای گەورە دەکەم، کە توانا و ئارامیی لە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکەمدا پێبەخشیم.

سوپاس و پێزانینم بۆ مامۆستای خۆشەویست و دڵسۆزم، بەڕێز پ. د. محەمەدی مەحویی، کە سەرپەشتیی نامەکەمی کرد و دڵسۆزانە ئەرکی نامەکەی گرتەئەستۆ. بە ڕێنمایی و تێبینییەکانی بەڕێزیان نامەکە هاتەبەرهەم. ماندووبوونی بەڕێزیان لە سەرپەرشتیکردنی نامەکەدا جێگەی ڕێز و سوپاس و پێزانینە.

سوپاسی هەموو مامۆستایانی بەشی زمانی کوردیی/سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانیی دەکەم، کە لە قۆناغی ماستەردا وانەیان پێگوتین و لە تەواوکردنی قۆناغی ماستەردا هاریکارم بوون. بە تایبەتی سوپاسی بەڕێزان پ. د. بەکر عومەر عەلی و سەرۆکی بەشی کوردیی پ. ی. د. کاروان عومەر قادر دەکەم.

سوپاسی بەڕێزان ؛ ستافی خوێندنی باڵا و بەڕێزان ؛ فەرمانبەرانی کتێبخانەی سکوڵی زمان و کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی سلێمانیی دەکەم، کە بەدەمەوەهاتنی بەردەوامیان هەبوو بۆ خوێندکاران.

سوپاسی بەڕێزان ؛ د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و د. شیلان عومەر دەکەم، کە بە ڕێنماییکردن و تێبینییەکانیان و بەدەستخستنی چەند سەرچاوەیەك هاریکارم بوون.

سوپاسی مامۆستایانی بەشی زمانی کوردیی/ زانکۆی کەرکوك دەکەم، کە لە خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەردا پاڵپشتمبوون، بە تایبەتی بەڕێزان د. ئازاد ئەمین باخەوان، م. ئەحمەد حەسەن فتح الله و د. لەیلا جەلیل.

سوپاسی هاوڕێی بەڕێزم ؛ سامی سلێمان دەکەم، کە چەندین سەرچاوەی گرنگی بە زمانی ئینگلیزیی بۆ نامەکە پێبەخشیم.

سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ و دۆست وئازیزانە دەکەم، کە بەهەر شێوە و بڕێك بێت لە ژیانی خوێندنمدا سوودم لێیانبینیوە.

## لیستی هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| / | یان |
| * | ناڕێزمانیی |
| ~ | ئەلتەرناسیۆن/ لەبری بەکارهێنان |
| ⟵ | دەبێت بە |
|  | ئاڕاستەی حوکمکردن/ پێدانی ڕۆڵی بابەتانە |
| < | دەگۆڕێت بۆ / دەبێت بە |
| ≤ | ناگۆڕێت بۆ / نابێت بە |
| ↓ | لابردنی توخمێك/سەگمێنتێك لە ڕستەدا |
| / / | مۆرفیێم و وشە |
| ( ) | سەگمێنتێکی سەرپشکیی |
| > < | ڕستەی ناو دەق |
| < > | ڕۆڵی بابەتانە/سێتا ڕۆڵ |
| [ ] | بۆ شیکردنەوەی وشەکان/فرێزەکان/نواندنی ئارگومێنتیی |
| { } | فرێز لە ناو ڕستەدا |
| ؟؟ | لە ڕووی ڕێزمانییەوە/واتاییەوە گومانلێکراوە |
| Ø | مۆرفیێمی سفر |
| “ ” | بۆ دەقی وەرگیراو |
| ‘ ’ | بۆ زاراوە |

| | |
|---|---|
| = | هاونرخی واتایی / یەکسانی واتا |
| ≠ | نا-یەکسانی واتا |
| i , j | هاونیشانەکردن |
| pl | کۆ |
| sg | تاك |
| pas | ڕابوردوو |
| prs | ڕانەبوردوو |
| O | (Object) بەرکار |
| dO | (Direct object) بەرکاری ڕاستەوخۆ |
| iO | (Indirect object) بەرکاری ناڕاستەوخۆ |
| LF | (Logical form) فۆڕمی لوژیکیی |
| PF | (Phonological form) فۆڕمی فۆنۆلۆژیی |
| I ~ INFL | کاتوکەس |
| T | (Tense) تاف |
| comp. | (Complement) تەواوکەر |
| D | (Determiner) دیاریکەر |
| spec. | (Specifier) |
| P | (Preposition) پێشناو |
| C | (Complementizer) |
| AGR | ( Agreement) ڕێککەوتن |

## لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| ئـ | |
| Argument | ئارگومێنت (ئارگومێنت-داواکراو) |
| Predicate | ئارگومێنت-داواکەر |
| Reference | ئاماژەبەندیی |
| Adverbial | ئاوەڵکردارئاسا |
| Ergative | ئەرگەتیڤ |
| ب | |
| Base | بناغە |
| Antecedence | بۆگەڕاوە |
| Barrier | بەربەست |
| Valence | بەبڕشتیی |
| Case assignment | بەخشینی دۆخی ڕێزمانیی |
| Assigning of thematic roles | بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە |
| Argument-linking | بەستنەوەی ئارگومێنت |
| Attributive use | بەکارهێنانی ئاوەڵناویی |
| پ | |
| Parameter | پارامیتەر |
| Suffixation | پاشگرلکاندن |

| | |
|---|---|
| Case filter | پاڵێوەری دۆخی ڕێزمانیی |
| Projection | پڕۆژەسازدان |
| Maximal projection | پڕۆژەسازدانی مەزن (گەورە) |
| Intermediate projection | پڕۆژەسازدانی ناوەند |
| Minimal projection | پڕۆژەسازدانی نزم (بچووك) |
| Word class | پۆلی وشەکان |
| Descriptive | پەسنکەرانە |
| Corresponding | پەیکاڵبوون |
| Sisterhood | پەیوەندیی خوشکایەتیی |
| Grammatical relation | پەیوەندیی ڕێزمانیی |
| Construction | پێکهاتوو |
| Component | پێکهاتە |
| Prefixation | پێشگرلکاندن |
| Copular construction | پێکهاتووی کرداری بەستنەوە |
| Process | پێواژۆ |
| Theta criterion | پێوەری بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە |
| ت | |
| Tense | تاف |
| Element | توخم |

| | |
|---|---|
| Theta grid | تۆڕی بابەتانە |
| Lexical entries | تۆمارکردنە فەرهەنگییەکان |
| Pattern | تەرز |
| Complement | تەواوکەر |
| X- bar theory | تیۆری ئێکس باڕ |
| Binding theory | تیۆری بەستنەوە |
| Bounding theory | تیۆری بەندێتیی |
| Government theory | تیۆری حوکمکردن |
| Case theory | تیۆری دۆخ |
| Theta theory | تیۆری سێتا |
| Control theory | تیۆری کۆنترۆڵ |
| Incorporation | تێئاخێنراو |
| ج | |
| Kind | جۆر |
| Heterogeneous | جۆر-جیاواز |
| Position | جێکەوتە |
| Prounoun-anphor | جێناوە گێڕدراوەکان |
| چ | |
| Type | چەشن |

| | |
|---|---|
| Voice | چەشنەکردار |
| Frame | چێوە |
| ح | |
| Governor | حوکمکەر |
| خ | |
| Combination | خستنەتەکیەك |
| Obligatory | خورتیی |
| د | |
| Compositionally | دارِشتەیی / لێکدراوەیی |
| Determiner | دیاریکەر |
| Modifier | دەرخەر/مۆدیفایەر |
| Lexical expression | دەربڕینی لێکسیکی |
| Syntactic expression | دەربڕینی سینتاکسیی |
| Conceptual structure | دروستەی چەمکییانە |
| External | دەرەکیی |
| Binarity | دووپەلکیی |
| Divalent | دووهێزیی (کردار) |
| Nominative case | دۆخی ڕێزمانیی بکەریی/نۆمینەتیف |
| Accusative case | دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی/ئەکۆزەتیف |

| | |
|---|---|
| Genitive case | دۆخی ڕێزمانیی خستنەپاڵ/جەنەتیڤ |
| Dative case | دۆخی ڕێزمانیی خستنەژێر/داتیڤ |
| ڕ | |
| Clause | ڕستیلە |
| ز | |
| Pro-drop languages | زمانە بکەرخراوەکان |
| س | |
| Null-valent | سفر-هێزیی (کردار) |
| M-command | سەر-ئاڕستەکردن |
| Optionally | سەرپشکیی |
| Trivalent | سێ-هێزیی (کردار) |
| ش | |
| Inflection | شکاندنەوە |
| Split IP | شەقبوونی فرێزی کاتوکەس |
| ف | |
| Determiner phrase | فرێزی دیاریکەر |
| Adjunct | فرێزی سەرپشکیی |
| Inflectional phrase | فرێزی کاتوکەسدار |
| Complementizer phrase | فرێزی لێکدەریی |

| | |
|---|---|
| Lexicon | فەرهەنگ |
| ق | |
| Stress | قورساییخستنەسەر/هێز |
| ك | |
| Time | کات |
| Predication | کرداربەندیی |
| Impersonal verbs | کرداری بێکەس |
| Lexical verb | کرداری فەرهەنگیی |
| Finite verb | کرداری کاتوکەسدار |
| Auxiliary verb | کرداری یاریدەدەر/ناتەواو |
| Selectional constraints | کۆتوبوندی هەڵاوێرکردن |
| Empty category | کەتیگۆریی بەتاڵ |
| گ | |
| Node | گرێ |
| Function | گۆکردن |
| Variables | گۆڕینۆك |
| Conjugation | گەردانکردن |
| ل | |
| Affixation | لاگرلکاندن |

| | |
|---|---|
| Interpretation | لێكدانەوە |
| | م |
| Scope | مەودا/ڕكێف |
| | ن |
| Internal | ناوەكیی |
| Verbal noun | ناوی كرداریی |
| Representation | نواندن |
| Feature | نیشانە |
| | هـ |
| Causative | هۆكاریی |
| Semantics selectional | هەڵاوێركردنی سیمانتیكیی |
| | و |
| C-command | وەچە-ئاڕاستەكردن |
| Controller | وەچەبەستێنەر |
| Constituent | وەچەپێكهاتە |
| Conversion | وەرچەرخان |
| | ی |
| Monovalent | یەك-هێزیی (كردار) |

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکیی | ١ ـ ٤ |
| ١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە | ٢ |
| ٢/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٣/٠) پرسیار و گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٤/٠) ئامانج و هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| ٦/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| ٧/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| **بەشی یەکەم : بنەمای گریمانەکاریی** | ٥ـ٣٠ |
| ١) بنەمای گریمانەکاریی | ٦ |
| ١/١) تیۆری مۆڕفۆلۆژیی کردار | ٦ |
| ٢/١) دروستەی کرداری فەرهەنگیی | ٦ |
| ٣/١) تیۆری بەبڕشتیی و دروستەی ئارگومێنت | ٧ |
| ١-٣/١) تیۆری بەبڕشتیی | ٧ |
| ٢-٣/١) دروستەی ئارگومێنت | ٨ |
| ٣-٣/١) جۆری ئارگومێنتی کردارەکان | ٩ |
| ٤/١) تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە | ١٠ |

| | |
|---|---|
| ١/٤-١) تيۆری X – باڕ | ١٢ |
| ١/٤-١-١) دروستەی فرێزی ناویی PP | ١٥ |
| ١/٤-١-٢) دروستەی فرێزی کرداریی VP | ١٦ |
| ١/٤-١-٣) دروستەی فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی AP | ١٧ |
| ١/٤-١-٤) دروستەی فرێزی پێشناویی PP | ١٨ |
| ١/٤-١-٥) دروستەی فرێزی دیاریکەریی DP | ١٨ |
| ١/٤-١-٦) دروستەی فرێزی کاتوکەسی کردار INFL/ IP | ١٩ |
| ١/٤-١-٧) دروستەی فرێزی لێکدراو CP | ٢١ |
| ١/٤-٢) تیۆری حوکمکردن | ٢١ |
| ١/٤-٣) تیۆری دۆخی ڕێزمانیی | ٢٢ |
| ١/٤-٤) تیۆری بەندێتیی | ٢٤ |
| ١/٤-٥) تیۆری بەستنەوە | ٢٥ |
| ١/٤-٦) تیۆری کۆنترۆڵ | ٢٦ |
| ١/٤-٧) تیۆری سێتا | ٢٧ |
| **بەشی دوهەم : جۆرەکانی کرداری فەرهەنگیی لە ڕووی دروستە و بەبڕشتییەوە** | ٣١-١١٩ |
| ٢) جۆرەکانی کرداری فەرهەنگیی لە ڕووی دروستە و بەبڕشتییەوە | ٣٢ |
| ١/٢) کرداری فەرهەنگیی | ٣٢ |
| ١/٢-١) دروستەی کرداری فەرهەنگیی بنجیی | ٣٢ |
| ١/٢-٢) دروستەی کرداری فەرهەنگیی هەڵگوێزراو | ٣٦ |

| | |
|---|---|
| ٥٩ | ٣-١/٢) دروستەی کرداری فەرهەنگیی لێکدراو |
| ٦٠ | ١-٣-١/٢) پەیوەندیی سینتاکسیی و سیمانتیکیی لە کرداری فەرهەنگیی- لێکدراودا |
| ٦٧ | ٢-٣-١/٢) پۆلی وشەی سەگمێنتە وابەستەکان |
| ٦٨ | ٣-٣-١/٢) لەیەکجیابوونەوەی سەگمێنتی وابەستە |
| ٧٧ | ٤-١/٢) دروستەی کرداری فەرهەنگیی داڕێژراو (لێکدراوی هەڵگوێزراو) |
| ٨١ | ٢/٢) فرێزی کرداریی |
| ٨٤ | ٣/٢) جۆرەکانی کردار لە ڕووی بەبڕشتییەوە |
| ٨٨ | ١-٣/٢) لەیەکجیاکردنەوەی بەبڕشتیی کردارەکان |
| ٨٩ | ٢-٣/٢) گۆڕانکاریی لە بەبڕشتیی کردار |
| ٩٠ | ١-٢-٣/٢) گۆڕانکاریی لە بکەر دیارەوە بۆ بکەر نادیار |
| ٩٠ | ٢-٢-٣/٢) گۆڕانکاریی لە کرداری هۆکارییدا - causative |
| ٩١ | ٣-٢-٣/٢) گۆڕانکاریی لە ڕێگەی پێشناوەکانەوە |
| ٩٣ | ٤-٢-٣/٢) بەبڕشتیی لە ڕستەی پرسیارییدا |
| ٩٣ | ٣-٣/٢) سووڕیی بەبڕشتیی-گۆڕیین |
| ٩٤ | ٤/٢) تەواوکەرەکانی فرێزی کرداریی |
| ٩٤ | ١-٤/٢) بکـــەر (S/Sub) |
| ٩٨ | ٢-٤/٢) بەرکار (O/Obj) |
| ١٠٣ | ٣-٤/٢) تەواوکـەر و فرێزی سەرپشکیی |
| ١٠٥ | ٤-٤/٢) فرێزی سەرپشکیی و سەربار |

| | |
|---|---|
| ٢/٤-٥) ئاوەڵکردار | ١٠٧ |
| ٢/٤-٦) ئاوەڵناو | ١١٠ |
| ٢/٥) سەرەوڕیزبوونی ئارگومێنتەکانی ناو ڕستە | ١١٢ |
| ٢/٦) جۆرەکانی کردار لە ڕووی ڕۆڵی بابەتانەوە | ١١٣ |
| ٢/٦-١) ئارگومێنت-داواکەری کرداریی و ڕۆڵی بابەتانە | ١١٣ |
| ٢/٦-٢) پەیوەندیی ڕێزمانیی و ڕۆڵی بابەتانە | ١١٦ |
| **بەشی سێهەم : دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا** | ١٥٧-١٢٠ |
| ٣) دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا | ١٢١ |
| ٣/١) دروستەی کرداری فەرهەنگیی بنجیی لە فرێزی کردارییدا | ١٢١ |
| ٣/٢) دروستەی کرداری فەرهەنگیی هەڵگوێزراو لە فرێزی کردارییدا | ١٢٣ |
| ٣/٣) دروستەی کرداری فەرهەنگیی لێکدراو لە فرێزی کردارییدا | ١٣٢ |
| ٣/٤) کرداری فەرهەنگیی داڕێژراو لە فرێزی کردارییدا | ١٤٥ |
| ٣/٥) دروستەی ڕستە | ١٥١ |
| **ئە نجام** | ١٥٩-١٥٨ |
| **سەرچاوەکان** | ١٧١-١٦٠ |
| **خلاصة البحث** | ١٧٢ |
| **Abstract** | ١٧٣ |

# پێشەکی

# پێشەکیی

## ١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە :

ناونیشانی نامەکە (دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا)یە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدرێت دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا دیاریبکرێت، بە پشتبەستن بە چەند تیۆر و وەچەتیۆرێك.

## ٢/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە :

کرداری فەرهەنگیی خاوەن دروستەیەکی ناوەکیی خۆیەتی، کە لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا دروستە مۆرفۆلۆژییەکەی ڕووندەکرێتەوە . لە ئاستی سینتاکسدا ؛ دروستەی ئارگومێنتی کردارەکە و بەبرِشتیی کردارەکە دروستەی فرێزی کردارەکە دیاریدەکەن. ئەم لێکۆڵینەوەیە گرفتی دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا دەخاتەڕوو، ئەویش لە ڕێگەی چەند پرسیارێك و چەند گریمانەیەکەوە دەکرێت.

## ٣/٠) پرسیار و گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە :

پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە بریتیین لە، چۆن کرداری فەرهەنگیی پێکدێت/دروستدەبێت؟ دروستەی مۆرفۆلۆژیی کرداری فەرهەنگیی چییە؟ کرداری فەرهەنگیی چەند جۆری هەیە؟ دروستەی جۆرەکانی کرداری فەرهەنگیی لە سینتاکسدا لە فرێزی کردارییدا چۆنە؟ دروستەی ئارگومێنتی کرداری فەرهەنگیی چۆنە؟ بەبرِشتیی کرداری فەرهەنگیی چۆنە؟ دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا چۆنە؟

پەیوەست بە لایەنی گریمانەکارییەوە، گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە فۆڕمە جیاوازەکانی کرداری فەرهەنگیی ؛ دروستەی فرێزی کرداریی جیاواز دروستبکات و بەو پێیەش دروستەی کرداری فەرهەنگیی وەچەپێکهاتەکانی فرێزی کرداریی و چەشنی تەواوکەرەکانی دیاریدەکات، سەرئەنجام دروستەی ڕستەیش بە دروستەی کرداری فەرهەنگییەوە پەیوەستدەبێت.

## ٤/٠) ئامانج و هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانج و هۆی سەرەکیی هەڵبژاردنی نامەکە، بۆ (ا) پەسنکردنی لایەنێکی گرنگی ڕێزمانی کوردییە، کە پەیوەستە بە دیاریکردن و خستنەڕووی دروستەی کرداری فەرهەنگییەوە لە هەردوو ئاستی مۆڕفۆلۆژیی و سینتاکسدا (ب) دیاریکردنی فۆڕمی ئەو کردارەی دەچێتە فەرهەنگەوە لە ناو چەشنەکانی دیکەی کرداردا و (پ) دیاریکردنی دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا.

## ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی شیکاریی پەسنکەرانە Descriptive Analysis پەیڕەودەکرێت. بۆ شیکردنەوە و پەسنکردنی داتاکان پشت بە چەند تیۆر و وەچەتیۆرێك دەبەسترێت، لەوانە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە GB و تیۆری دروستەی مۆڕفۆلۆژیی کردار و دروستەی ئارگومێنت و تیۆری بەبڕشتیی کردار.

## ٦/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

داتا و نمونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە زاری کرمانجی ناوەڕاستەوە وەردەگیرێن. نمونەی ڕستەکانیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی ئەو زارەوە وەردەگیرێن.

## ٧/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە :

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکیی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبیی و زمانی ئینگلیزیی پێکدێت، بەشەکانیش بەم جۆرە دابەشدەکرێن :

**بەشی یەکەم :** لەم بەشەدا لایەنی گریمانەکاریی و تیۆری پێویستی لێکۆڵینەوەکە دەخرێنەڕوو. تیۆرەکان لە بەشی دووەم و سێیەمی نامەکەدا بۆ شیکردنەوە و پەسنکردنی داتاکان بەکاردەهێنرێن. تیۆری مۆڕفۆلۆژیی کردار بۆ شیکردنەوە و پەسنکردنی دروستەی مۆڕفۆلۆژیی

کرداری فەرهەنگیی بەکاردەهێنرێت. هەروەها لەم بەشەدا بنەماکانی تیۆری دروستەی ئارگومێنت و بەبڕشتیی کردار و تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە GB دەخرێنەڕوو.

**بەشی دووهەم :** ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە بۆ چوار پار دابەشدەکرێت :

پاری یەکهەم : تایبەتدەکرێت بە جۆرەکانی کرداری فەرهەنگیی لە ڕووی دروستەوە، واتە لەم پارەدا دروستەی مۆرفۆلۆژیی کرداری فەرهەنگیی دیاریدەکرێت و جۆرەکانی کرداری فەرهەنگیی دەستنیشاندەکرێت.

پاری دووهەم : بۆ جۆرەکانی کرداری فەرهەنگیی لە ڕووی بەبڕشتییەوە تایبەتدەکرێت. بەبڕشتیی بۆ هەموو جۆرەکانی کرداری فەرهەنگیی دەکرێت.

پاری سێهەم : بایەخ بە تەواوکەرەکانی کردار لە فرێزی کردارییدا دەدرێت، کە تەواوکەری ناوەکیین، چونکە لە گەڵ ئامانجی لێکۆڵینەوەکەدا یەکدەگرێتەوە.

پاری چوارهەم : کردارەکان ڕۆڵی بابەتانەیان هەیە، کە لە ڕستەدا دەیبەخشنە فرێزە ناوییەکان، لەم پارەدا جۆرەکانی کردار لە ڕووی ڕۆڵی بابەتانەوە دیاریدەکرێن.

**بەشی سێهەم :** ئەم بەشە بۆ سێ پار دابەشدەکرێت :

پاری یەکەم : دروستەی ڕستەی سادەی زمانی کوردیی دەخرێتەڕوو، چۆنێتیی پرۆژەسازدانی ڕستەی سادەی زمانی کوردیی بە پێی چەند وەچەتیۆرێکی GB دیاریدەکرێت.

پاری دووهەم : بە پشتبەستن بە تیۆرەکانی بەشی یەکەم، بەتایبەتیی تیۆری GB دروستەی فرێزی کرداریی دیاریدەکرێت.

پاری سێهەم : تایبەتە بە دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا. دروستەی هەر جۆرێکی کردارێکی فەرهەنگیی بە شێوەی جیا و سەربەخۆ لە فرێزی کردارییدا دەخرێتەڕوو. بۆ دەرخستنی دروستەی هەر کردارێکی فەرهەنگییش، تیۆر و وەچەتیۆرەکانی بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە بەکاردەهێنرێن.

لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانە دەخرێنەڕوو، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا پێیگەیشتووین.

# بەشی یەکەم :

# بنەمای گریمانەکاریی

## ١) بنەمای گریمانەکاریی

### ١/١) تیۆری مۆرفۆلۆژیی کردار

کردار بە یەکێك لەو وشانە دادەنرێت کە بە 'پۆلی وشەکراوەکان' ناسراوە، پۆلی وشەکراوەکان ناوەڕۆکیان content هەیە و لە فەرهەنگدا واتاکانیان تۆمارکراوە. بۆیە ئەم زاراوەیە بۆ ئەم پۆلە وشەیە دانراوە، چونکە دەتوانن ئەندامی نوێ (وشەی نوێ) وەربگرن [١]، بەڵام کراوەیی کردار بە بەراورد لەگەڵ (ناو، ئاوەڵناو)دا بۆ نمونە، سنووردارترە. چەند جۆرێکی کردار هەیە ؛ لەوانە (کرداری فەرهەنگیی، کرداری کاتوکەسدار، کرداری تەواو، کرداری یاریدەدەر، مۆداڵڤێرب.. هتد). پەیوەست بە بابەتەکەی ئێمەوە لە دروستەی کرداری فەرهەنگیی دەدوێین .

### ٢/١) دروستەی کرداری فەرهەنگیی

'کردارىی فەرهەنگیی' Lexical verb بە 'کردارىی سەرەکیی'ش دەناسرێت. ئەو کردارەیە کە واتای تەواوی هەیە و بەشێوەیەکی سەربەخۆ؛ نەك پەیوەستدار بە کرداری دیکەوە لە ڕستەدا/فرێزی کرداریدا دەردەکەوێت. بەمەیش (ا) لە 'کرداری ناتەواو/یاریدەدەر' Auxiliary verb جیادەکرێتەوە[٢]. هەروەها بەوەیش (ب) لە کرداری کاتوکەسدار finite verb جیادەکرێتەوە ؛ کە کرداری کاتوکەسداری زمانی کوردیی، کەسی لکاوی پێوەیە و سینتاکسییە و تەنها لە ڕستەدا فۆڕمەکەی دادەڕێژرێت[٣]. لە بەر ئەوەی کردارە فەرهەنگییەکان لەزماندا واتای سەربەخۆیان و دەروازەی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆیە سەرەکیترین گرووپی کردارەکانن و زۆربەی کردارەکان لە زماندا لە جۆری کردارە فەرهەنگییەکانن. [٤]. پێواژۆی/پڕۆسەی فۆڕمی دروستەی مۆرفۆلۆژیی کرداری فەرهەنگیی؛ لە ڕێگەی وەرگرتنی فۆڕمە ناوییە بنجییەکەی کردارەوەیە (چاوگ) verbal noun، کە وەکو لێکسیمێك لە ناو فەرهەنگدا تۆمارکراوە. دروستەی ناوە کردارییەکە لە ڕێگەی وەرگرتنی قەدی کرداری ڕابوردووی بکەردیارەوە؛ یان بکەرنادیارەوە، بە

---

١ - Denham, K. & Lobeck, A. (2013:146)

٢ - Gelderen, E. V. (2002:97)

٣ - محەمەدی مەحویی (٢٠١١ : ١٧ )

٤ - بڕوانــــــة: Richard N.-lexical verb, main verb(http://grammar.about.com/od/il/g/lexicalverbterm.htm) (http://grammar.about.com/od/mo/g/Main-Verb.htm)

یاریدەی /_ن/ کردن بەناو/لەکردارخستن دروستدەکرێت [5]. ناتوانرێت هەموو فۆڕمەکانی کردار لە فەرهەنگدا دابنرێن، چونکە کردارەکان دەشکێنرێنەوە و گەرداندەکرێن (بە پێی تاف و کەس)، بۆیە پێویستە فۆڕمێکی ناویی کردار دروستبکرێت و لە لە فەرهەنگدا دابنرێت. ناوی کرداریی بە شێوەیەك لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە، کە کەسی پێوەنەلکاوە و مۆرفیمی تافی چالاك نییە، واتە نەبووە بە مۆرفێمێکی تافی کردارەکە [6]. بە هۆی ئەو ئەدگارانەوە، ناوی کرداریی لە زمانی کوردییدا بە 'کرداری فەرهەنگیی' Lexical Verb دادەنرێت.

کرداری فەرهەنگیی لە ڕووی دروستەی مۆرفۆلۆژییەوە بۆ چوار چەشن دابەشدەکرێت: (ا) کرداری فەرهەنگیی - بنجیی (ب) کرداری فەرهەنگیی - هەلگوێزراو (پ) کرداری فەرهەنگیی- لێکدراو (ت) کرداری فەرهەنگیی – داڕێژراو (لێکدراوی هەلگوێزراو) (بڕوانە (١!)).

| | بکەردیار | | بکەرنادیار |
|---|---|---|---|
| ١ - ا) کرداری فەرهەنگیی- بنجیی: | / هاتن، بردن / | - | / خزان/ |
| - ب) کرداری فەرهەنگیی - هەلگوێزراو: | / هاتنەوە، بردنەوە/ | - | / داخزان/ |
| - پ) کرداری فەرهەنگیی - لێکدراو: | / یەکگرتن، سەماکردن/ | - | /دەستگیران/ |
| - ت) کرداری فەرهەنگیی - داڕێژراو: | / دەستبەسەرداگرتن/ | - | /دەستبەسەرداگرتن/ |

## ٣/١) تیۆری بەبڕشتیی و دروستەی ئارگومێنت
### ٣/١-١) تیۆری بەبڕشتیی

زاراوەی 'بەبڕشتیی' بەرامبەر زاراوەی 'Valency' بەکارهێنراوە [7]. مەبەست لە بەبڕشتیی، توانای لێکسێمەکانە (وەکو: کردار، ئاوەڵناو، ناو )لە ژینگەیەکی سینتاکسییدا، بۆ ئەوەی جێکەوتە بە پێی ئەدگارە ڕێزمانییەکان بۆ وەچەپێکهاتەکان/سەگمێنتەکان دیاریبکات[8]. ڕیزبوون و هاتنی

[5] - محەمەدی مەحویی ( ٢٠١١ : ١٦)

[6] - محەمەدی مەحویی ( ٢٠١٠ : ٢٩)

[7] - بڕوانە: کۆمەڵێك زمانەوان (٢٠٠٩ :٣٠٨)، محەمەدی مەحویی (٢٠١١ :١٥١). بەرامبەر زاراوەی 'valency' زاراوەکانی 'بەبڕشتیی کردار/هێزی داواکاری کردار/بارگەخستن' بەکارهێنراون. لەم نامەیەدا زاراوەی 'بەبڕشتیی' بەکاردەهێنرێت.

[8] - Bussmann, H.(1996:1256)

سەگمێنتە سینتاکسییەکانە، کە لەلایەن کردار (یان هەرلێکسیکێکی تر)ەوە داوادەکرێن، یان بەهۆی ئەوانەوە ڕێگەیانپێدەدرێت لە ڕستەدا دەربکەون[9]. کەواتە، سروشت و جۆر و ژمارەی سەگمێنتە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە لە لایەن کردارەوە دیاریدەکرێن و بە کردارەکەوە وابەستەن[10]. بۆیە ژمارە و جۆری ئارگومێنتەکانی ڕستە، کە لەلایەن'پریدیکات (ئارگومێنت-داواکەر)'ەوە Predicate[11] داوادەکرێن، یان توانای سیمانتیکی ئارگومێنت – داواکەرێك لە وەرگرتنی ژمارە و جۆری ئارگومێنتەکان، پێیدەگوترێت بەبڕشتیی[12] (بڕوانە نمونەی (٢!)) ئەوە خراوەتەڕوو، کە چۆن جۆری کردارەکان (ئارگومێنت-داواکەر) ژمارە و سروشتی ئارگومێنت-داواکراوەکان دیارییدەکات لە ڕستەکاندا.

٢- ا) هەورەگرمەیە .

- ب) فەرهاد هات .

- پ) شیرین ڕۆمانەکەی خوێندەوە .

## ٢-٣/١) دروستەی ئارگومێنت

زاراوەی 'دروستەی ئارگومێنت' بەشێکی پەیوەستداری بنەڕەتییە بە بڕشتیی کردارەوە . "زاراوەی 'دروستەی ئارگومێنت' ئاماژە بە تایبەتمەندیی و پەیوەندیی نێوان سیمانتیکی وشە و ئارگومێنتە سینتاکسییەکانی دەکات''[13] . دروستەی ئارگومێنت بۆ ئاماژەدان بە نواندنە فەرهەنگییەکانی ئارگومێنت-داواکەرەکان predicate بەکاردەهێنرێت، بە تایبەتی کردار (ناو و ئاوەڵناویش). دروستەی ئارگومێنت لە دروستەی قووڵی D-Structure سینتاکسەوە سازدەدرێت/پێکدێت[14]. ئارگومێنت-داواکەر دەربڕینێکە، یان چالاکییەکە، یان ڕووداوێکە، ئارگومێنت-داواکراویش بەشداردەبێت لە ئەنجامدانی ئەو دەربڕین و چالاکیی و ڕووداوەدا[15]. ژمارە و جۆری ئارگومێنتەکان

---

[9] - Matthews, P. H. (2007 :424)

[10] - Lyons, J. (1981 :116)

[11] -'predicate': ئەو بەشەی ڕستیلەیە، کە واتای بکەر تەواودەکات، هەمیشە کردارێك لە پێکهاتەیدایە. بڕوانە:(Seely, J.(2011: 115

[12] - Kredler, C. W. (1998:67,304)

[13] -Jackendoff, R. (2002: 134) ، بیشڕوانە: شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ٢١١)

[14] - Rapoport, T. R. (1987: 12)

[15] -Radford, A.(2009: 201)

بە پەیوەندیی سینتاکسیی و سیمانتیکییان بە ئارگومێنت-داواکەرەوە پەیوەستن[16]. کردارەکان (کە لە ڕستەدا ئارگومێنت-داواکەری سەرەکیین) لە داواکردنی ژمارە و جۆری فرێزەکاندا/ئارگومێنت-داواکراوەکاندا جیاوازن. فرێزەکان/ئارگومێنت-داواکراوەکان بە شێوەی تەواوکەری ئارگومێنت - داواکەر دێن[17].

## ٣-٣/١) جۆری ئارگومێنتی کردارەکان

لە دروستەی ڕستەدا کردار ئارگومێنت-داواکەری سەرکییە، ئەو فرێزە ناوییانەی بەبڕشتیی کردار داوایاندەکات، بە ئارگومێنت/ئارگومێنت-داواکراو ناودەبرێن. ئارگومێنتەکان لە ڕستەدا کردەی کردارەکە، یان باری (حاڵەت) state کردارەکە دەردەبڕن. ئەو ئارگومێنتانەی لە VPن، بە 'ئارگومێنتی ناوەکیی' Internal Argument ناودەبرێن، ئەو ئارگومێنتانەی لە دەرەوەی VPن، بە 'ئارگومێنتی دەرەکیی' External Argument ناودەبرێن[18] (بڕوانە نمونەی (٣، ٤ !)).

٣- تۆ وانەکەت نوسی.

لە دروستەی ئارگومومێنتی کرداری /نوسین/دا، دوو ئارگومێنت هەیە، ئارگومێنتێکی ناوەکیی، کە لە جێکەوتەی بەرکاردا <وانەکە> دەردەکەوێت، لە گەڵ ئارگومێنتێکی دەرەکیی <تۆ>، کە لە جێکەوتەی بکەردا دەردەکەوێت. نواندنی ئارگومێنتەکانی کرداری فەرهەنگیی /نوسین/ بەم شێوەیە (بڕوانە (٤!)).

٤- /نوسین/ : V ؛ [ N" ]

لە نواندنی ئارگومێنتیی بۆ کرداری فەرهەنگیی /هەڵفڕین/دا، ئەوە ڕوونبووەتەوە، کە لە دەربڕینی/ئەنجامدانی کردەی کردارەکە، دوو ئارگومێنت بەشدارن. لە دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکەدا، دروستەی ئارگومێنتی کردارەکە تۆماردەکرێت. لە چەشنەکانی دیکەی کرداردا، نواندنی ئارگومێنتیی جیاواز دەنوێنرێن.

[16] - Levin, B.: (www.oxfordbibliographies.com/browse?module-0)
[17] - Fromkin, V. & et al (2013: 162)
[18] - بڕوانە: Cook, V. J. & Newson, M.، بیشڕوانە (٢/٤-١) و (٢/٤-٢)!

٥-ا) /بردن/ : V ؛ [ N" ، N" ]

-ب) پۆستەچییەکە نامەکەی برد.

٦-ا) /پێگوتن/ : V ؛ [ N" ، N" ، P" ]

-ب) ئەو هەواڵەکەی بە ئێمە گوت.

٧-ا) /لێکۆڵینەوە/ : V ؛ [ N" ، P" ]

-ب) ئەفسەرەکە لە ڕووداوەکەی کۆڵییەوە.

نمونـەکانی (٥-٧) دەریدەخـەن، کـە دروسـتەی کـرداری فەرهـەنگیی جیـاواز، دروسـتەی ئـارگومێنتی جیاوازی هەیە.

## ٤/١) تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە

تیـۆری ’حـوکمکردن و بەسـتنەوە‘ (GB – Government and Binding Theory)[19] مۆدێلێکە، کە چوار ئاستی نواندن لەخۆدەگرێت، وەکو لە هێڵکاریی (١-١) دا خراوەتەڕوو[20]:

(١-١) هێڵکاریی داڕشتەی مۆدێلی تیۆری GB




فەرهەنگەکـە Lexicon، ئـەدگارە جیاکارییەکانی/ئیدیۆسـینکراتیکییەکانیی ئـەو سـەگمێنتە فەرهەنگییانـەی هـەڵگرتووە، کـە یەکـەی ئـەتۆمی سـینتاکس پێکـدەهێنن، واتـە لـە فەرهەنگـدا

[19] - تیۆری’حوکمکردن و بەستنەوە‘بەرهەمی هەوڵدانی Chomsky, N. ە، بۆ دۆزینەوەی ڕێزمانێکی جیهانیی Universal Grammar، لە کتێبەکەی (وانەکان دەربـارەی حـوکمکردن و بەسـتنەوە)دا خراوەتـەڕوو. بڕوانـە: ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩: ٣ )، محەمەدی مەحویی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن(٢٠١٠: ١٥)

[20] -بڕوانە: Black, C. A. (1999: 2)، تارا موحسین قادر (٢٠١١: ١٧)

تایبەتمەندیی هەر سەگمێنتێك هەڵگیراوە، كە لە سینتاكسدایە. سەگمێنتە فەرهەنگییەكان لە دروستەی قووڵدا D-Structure پێكەوە دەنووسێن و دروستەی قووڵ و بنەڕەت پێكدەهێنن. لە دوای جوڵاندنەوەكانەوە، لە دروستەی قووڵەوە بۆ دروستەی ڕووكەش S-Structure دەچن. ناتوانرێت ڕاستەوخۆ دروستەی ڕووكەش لێكبدرێتەوە، بەڵكو لەڕێگەی دوو فۆڕمەوە دەتوانرێت لێكدانەوەی تەواوی بۆ بكرێت ؛ ئەوانیش: فۆڕمی فۆنۆلۆجیی PF – Phonological Form و فۆڕمی لۆجیكیی LF – Logical Form ن [21]. كەواتە تیۆری حوكمكردن وبەستنەوە هەر لە دروستەی قووڵەوە هەتا دوا شوێنی سەگمێنتەكان و وەچەپێكهاتەكان ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و ڕێساكانی لە ئاستەكانی نواندندا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

تیۆری حوكمكردن و بەستنەوە لە چەند وەچەتیۆرێك پێكدێت؛ كە ئەمانەن :

١- تیۆری بەستنەوە Binding Theory
٢- تیۆری بەندێتیی Bounding Theory
٣- تیۆری دۆخی ڕێزمانیی Case Theory
٤- تیۆری سێتا/تیۆری ڕۆڵی بابەتانە θ - role/Theta Theory
٥- تیۆری X – باڕ X-bar Theory
٦- تیۆری حوكمكردن Government Theory
٧- تیۆری كۆنتڕۆڵ Control Theory

شوێنی، یان بواری بایەخدانی ئەم وەچەتیۆرانە، لە داڕشتەی مۆدێلی GB دا، لە هێڵكاریی (١-٢) دا خراوەتەڕوو [22].

[21] - Black, Cheryl A. (1999: 2)
[22] - Cook, V. J. & Newson, Mark. (2007: 181)

(١-٢) هێڵکاریی دارِشتەی مۆدێلی تیۆری GB (شوێنی وەچەتیۆرەکان)




## ١-٤/١) تیۆری X – بارِ

چۆمسکیی وەچەتیۆری 'X-بارِ' ی بۆ دیاریکردنی دروستەی هەموو جۆرە فرێزێك لە هەموو زمانێك داینـاوە [٢٣] . تیـۆری X – بـارِ تیۆریـەکی گەشـەپێدراوی 'یاسـاکانی دروسـتەی وەچەپێکهاتە/فرێز'ەکانە [٢٤]. X – بارِی فرێزەکان لەسەر چەند رِێسایەك بنیاتنراوە:

١- کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی هەموو زمـانە سروشتییەکان (V″، N″) بـە پێـی 'رِێسای دروستە'ی گشتیی جیهانیی بنیاتنراون .

٢- کەتیگۆرییـە فەرهەنگییـەکان لەسـەر بناغـەی گـەنجێکی سـنووردار لـە نیشانەی سینتاکسیی (پۆلی وشەکان) پێناسەکراون : بۆ نمونە ؛ کردار یەکسانە بـە [+کـردار، - نـاو]، هـەروەها نـاو یەکسانە بە[- کردار، + ناو] .. .

---

[٢٣] - Chomsky, N.(1995: 72) لە : سانیا جەبار عەبو زەید (٢٠١٣ : ١٢)وە وەرگیراوە

[٢٤] - Smith, N. (1999: 67)

٣- هەر کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی دەتوانرێت لە کەتیگۆرییەکی سینتاکسییدا، لە هەمان چەشن بەرزترەوە وەربگیردرێت، لەبەر ئەوە کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی، کە وەك سەرhead دەستنیشاندەکرێت و ناویلێدەنرێت، بەلایەنی کەمەوە کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی لە چەشنی خۆی لەژێر ڕکێفیدایە [٢٥].

٤- لەو سێ خاڵەی سەرەوە ؛ ئەوە ڕووندەبێتەوە کە بۆ هەموو گرێیەك node لە دروستەی سینتاکسیدا، پڕۆژەسازدانێك هەیە بۆ ئەوەی وشەیەك ببێتە سەری دروستەکە. ئەم ڕێسایەیش بە 'ڕێسای سەر-کردن/پڕۆژەسازدانی سەر' ناسراوە.

٥- هەموو گرێیەك لە دروستەی سینتاکسیدا دابەشدەبێت بۆ دووپەلك (دووپەلکیی)، ئەمەیش بە ڕێسای 'دووپەلکیی'binarity دەناسرێت [٢٦].

لە داڕشتەو نواندنی تیۆری X′ دا، ئەو کەرەستەیەی لەلای چەپی وەچەپێکهاتەی سەرەکەوە دەوەستێت spec – specifier ە و ئەوەی لەلای ڕاستی سەرەکەوە دەوەستێت تەواوکەرە comp -complement. ناولێنانی X-bar لە دەستووری نووسینەوەی بارەکاندا ' ′ ' بەسەر ' X 'ەکەوە وەکو (X,X′,X″) هاتووە[٢٧] . کەواتە فرێزەکان بەپێی تیۆری X′ دوو ئاستی فرێزییان هەیە [٢٨]:

أ- X″ ⟵ X′، spec.

ب- X′ ⟵ X، تەواکەر comp.

لە فرێزەکەدا ؛ X″ پڕۆژەسازدانی مەزنی سەرە، X′ یش بە پڕۆژەسازدانی ناوەند ناودەبرێت، بەڵام سەر X° پڕۆژەی نزمە/بچووکە [٢٩]. سەر ( X° )، کە بناغەی پڕۆژەسازدانی فرێزەکانە، چەند ئەدگارێکی/تایبەتمەندییەکی هەیە، کە دەبێتە هۆی بناغەی سازکردن و ناونانی فرێزەکان بە ئەوەوە ؛ ئەوانیش [٣٠] :

---

[٢٥] - محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠: ٢٤)

[٢٦] - Radford, A. (2009: 43)

[٢٧] - محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠ : ٢٤)

[٢٨] - Jackendoff, R.(1990: 24)

[٢٩] - بڕوانە: Black, Cheryl A. (1999: 5)، سەباح ڕەشید قادر ( ٢٠٠٩ : ٣٠ )

[٣٠] -بڕوانە : Tallerman, M.(1998: 93) ، ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٧: ٢٩-B)

- سەر؛ گرنگترین زانیاریی سیمانتیکیی لە فرێزەکەدا هەڵگرتووە .
- پۆلە وشەکانی سەر، پولە وشەکانی تەواوی فرێزەکە دیاریدەکات.
- سەر لە فرێزدا خورتییە.
- سەر ؛ فرێزە وابەستەگییەکانی لە پۆلەوشەیەکی دیاریکراوەوە هەڵاوێردەکات.
- زۆرجار سەرەکان داوای ئەم فرێزە وابەستەگییانە دەکەن بۆ ئەوەی ڕێککەوتن agreement لەگەڵ هەندێك/گشت نیشانە ڕێزمانییەکانی (ڕەگەز، ژمارە) سەر بکەن.

پاش دیاریکردنی گرنگیی سەر لە دروستەی فرێزدا، پێویستە جۆری فرێزەکان و ئەو کەتیگۆرییانەی دەبن بە سەر بۆ فرێزەکان دیاریبکرێن. کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی وەکو (ناو N، کردار V، ئاوەڵناو Adj، پێشناو P، .. ) دەبنە سەری ئەم فرێزانە (PP , AdjP , VP, NP). هەروەها جگە لەمانە کەتیگۆرییە گۆکەرەکانی/ئەرکییەکانیی وەکو (دیاریکەر Determiner /DP، کاتوکەسی کردار INFL/IP، تەواوکەر/لێکدەر Complemntizer/CP) یش جۆریکی تر فرێز دروستدەکەن [31]. لەدوای خستنەڕووی دروستەی فرێزەکان لە تیۆری ئێکس باڕدا، لە (١-٣) دا، دروستەی فرێز لە تیۆری X – باڕدا، بەشێوەی هێڵکاریی درەختیی دەخەینەڕوو [32]:

(١-٣) داڕشتەو نواندنی هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی فرێز لە تیۆری X' دا




[31] - بڕوانە : Parker, F. & Riley, K.(2012: 60) ؛ بیشڕوانە(Haegeman, L. (1994: 84
[32] - Cook, V. J. & Newson, M. (2007: 69)

بە پێی 'ڕێسای جێکەوتەی سەر' زمانەکان بۆ سەر-سەرەتا و سەر-کۆتا پۆلدەکرێن، ئەمەیش پەیوەستە بە شوێنی سەر هەمبەر بە شوێنی تەواوکەرەوە comp [٣٣]، ئەو زمانانەی لە سینتاکسدا پەیڕەوی ڕێسای SOV دەکەن، لە دروستەی فرێزەکاندا، لە ڕێسای جێکەوتەی سەردا؛ پەیڕەوی سەر-کۆتایی دەبن[٣٤]. زمانی کوردییش یەکێکە لەو زمانانەی، کە پەیڕەوی ڕێسای سەر-کۆتایی دەکات. کەواتە دروستەی فرێز لە زمانیی کوردییدا دەتوانرێت لە هێلکاریی درەختیی (١-٤)دا، بەپێی ڕێسای سەر-کۆتا بخرێتەڕوو [٣٥].

(١-٤) هێڵکاریی درەختیی دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا




## ١/٤-١-١) دروستەی فرێزی ناویی NP

'فرێزی ناویی' N" بەخورتیی سەرێك لەخۆدەگرێت، کە لە فرێزەکەدا وشەی سەرەکییە. دەشێت سەرەکە، تەنها یەك ناوی تایبەتیی/جێناوی سەربەخۆ بێت و دەشێت تەواوکەرێکیش وەربگرێت، کە ناوی گشتیی بێت [٣٦] (بڕوانە (٨!)).

٨- ا) فەرهاد

- ب) دەستی فەرهاد

- پ) دەستی تۆ

---

[٣٣] - Radford, A. (2004: 15)

[٣٤] - بڕوانە: Black, C. A. (1999: 14)

[٣٥] - عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، کاروان عومەر قادر (٢٠١١ : ٤٠٢)

[٣٦] - عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ٨٥-٨٦)

**(١-٥) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (٨-ب)**




## ١/٤-١-٢) دروستەی فریزی کرداریی VP

ڕەگی کردار ($V^{\circ}$) دەبێتە دروستکەری پرۆژەی فریزی کرداریی، چونکە ڕەگی کردار زانیاریی سینتاکسیی و واتایی تێدایە[٣٧]. تەواوکەرەکانی ڕەگی کردار لە فریزی کرداریدا، بە پێی هێز و بەبرشتیی ڕەگی کردارەکە، جیاوازن[٣٨] بڕوانە (٩!)).

٩- ا) ڕۆیش/ ڕۆ

-ب) نان خوار/ خ

---

[٣٧] - بڕوانە : عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر (٢٠١١: ٤١٩-٤٢٠). لە بەر ئەوەی کردار لە زمانی کوردییدا (لە سینتاکسدا)، لە ڕەگ و تاف و کەس (ڕێککەوتن-Agr) پێکدێت، هەر توخمێکیش لەوانە پرۆژەسازدانی خۆیان هەیە (تاف پرۆژەی فریزی تافیی T'' سازدەدات، Agr پرۆژەی ڕێککەوتن Agr'' سازدەدات)، بۆیە ڕەگی کردار پرۆژەی V'' سازدەدات و سەری فریزەکەیە.

[٣٨] - ا) بڕوانە (٢/٢) لە ڕێگەی چێوەی وەچەپۆل-دیاریکردنەوە sub-categorization frame بۆ هەر جۆرێك لە کردارەکان تەواوکەرەکانی دیاریکراوە.

ب) ناوی ئاوەڵکرداریی (ئاوەڵکرداریی شوێنیی) (سەر، ژێر، تەنیشت، ئێرە..)، کە لە فریزی کردارییدا گۆکردنی ئاوەڵکردارئاسایان adverbial هەیە، لە شێوەی فریزێکی سەرپشکییدا adjunct بە V' ی فریزی کردارییدا هەڵدەواسرێن. ئاوەڵناوە چۆنیەتییەکانی (جوان، باش،..)، ئاوەڵکردارئاسا بەکاردەهێنرێن و لە شێوەی فریزێکی سەرپشکییدا adjunct لە spec ی فریزی کردارییدا دەردەکەون. بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٢: ٢٩٥-٢٩٦)

(۱-٦) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (۹)

ب)




ا)




## ۱/٤-۱-۳) دروستەی فریزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی AP

فرێـزی خسـتنەپاڵی ئاوەڵنـاویی لـە سـەرێك پێكـدێت، كـە ئاوەڵنـاوە و فرێزێكـی نـاویی/فرێزێكی دیاریكەریی دەبێتە تەواوكەری [39] ( بڕوانە (۱۰!)).

۱۰-ا) كوڕی باڵابەرز

-ب) شاری دلگیر

(۱-۷) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (۱۰-ا)




---

[39] - سەباح ڕەشید قادر (۲۰۰۹: ٤۰)

## ١/٤-١-٤) دروستەی فرێزی پێشناویی PP

فرێزی پێشناویی لە سەرێك پێكدێت، كە پێشناو Preposition ە و "N دەبێتە تەواوكەری[٤١]. لە فرێزی پێشناوییدا، سەر- سەرەتایە، واتە پێشناوەكە دەبێتە سەری فرێزەكە و ئاڕاستەی حوكمكردنەكەی لە ڕاستەوە بۆ چەپە [٤٢] (بڕوانە(١١!)) .

١١-أ) بە چاو

-ب) ئاكۆ نامەی {بۆ هاوڕێكەی} نارد

(١-٨) هێڵكاریی درەختیی بۆ دروستەی (١١-أ)




## ١/٤-١-٥) دروستەی فرێزی دیاریكەریی DP

فرێزی دیاریكەریی پرۆژەسازدانی سەرێكە، دیاریكەرە Determiner و فرێزێكی ناوییش، كە پرۆژەی ناوێكی گشتیی بێت، دەبێتە تەواوكەری[٤٣]. دیاریكەرەكان، بریتین لە: ناسراویی، نەناسراویی /ەكە، ەكان، ێك/ و وشەی نیشانە/ئەم- ە، ئەو- ە، ئەمە، ئەمانە ../ )[٤٤] (بڕوانە(١٢!)).

---

٤١ –(Sproat, R. & et al (2007 : 2، دەشێت لە بری "N، "D بێت.

٤٢ – بڕوانە : سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩ : ٦٩ )

٤٣ –( Abney, S. P. (1987 :20, 47-48

٤٤ –(Finch, G. (2005: 86، عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، كاروان عومەر قادر (٢٠١١ : ٣٩٩ )

١٢-أ) باخەکە، باخێك، باخەکان

-ب) میوەی باخەکە

(١-٩) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (١٢-أ)




## ١/٤-١-٦) دروستەی فرێزی کاتوکەسی کردار INFL/ IP

لە فرێزی I دا، سەری فرێزەکە تاف Tense و کەسە/ڕێککەوتنە AGR. I لە تیۆری X-بارڕدا، وەکو کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکان لە پرۆژەسازدانی فرێزی کاتوکەسی کرداردا، دەتوانێت ببێتە سەری فرێزەکە. I زیادتر کاتیگۆرییەکی گۆکەرییە وەك لەوەی کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی بێت، بۆیە لەدەرەوەی دروستەی فرێزەکەدا دەوەستێت، بەڵام لە X- بارڕدا لە دروستەی فرێزەکە خۆی وەکو کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی پیشاندەدات تاوەکو ببێتە سەری فرێزەکە[٤٥] (بڕوانە (١٣!)) .

١٣- تەنها {ئەو بۆشانۆگەرییەکە پرۆڤەی کرد}

---

[٤٥] – بڕوانە : (Haegeman, L. (1994: 114، Cook, V. J. Newson, M. (2007: 69)؛ Crystal, D. ( 2003: 223):، لە زمانی کوردییدا I توخمێکی فەرهەنگییە، بۆیە ناتوانێت گرێیەکی سەربەخۆ و جیای ڕستە بێت، بەڵام شکاندنەوەیەکی زەنگینی کردارەکە (Agr) ئەو ڕۆڵە دەبینێت، بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٩٥)، بیشڕوانە (١/٣).

(١-١٠) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی فرێزی I'' ی (١٣)




بە پێی ’گریمانەی شەقبوونی فرێزی تاف وکەس/ڕێککەوتن‘ split infl، کە Pollok (1989) J. Y گریمانەیکردووە، مۆرفیمەکانی تاف و کەس/ڕێککەوتن دەتوانن ببنە سەری فرێزی تاف (TP) و ڕێککەوتن (AgrP) [46]. پێشنیازی ئەویشدەکرێت لە زمانی کوردییدا، کە فرێزی کات، یان فرێزی ڕێککەوتن بە پرۆژەسازدانی ڕستە دابنرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی (TP) ناتوانێت بە بێ کەسی زەنگینی کردارەکە چالاك بێت، بۆیە ناتوانرێت بە پرۆژسازێنەری ڕستەی زمانی کوردیی دابنرێت[47]، بەڵام کەسی زەنگینی کردار دەتوانێت تافی کردارەکە چالاك بکات و ڕێککەوتن لەگەڵ جێکەوتەی بکەرییدا بکات[48]. بە پێی ئەم شیکردنەوانە دەتوانرێت بگوترێت، لە زمانی کوردییدا، تاف پرۆژەی TP بەرهەمدەهێنێت؛ ڕێککەوتن پرۆژەی AgrP بەرهەمدەهێنێت. ڕێککەوتنی

[46] – Cook, V. J. & Newson, M. (2007: 109-110 )

[47] – عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٣: ٧٦)

[48] - عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، کاروان عومەر قادر (٢٠١١ : ٤٢٧)

کەسی زەنگینی کردار لەگەڵ جێکەوتەی بکەرییدا/جێکەوتەی دەرەکییدا، ڕستەی زمانی کوردیی بەرهەمدەهێنێت[٤٩].

### ٤/١-١-٧) دروستەی فرێزی تەواوکەریی CP

چەند وشەیەکی لێکدەر (/ کە، ئەگەر / ) دەبنە سەری پرۆژەسازدانی فرێزی تەواوکەریی CP. CP لە دروستەی فرێزەکەیدا IP وەکو تەواوکەر وەردەگرێت. لە ڕێگەی وشە لێکدەرەکانەوە ڕستیلە دەچێتە نێو دروستەی فرێزەکانەوە[٥٠] (بڕوانە(١٤!)) .

١٤- {کە فەرهاد ڕۆیشت}، ئاسۆ هاتەوە .

### ٤/١-٢) تیۆری حوکمکردن Government Theory

وەچەتیۆرێکی تیۆری GB ە، ئەو وەچەپێکهاتەیە لە فرێزدا دیاریدەکات، کە حوکمکەری وەچەپێکهاتەکانی دیکەی فرێزەکەیە. لە فرێزدا سەر دەتوانێت گۆکەری حوکمکردن بێت. کاتێك ئەگەری ئەوە دەبێت چەند نۆدێك/گرێیەك وەچەئاڕاستەی c-command وەچەپێکهاتەیەك بکەن، حوکمکەر لە گرێی خوارەوەی/پڕۆژەسازدانی بچووکی هێڵکارییە درەختییەکەدا دەبێت.

حوکمکردن پەیوەستە بە سێ پەیوەندیی سینتاکسییەوە ؛ 'پەیوەندیی خوشکایەتیی' sisterhood و 'وەچەئاڕاستەکردن' c-command و'سەرئاڕاستەکردن'm-command.

پەیوەندیی خوشکایەتی sisterhood لە دروستەی فرێزدا، بەم شێوەیەیە:

- ، ئەگەر X و Y کچی هەمان پڕۆژەی فرێزبن؛ ئەوە X و Y لە پەیوەندیی خوشکایەتییدان. واتە ئەگەر V و ''N سەر بە پڕۆژەی ''V بن، ئەوە ''N خوشکی V یە.

پەیوەندیی 'وەچەئاڕاستەکردن' بەم شێوەیەیە:

نۆدی/گۆرێی X وەچەئاڕاستەی نۆدی Y دەکات ؛ ئەگەر تەنها:

---

[٤٩] – عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، کاروان عومەر قادر (٢٠١١ : ٤٣٥)، چاوپێکەوتن لەگەڵ: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٥/٨/١٧)، سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی زیادتر لە سەر پڕۆژەسازدانی ڕستەی زمانی کوردیی، بڕوانە (٥/٣).

[٥٠] - بڕوانە : Haegeman, L. (1994: 116) ،Yule, G.(2006: 93-94)

- X زالنەبێت بەسەر Y و ؛ Yیش زالنەبێت بەسەر X دوە.
- هەروەها نۆدی دووپەلکیی یەکەم بەسەر X و بەسەر Yیش زالبێت.

پەیوەندیی 'سەر-ئاڕاستەکردن'یش m-command لە دروستەی فرێزدا بەم شێوەیەیە:

- X سەر-ئاڕاستەکردنی Y دەکات ئەگەر گرێی/پرۆژەسازدانی مەزنی یەکەم زالبێت بەسەر X و هەروەها بەسەر Y دا زالبێت.

لە ئەنجامی پەیوەندییەکانی سەرەوە، مەرجی 'حوکمکردن'بەم شێوەیە داڕێژراوە:

X حوکمکەری Y دەبێت ئەگەر تەنها ؛ ئەگەر :

- X حوکمکەر بێت ؛
- X سەر-ئاڕاستەکەری Y بکات؛
- هەروەها ؛ هیچ بەربەستێکیش[51] نەکەوێتە نێوان X و Y دوە [52].

## ٣-٤/١) تیۆری دۆخی ڕێزمانیی Case Theory

وەچەتیۆرێکی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەیە، لە پێدانی دۆخ بە NP دەکۆڵێتەوە. دۆخ کەتیگۆرییەکی گراماتیکیی ئەبستراکتە، بۆیە ئەگەر نیشانەی مۆرفۆلۆجییش هەبێت، یان نەبێت، نابێتە ڕێگری ئەوەی، کە بڵێین NP دۆخی وەرگرتووە. هەر NP یەك دۆخی وەرنەگرتبێت فۆرمدروست نابێت، هەر دروستەیەکیش سەگمێنتێکی فۆرمنادروستی تێدابوو دروستەیەکی ناڕێزمانیی بەرهەمدەهێنێت [53]( بڕوانە (١٥!)).

١-١٥) گەڵاکان پایزان هەڵدەوەرن.

-ب) * گەڵاکان پایزان دارەکان هەڵدەوەرێن.

---

[51] - بەربەست barrier مەبەست لە جێکەوتە مەزنەکانە، بڕوانە: Haegeman, L. (1994: 160)

[52] – بۆ ڕوونکردنەوەی زیادتر لە سەر پەیوەندییەکان، بڕوانە : Radford, A. (2004: 75,76) - Cook, V. J. , Newson, M. (2007: 150) ،Haegeman, L. (1994: 134, 160)

[53] – Razmjoo S. A. (2004: 28)

سەرە فەرهەنگییەکان وەکو (کردار/ڕەگی کردار، I [54]، پێشناو ) دۆخ-پێدەری NP یەکانن [55]. لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەدا ؛ دوو جۆر دۆخی ڕێزمانیی هەیە:

١- دۆخی ڕێزمانیی زگماکیی Inherent case : بەپێی ئەم جۆرە، لە دروستەی قووڵدا D-Sدۆخ دەدەرێتە NP یەکان .
٢- دۆخی ڕێزمانیی دروستەیی Structural case : بەپێی ئەم جۆرە، لە دروستەی ڕووکەشدا S-S دۆخ دەدرێتە NP یەکان[56].

زاراوەی 'پێدانی دۆخ' case assigner ڕێسایەکە لە تیۆری دۆخی ڕێزمانییدا لە هەموو زمانێکدا هەیە . سەرەکان دۆخ دەدەن . ئاڕاستەی دۆخ پێدان لە زمانی کوردییدا لەچەپەوە بۆ ڕاستە بەڵام پێشناوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ دۆخ دەدەن [57]. گشت NPیەکی دیار لە ڕووی فۆنەتیکییەوە، دەبێت لەلایەن دۆخ پێدەرێکەوە دۆخی پێبدرێت ؛ ئەمەیش بە 'پاڵێوەری دۆخ'Case Filter دەناسرێت [58]. دۆخەکان لە لایەن سەرەکانەوە بەم شێوەیە دەدرێت:

١- دۆخی بکەریی nominative case : لەلایەن INFL ەوە دەدرێت بە NP [59](بڕوانە (١٦!)) .

١٦- سۆلاڤ وێنەکەی کێشا.

٢- دۆخی بەرکاریی accusative case: لەلایەن کرداری تێپەڕەوە بە جێکەوتەیەکی ناوەکیی دەدەرێت، کە NP یە (بڕوانە (١٧!)).

١٧- باڵندەکە نێچیرەکەی گرت.

---

[54] - INFL/ I هەرچەندە کەتیگۆرییەکی گۆکەرییە، بەڵام لە دروستەی پڕۆژەسازدانی فرێزی کاتوکەس، بە سەری فرهەنگیی دانراوە ؛ بڕوانە:(Frank, Robert. (1990: 19
[55] – سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە
[56] –بڕوانە: (Gerold S.(1998: 43-44، بیشڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ٩-١٠)
[57] – بڕوانە : ( Crystal, D. (2003: 64 ؛ بیشڕوانە : محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٦)
[58] – R. L. Trask (1993: 36)
[59] – لە پێکهاتەی INFL یشدا، توخمی تاف T دۆخی بکەریی دەبەخشێتە NP. بڕوانە (٥/٣)

٣- دۆخی داتیف/خستنەژێر dative case: لەلایەن پێشناوەوە بە جێکەوتەی تەواوکەرەکەی دەدرێت [٦٠] (بڕوانە(١٨!)).

١٨- فەرهاد دیارییەکی بە شیرین دا.

٤- دۆخی خستنەپاڵ genitive case: ئەو فرێزە ناوییەیە، کە لەگەڵ فرێزێکی ناویی دیکەدا، لە پەیوەندیی خاوەندارێتیدایە[٦١] (بڕوانە(١٩!)).

١٩ -ا) دەستی من

ب) دەسکی دەرگا

## ٤/١-٤) تیۆری بەندێتیی

'تیۆری بەندێتیی' تیۆرێکی کۆتوبەندە، کە مەرجی جێکەوتەیی هەندێك لە گواستنەوەکان رێکدەخات. ئەوە دیاریدەکات، کە وەچەپێکهاتەیەك لە سنووری ڕستەیەکدا تاکوێ دەتوانێت بگوازرێتەوە. ڕێسای سەرەکیی لە تیۆری بەندێتییدا ؛ 'ڕێسای هاوسێیەتیی'ە subjacence principle، کە ڕێگە لەوە دەگرێت گواستنەوەکان لە یەکێك لە 'گرێکانی بەندکردن ' [٦٢]زیادتر بڕۆن، چونکە ئەمانە بە ڕێگر، یان بە بەربەست لە ڕستەدا دادەنرێن، بۆ نمونە، ناتوانرێت NPیەك لە ڕستەیەکدا، یان لە گرێیەکی/نۆدێکی ناویی بهێنرێتە دەرەوە، کە لەژێر ڕکێفیدایە، چونکە لە ڕستەدا بەربەست، یان ڕێگر (وەکو سەگمێنتەکانی IP و CP) هەیە. 'پارامیتەری هاوسێیەتیی' هەڵاوێری گرێکانی بەندکردن دەکات بۆ زمانێکی دیاریکراو، چونکە هەر زمانێك گرێکانی بەندکرنی تایبەت بە خۆی هەیە [٦٣] (بڕوانە(٢٠!)).

---

[٦٠] - پێشناوەکان و فرێزی پێشناوییش بەشێکن لە بەبڕشتیی/هێزی کردارەکان، یاخود وەکو (فرێزی سەرپشکیی) لە ڕستەدا دەردەکەون. بە ڕای (Kirsten M.) یش پێشناوەکان بەهۆی ئەدگارەکانی چەشنێك لە کردارەکانەوە لە ڕستەدا داوادەکرێن؛ بڕوانە (دروستەی کرداری فەرهەنگیی هەڵگوێزراو لەم نامەیەدا)(Malmkjar, K. (2002 : 253)

[٦١] – عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ١٠،١١)، Richards, J. C.& Schmidt, R. (2002: 223-224)، Cook, V. J. & Newson, M. (2007: 75-76)

[٦٢] - 'گرێکانی بەندکردن ' bounding nodes گشت بەربەستەکانی barrier گواستنەوە دەگرێتەوە.

[٦٣] – بڕوانە (Richards, J. C. & Schmidt, R. (2002: 58 و: Crystal, D. (2003 : 57) ؛ و: محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠ : ٣٧-٣٨)

٢٠-ا) وادیارە، ئەو حەزدەکات، کە بڕوات.
-ب) *وادیارە، کە بڕوات، ئەو حەزدەکات.

## ٥-٤/١) تیۆری بەستنەوە

’تیۆری بەستنەوە‘”تیۆرێکی کوتوبەندکەری سیمانتیکییە کە ’پەیوەندیی جێناوە-گێڕدراوەکان‘relations prounoun-anphor و گۆڕینۆکەکان variables بە ’بۆگەڕاوەکان‘یانەوە antecedence رێکدەخات“ [٦٤]. لە ڕێگەی هاونیشانەکردنەوە دەتوانرێت پەیوەندییەکە دیارییبکرێت ( بڕوانە (٢١!)).

٢١-ا) ئەوان i خۆیان i هاتن.
-ب) *ئەوان *i* خۆتان *j* هاتن.

ڕێساکانی تیۆری بەستنەوە بەم شێوەیە [٦٥]:

- ڕێسای (A): ئەنافەر لە ناو کەتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا بەستراوەیە.
- ڕێسای (B): جێناوە کەسییەکان لەناو کەتیگۆرییە حوکمکەرەکەیاندا سەربەستن.
- ڕێسای (C): دەربڕدراوە ئاماژەدەرەکان لەهەموو شوێنێکدا سەربەستن.

گشت ’جێناوە خۆییەکان‘ و ’بۆگەڕاوەکان‘ڕێسای (A) دەیانگرێتەوە. پەیوەست بە ’دەربڕدراوە ئاماژەدەرەکان‘یش گشت ئەو NPیە فەرهەنگییانە دەگرێتەوە کە سەر بە (A) و (B)نین ؛ وەکو ناوی کەس و ناوی چشتەکان . .[٦٦] ئەنافەرەکان لە ڕستەدا، لەلایەن وەچەبەستێنەرێکەوە controller دەبەسترێنەوە، کە لە پێشەوەی بێت [٦٧] ( بڕوانە (٢٢!)).

٢٢ -ا) ماردین i خۆی i هەواڵەکەی iگەیاند.
-ب) * ماردین *i* خۆم *i* هەواڵەکە *j*گەیاند.
-پ) ئەوان *i* یەکتریان *i* خۆشدەوێت *i*.

---

[٦٤] – سەرچاوەی پێشوو (٣٥)

[٦٥] - Cook, V. J. & Newson, M. (2007: 169)

[٦٦] - محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠ : ٣٦)

[٦٧] – Black, C. A. (1999: 40)

ت- ) *ئەوان *i* یەکتریتان *j* خۆشدەوێت *i*.

### ٦-٤/١) تیۆری کۆنترۆڵ

ئـەم وەچـەـتیـۆرە، پەیوەندییـە کۆنترۆڵکراوەکـان دەردەخـات و پەیوەنـدیی سینتاکسـیی *PRO* دیاریـدەکات [٦٧]. واتـە ئـەوە دیاریـدەکات، کـە (*PRO*)کـان لـە کـام ژینگـەی سینتاکسـیی دەتـوانن دەربکەون و بەچی وەچەبەستێنەرێکەوە دەبەسترێنەوە.

دوو جۆر کۆنترۆڵ جیاکراوەتەوە لە ڕستەدا [٦٨] :

أ- کۆنترۆڵی بکەریی، *PRO* لەلایەن بکەرەوە کۆنترۆڵدەکرێت.

ب- کۆنترۆڵی بەرکاریی، *PRO* لەلایەن بەرکارەوە کۆنترۆڵدەکرێت.

پەیوەست بەجۆری *PRO*کانەوە ؛ دوو جۆر *PRO* جیاکراونەتـەوە، کـە هەریەکـەیان لـە ڕسـتیلەی جیاوازدا دەردەکەون'*PRO*ی گـەورە' big *PRO* لـەو زمانانـە دەردەکـەوێت، کـە لـە ڕسـتەکانییدا ڕسـتیلەی چـاوگیی و چـاوگ هەیـە ( بـۆ نمونـە زمـانی ئینگلیزیـی)، بـەڵام لـە زمـانی کوردییـدا دەرناکەوێت، چونکە زمانی کوردیی چاوگ و ڕستیلەی چاوگیی تێدا نییـە. جـۆرێکی تـر لـە *PRO*؛ '*pro* ی بچووك'ە، لەو زمانانەدا دەردەکەوێت کە بە'زمانە بکەر-خراوەکان'ناسـراون (وەکـو زمـانی کوردیی) [٦٩]. ئاڕاسـتەی کۆنترۆڵکردنەکە لە لایـەن وەچــەبەستێنەرێکەوە دەبێـت، کـە لـە سەرەتـای ڕستەکـەوە دێت[٧٠]، بۆنمونە (بڕوانە (٢٣!))

١-٢٣) کاوە بەڵێنی بە فەرهاد دا *pro* بڕوات.
i j i

---

[٦٧] -Matthews, P. H. (2007:79)

[٦٨] – Trask, R. L. (1993: 63)

[٦٩] –بڕوانە : Richards, J. C .& Schmidt, R. (2002: 423) ؛ بیشڕوانە : محەمـەدی مـەحویی و ئـەوانیتر (٢٠١٠ : ٣٤ )،'زمانـە بکـەر-خراوەکـان'null-subject languages، بـەو زمانانـە دەگوترێـت، کـە دەتوانرێت بکەر دەرنـەبڕێت. بـۆ نمونـە زمـانی کوردیی و زمـانی ئیتـاڵیی لـەو جـۆرە زمانانـەن Robertak D'Alessandro (2014: 1)

[٧٠] – بڕوانـە لـە زمـانی ئینگلیزیـدا هـەردوو جۆرەکـەی چۆنـە: < John promised Marry [*PRO* to go]. <، >John persuaded Marry [*PRO* to go] <

ب) کاوه .زۆری له فەرهاد کرد *pro* بڕوات.
j j i

## ۷-٤/١) تیۆری سیتا

زمان سینتاکس و مۆرفۆلۆجیی شکاندنەوە بۆ بەجفرەکردنی هەندێك لە پەیوەندییە سیمانتیکییەکان بەکاردەهێنێت، کە لە نێوان ئارگومێنت-داواکەر/بەشە-کردار predicate و ئارگومێنت-داواکراوەکان argument لە ڕستەکاندا بەدەستیدەهێنێت. ئەو پەیوەندییە سیمانتیکییە بەجفرەکراوانە بە 'سێتا ڕۆڵ/ڕۆڵی بابەتانە' theta role ناسراون[٧١]. پەیوەست بەم ئەدگارەوە؛ بەلای (Jackendoff, R.)ەوە ڕۆڵی بابەتانە بەشێکە لە ئاستی 'دروستەی چەمکییانە' conceptual structure، نەك بەشێك بێت لە دروستەی ڕستە[٧٢]. ڕۆڵی بابەتانە؛ چەند ڕۆڵێکی گۆکەرییە/ئەرکییە، کە لە لایەن کردارەوە لە D-structure دا بە فرێزە ناوییەکان دەدرێت. ئەویش بە پێی جۆری کردارەکان دەبێت[٧٣]. کەواتە کردارەکان ڕۆڵی بابەتانە دەبەخشن و فرێزە ناوییەکان/ئارگومینتەکان وەرگری ڕۆڵە بابەتانەکانن[٧٤]. گرنگترین ڕۆڵی بابەتانە ئەمانەن[٧٥]:

١- <کارایی، کارا> agentive: ئەو فرێزە ناوییەی کە هەڵسوڕێنەری/ئەنجامدەری کردارەکەیە.
٢- <کارتێکراویی، کارتێکراو> patient و <باسلێکراو> theme: ئەو فرێزە ناوییەی کە کاریگەریی کردارەکە دەکەوێتەسەری یان کاری تێدەکات.
٣- <ئامێریی، ئامێر> instrument: ئامێرێکە، یان چشتێکە لەلایەن <کارا>وە بۆ ئەنجامدانی/هەڵسوڕاندنی کردارێك بەکاردەهێنرێت.

---

[٧١] – Katamba, F.(2006: 268)
[٧٢] – بڕوانە : Jackendoff, R.(1990: 46)
[٧٣] – Cruse, A.(2006: 68) ؛ بیشڕوانە : Davis, A.(2004: 43-44)
[٧٤] - وەرگرتنی ڕۆڵی بابەتانە بە جێکەوتەوە پەیوەستە، هەر جێکەوتەیەك ڕۆڵی بابەتانە وەربگرێت (بکەر، بەرکار)، پێیدەگوترێت 'جێکەوتەی ئارگومێنت' A-position، هەمبەر بەوەیش 'جێکەوتەی نا-ئارگومێنت' A¯-position - بەو جێکەوتانە دەگوترێت، کە جێکەوتەی ئارگومێنت-داواکراو نین (بۆ نمونە جێکەوتەی فرێزی سەرپشکیی)، بڕوانە : Liliane, H. (1994: 663)
[٧٥] - بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو (٤٩-٥٠)، Yule, G.(2006:102-103)، Todd, L. (1987: 103)

٤- <تاقییکەرەوەیی، تاقییکەرەوە> experiencer: کاریگەریی کردارێك دەکەوێتە سەر کەسێك، یان چشتێك.

٥- <شوێنیی، شوێن> locative: ئەو شوێنەیە کە کردارەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت.

٦- <سەرچاوەیی، سەرچاوە> source و <ئامانجیی، ئامانج> goal: خاڵی دەستپێکردنی جوڵاندنی کەسێك، یان چشتێك بە <سەرچاوەیی، سەرچاوە> دەناسرێت، بەڵام خاڵی کۆتایی جوڵاندنەکە بە <ئامانجیی، ئامانج> دەناسرێت.

٧- <سوودمەندیی، سوودمەند> benefactive: ئەو کەسەی/چشتەی، کە لە بەئەنجامگەیاندنی کردارەکەدا سوودمەند دەبێت.

بۆنمونەی هەندێك لە ڕۆڵی بابەتانە (بڕوانە (٢٤!)):

٢٤-ا) نووسەرەکە ڕۆمانە نوێیەکەی بە خوێنەرەکە دا.

<کارا> <باسلێکراو> <سوودمەند>

ب) ئـــاوەکـــە بە ئاگرەکە گەرمکرا.

<تاقیکەرەوە>

پ) دایکەکە منداڵەکەی بۆ باخچەی ساوایان نارد .

<ئامانج>

ت) فەرهاد بەکلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.

<ئامێر>

هەر ڕۆڵێکی بابەتانە تەنها بە یەك ئارگومێنت دەدرێت، هەر ئارگومێنتێکیش تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرێت. بەم ڕۆڵ بەخشین و وەرگرتنە دەگوترێت 'پێوەری/مەرجی بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە'[٧٦]، ئەگەر بەو جۆرە نەبێت ڕستەیەکی ناڕێزمانیی دروستدەبێت. بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە بە NP-بکەر و NP-بەرکار، لەیەککاتدا ئەنجام نادرێت، چونکە ئارگومێنت-داواکراوی (بکەر) جیاوازە لە ئارگومێنت-داواکراوی (بەرکار). بۆیە دیاریکردنی ڕۆڵێکی بابەتانە بۆ بەرکار کاریگەریی

[٧٦] – Cook, V. J. , Newson, M. (2007: 85)

دەبێت لە دیاریکردنی ڕۆڵێکی بابەتانە بۆ بکەر، بەڵام پێچەوانەکەی دروست نییە[٧٧]. پێدانی ڕۆڵی بابەتانە بە پێی مەرجی پەیوەندیی خوشکایەتیی ئەنجامدەدرێت، ئەو توخمانەی ڕۆڵی بابەتانە دەبەخشن، دەیبەخشنە ئەوانەی لەگەڵیاندا لە پەیوەندیی خوشکایەتیدان. لەبەر ئەوەی جێکەوتەی بکەر بە ئارگومێنت-داواکراوی دەرەکیی VP دادەنرێت، جێکەوتەی بەرکاریش بە ئارگومێنت-داواکراوی ناوەکیی دادەنرێت و بە خوشکی سەر V دادەنرێت [٧٨]. بۆیە بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە بە بکەر بەشێوەی دارشتەیی compositionally دەبێت، واتە فرێزی کرداریی ڕۆڵی بابەتانە بۆ بکەر دیارییدەکان. ڕۆڵی بابەتانەی بکەر لە ڕێگەی سیمانتیکی/واتای کردار و وەچەپێکهاتەکانی دیکەی (VP)یەوە دیارییدەکرێن. یەکەمجار کردارەکە ڕۆڵێکی بابەتانە دەبەخشێتە بەرکار، چونکە لە ڕووی دروستە و سیمانتیکییەوە بەرکار نزدیکتر و داخراوترە بۆ کردار، دووهەمجار کردار و ئارگومێنت-داواکراو (بەرکار) پێکەوە بەشداردەبن لە دیاریکردن و بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە بۆ بکەر، چونکە لە ڕووی دروستە و سیمانتیکییەوە جێکەوتەی بکەر دوورترە لە کردارەوە[٧٩] (بڕوانە (٢٥!)).

٢٥- /بردنەوە/ :

أ- ______ [پێشبڕکێکەی بردەوە] .

ب- [ئەو [پێشبڕکێکەی بردەوە]] .

پ- * [دارەکە [پێشبڕکێکەی بردەوە]] .

لە (٢٥-أ)دا، کردارەکە ڕۆڵی بابەتانەی بەخشیوە بە ئارگومێنتی ناوەکیی <پێشبڕکێکە>، چونکە هەردووکیان لە پەیوەندیی خوشکایەتیدان، بەڵام ئارگومێنتی دەرەکیی لەگەڵ جێکەوتەی VP دا لە پەیوەندیی خوشکایەتیدایە، بۆیە VP ڕۆڵی بابەتانەی پێدەبەخشێت (٢٥-ب). هەر ئارگومێنتێکی دەرەکیی لە لایەن VPیەوە ڕۆڵی بابەتانەی پێنەدرابێت، ڕستەکە دەبێتە ناڕێزمانیی (٢٥-پ). دەتوانرێت ئاراستەی پێدانی ڕۆڵی بابەتانە بە هێڵکاریی درەختیی بخرێتەڕوو[٨٠] (بڕوانە (١-١١)).

---

[٧٧] - Haegeman, L. (1994: 71)

[٧٨] - Cook, V. J. & Newson, M. (2007: 83)

[٧٩] - سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە، Haegeman, L. (1994: 71-72)

[٨٠] - بڕوانە: Cook, V. J. & Newson, M. (2007: 83)

(١-١١) هێڵكاریی درەختیی بۆ دروستەی (٢٥- ١)




هەموو كردارێك هەڵگری چەند ڕۆڵێكی بابەتانەیە، كە بە 'تۆڕی بابەتانە' theta grid ناسراوە. ئاخێوەرانی زمانەكە زانیارییان لە سەری هەیە و دەیزانن، واتە دەزانن، كە كردارێك داواكەری چەند ئارگومێنتە، چونكە كردارەكان هەڵگری دەروازە فەرهەنگییەكانی تایبەت بە خۆیانن[٨١] (بڕوانە(٢٦!)).

٢٦- / پێدان/ : <كارا، باسلێكراو، سوودمەند>

---

[٨١]– Saeed, J. I. (2009 :160)

# بەشی دووهەم

# جۆرەکانی کرداری فەرهەنگیی لە ڕووی دروستە و بەبڕشتییەوە

## ٢) جۆرەکانی کرداری فەرهەنگیی لە ڕووی دروستە و بەبڕشتییەوە

### ١/٢) کرداری فەرهەنگیی

'کرداری فەرهەنگیی' Lexical Verb کەتیگۆرییەکە/پۆلەڕەگەزێکە لە پۆلی وشە-کراوەکان، کە فۆڕمی بنەڕەتیی کردارەکانی دیکەیە (کرداری کاتوکەسدار، کرداری یاریدەدەر، مۆداڤێرب،..)، واتە لە فەرهەنگدا سەرچاوەی چەشنەکانی دیکەی کردارە. زۆربەی کردارەکانی زمان لە چەشنی کرداری فەرهەنگیین[١]. لە فەرهەنگەکانی تایبەت بە زانستی زمان؛ کرداری فەرهەنگیی بە کرداری تەواو Full Verb و کرداری سەرەکیی Main Verb دانراون[٢]. پەیوەست بە زمانی کوردییەوە؛ ناوی کرداریی (بۆ نمونە /خواردن، هەڵگرتن، مەلەکردن،../) بە کرداری فەرهەنگیی دادەنرێت[٣].
کرداری فەرهەنگیی لە ڕووی دروستەوە بۆ چوار جۆر دابەشدەکرێت :

### ١-١/٢) دروستەی کرداری فەرهەنگیی – بنجیی

بۆ دروستەی کرداری فەرهەنگیی بنجیی؛ قەدی کرداری تافی ڕابوردوو (ڕەگ + تاف ) بە بناغەی دروستکردنی کرداری فەرهەنگیی بنجیی دادەنرێت، کە دواتر لە ڕێگەی پاشگری/-ن/ەوە، کە بەپاشگری کردن بەناو[٤]، یان بە مۆرفێمی لە کردارخستن دادەنرێت، دەکرێت بە ناوی کرداریی verbal noun. (ا) هەموو زانیارییە فەرهەنگییەکان لە دەروازە فەرهەنگییەکانی ناوە کرداریيەکەدا هەڵدەگیرێن (ب) لە فەرهەنگدا کەسی پێوەنەلکاوە و تافەکەی سستە و چالاك نییە[٥]. ناوە کردارییەکەی ناو فەرهەنگ دەتوانرێت بەم دوو خاڵەوە بە فۆڕمی بنجیی کرداری فەرهەنگیی دابنرێت.

هەروەها تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە بۆ تۆمارکردنی کردارەکان لە فەرهەنگدا، تەنها جۆری ناوە کردارییەکان لە فەرهەنگدا دادەنرێن، بە هەردوو وەچەپێڕەوی بکەردیار و بکەرنادیارەوە. لە زمانی

---

[١] - http://grammar.about.com/od/il/g/lexicalverbterm.htm - http://www-01.sil.org/linguistics/GlossaryOfLinguisticTerms/WhatIsALexicalVerb.htm

[٢] - کرداری تەواو/ سەرەکیی، ئەو کردارەیە، کە دەتوانرێت لە ڕستەدا بە تەنها بەکاربهێنرێت /خواردن، بردن../، هەمبەر بەویش، کرداری یاریدەدەر، لە ڕستەدا ناتوانرێت بە تەنها بەکاربهێنرێت /بوون/. بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ١٦٣)، Richards, Jack C. & Schmidt, R. (2002:44)

[٣] - بڕوانە (٢/١)

[٤] - محەمەدی مەحویی (٢٠٠١ : ٢٢٧)

[٥] - محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠ :٢٨-٢٩)

کوردییدا، بۆ دروستەی فۆڕمە بنجییەکەی کرداری فەرهەنگیی، فۆڕمە ناوییەکەی (ناوی کرداریی) لە ناو فەرهەنگدا بە لێکسێمێك تۆماردەکرێت [٦]، بەبێ ئەوەی (کات و کەس و ژمارە) پێشانبدات. کاتێك لە سینتاکسدا بەکاردەهێنرێت، ئەگەر ڕابوردوو بێت کەس و ژمارە وەردەگرێت، ئەگەر ڕانەبوردوویش بێت، بە تاف و کەس دەشکێنرێتەوە و گەردانەدەکرێت. ناوی کرداریی لە زمانی کوردییدا دەبێتە کرداری فەرهەنگیی [٧].

ئەو کردارە فەرهەنگییانەی لە سینتاکسدا دەشکێنرێنەوە، بریتین لە (ا) کرداری سەرەکیی /چوون، خواردن، هەڵکەوتن،../ (ب) کرداری لاواز/ یاریدەدەر (/بوون/) (پ) کرداری /هەبوون/ ی ئێرگەتیڤیی (ت) کرداری بکەر نادیاری سەرەکیی /گیران، گێڕان، خوران/ [٨] (بڕوانە (١)).

١-ا) چووم – دەچم

ب) بووم – دەبم

پ) هەمە – دەمبێت

ت) گیرام – دەگیرێم

[٦] - محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ١٧)

[٧] - لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەو کێشەیە بدەم، کە لە سەر بوون و نەبوونی کرداری سادە لە زمانی کوردییدا هەیە. هەندێك زمانەوان (محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٢٤٠)) پێیانوایە فۆڕمی کرداری سادە لە زمانی کوردییدا نییە، بەڵگەشیان بۆ ئەوە، مۆرفێمەکانی شکاندنەوە ( تاف، کەس، ژمارە ) یە، کە لە ڕابوردوودا لە دوای ڕەگەوە دێن، پێیانوایە ئەم مۆرفێمانە کردارەکە دەکەنە هەڵگوێزراو، بەڵام ئەگەر بڕوانین لە زمانی ئینگلیزییشدا کەس و ژمارە و تاف لەگەڵ فۆڕمی کردارە فەرهەنگییەکەدا دێت (لە فەرهەنگدا لە شێوەی کرداری تافی ڕانەبوردووە- جگە لە کەسی سێهەمی تاك نەبێت، کە پێویستی بە ’s – هەیە)، بەڵام هەر بە کردارێکی بنجیی (سادە) دادەنێن، نەك بە کردارێکی هەڵگوێزراو، واتە جیاوازی لە نێوان کرداری کاتوکەسدار finite verb و کرداری فەرهەنگیی کراوە، بۆیە کرداری تافی ڕانەبوردووی لە جۆری (arrive گەیشتن، see بینین، walk ڕێکردن) بە کرداری فەرهەنگیی دانراوە. کەواتە بە جیاکردنەوەی کرداری سینتاکسیی (کرداری کاتوکەسدار) لە کرداری فەرهەنگیی، دەتوانین بڵێین، کە کرداری فەرهەنگیی بنجیی لە زمانی کوردییدا هەیە. Richard Nordquist – base form of a verb (http://grammar.about.com/od/ab/g/baseformterm.htm) (/http://www.sltinfo.com/lexical-verbs Graham Williamson): (http://www.icaltefl.com/lexical-verbs)

[٨] - محەمەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە)

کەپولا /ە/ و کلیتیکەکان، بە زۆریی لە کرداربەندییدا دێن و شکاندنەوەی کرداره سەرەکییەکانیان نییە و زۆرتر لە گەردانکردن دەچن[٩] (بڕوانە (٢!)).

٢-ا) سارد + ە، (زستان ساردە)
ب) مامۆستام – مامۆستاین، مامۆستایت – مامۆستان، مامۆستایە – مامۆستان

یاسای دروستکردنی ناوی کردایی – بنجیی لە زمانی کوردییدا، بەم شێوەیەیە:

| |
|---|
| یاسای ژمارە (١): قەدی کردار + /_ن/ ⟵ ناوی کرداریی - بنجیی |

٣-ا) /گرت/ + /_ن/ ⟵ /گرتن/
-ب) /چوو/ + /_ن/ ⟵ /چوون/

یاسای (١)، کە بۆ دروستەی ناوی کرداریی بنجییە، دەبێتە یەکێك لە بە بەرهەمترین پێواژۆکانی مۆرفۆلۆژیی لە زمانی کوردییدا [١٠]، چونکە، جگە لەوەی ناوە کردارییەکە خۆی وەکو لێکسێمێك دەچێتە ناو فەرهەنگەوە و بە لە زمانی کوردییدا کرداری فەرهەنگیی دادەنرێت، هەروەها دەبێتە سەرچاوە و بناغەیەکیش بۆ داڕشتنی زۆر چەشنی دیکەی کردار؛ وەکو دروستکردنی کرداری هەڵگوێزراو و کرداری لێکدراو و کرداری داڕێژراو (لێکدراوی هەڵگوێزراو) کرداری ئاڵۆز (مۆڕفۆسینتاکس) (بڕوانە (٤!)).

٤- /کردن/:
-ا) /کردن/ + /-ەوە/ ⟵ /کردنەوە/
-ب) /بار/ + /کردن/ ⟵ /بارکردن/
-پ) /بەسەر/ + /کردنەوە/ ⟵ /بەسەرکردنەوە/

[٩] - محەمەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە)
[١٠] - محەمەدی مەحویی (٢٠١١ :١٥٣ – ١٥٤)، نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠: ٥٢-٥٤ )

پێـــڕەوی کردارەکـــان لـــە وەچـــەپێڕەوی کـــرداری بکـــەردیار و کـــرداری بکـــەرنادیار پێکهـــاتووە و هەردووکیشیان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون بۆ نمونەکانی ناوی کرداریی – بنجیی (بڕوانە (٥!)).

٥- ا) بکەردیار

١) کەوت + /-ن/ ⟵ /کەوتن/

٢) چوو + / -ن/ ⟵ /چوون /

٣) کرد + /-ن/ ⟵ /کردن/

٤) خوارد + /-ن/ ⟵ /خواردن/

٥) خوێند + /-ن/ ⟵ /خوێندن/

-ب) بکەرنادیار

١) گیرا + /-ن/ ⟵ /گیران/

٢) ڕژا + / -ن/ ⟵ /ڕژان/

٣) خورا + /-ن/ ⟵ /خوران/

٤) خزا + /- ن/ ⟵ /خزان/

ئەگـەر لـە فەرهەنگـدا بـە دوای فـۆڕمی کردارەکانـدا بگـەڕێین، فـۆڕمی نـاوی کرداریـی لـە جـۆری نمونەکانی (٥ – ا، ب) دەبینین، چونکە ئەمانە دەبن بە فۆڕمی کـرداری فەرهـەنگیین. پێشـتر ئامـاژە بەوە درا، کە کرداری فەرهەنگیی کەس و ژمارەیان پێوەنـەلکاوە و تافەکەیشـیان چـالاك نییـە، بـەڵام کاتێـك کردارەکـە لـە فەرهەنگـەوە دەهێنرێتـە نـاو سینتاکسـەوە، تافەکـەی چـالاك دەبێـت (بڕوانـە (٦!)).

٦- /ڕۆیشتن/ : ئێمە بۆ زانکۆ ڕۆیشتین.

**له (٥)دا، کرداری فەرهەنگیی /ڕۆیشتن/ تافەکەی /-ت/ چالاك نییە، بەڵام لە سینتاکسدا بە هۆی کەسەوە /-ین/ تافەکەی چالاك کراوە.**

**لە ڕێگەی چەند پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردنەوە و بە جێبەجێکردنی یاساکانی هەڵگواستن و لەیەکدان و داڕشتن؛ دەتوانرێت چەشنەکانی دیکەی کرداری فەرهەنگیی (هەڵگوێزراو، لێکدراو،..) بەرهەمبهێنرێن.**

## ٢-١/٢) دروستەی کرداری فەرهەنگیی - هەڵگوێزراو

**کرداری فەرهەنگیی، جگە لە شێوە بنجییەکەی، لە شێوەی هەڵگوێزراویشدا لە فەرهەنگدا دەبینرێت. پێواژۆی مۆرفۆلۆژیی 'هەڵگواستن' derivation لە ڕێگەی پێواژۆی 'لاگرلکاندن affixation' ەوە، لاگرەکان (پێشگر/پاشگر، پێشگر و پاشگر) بە بناغەکانەوە دەلکێندرێن. هەرچەندە لاگرەکان واتایەکی سەربەخۆیان نییە، بەڵام دەشێت واتای کردارەکە بگۆڕن و واتایەکی نوێ بە کردارەکە بدەن [١١]. لاگرلکاندن بە سێ پێواژۆ پێکدێت : 'پێشگرلکاندن'، 'پاشگرلکاندن ' و '(ناوگرلکاندن)' [١٢]. لە ئەنجامی لکاندنی لاگرەکان بە ناوی کردارییی بنجییەوە، ناوی کردارییی هەڵگوێزراو بە فۆڕم و واتای نوێ و جیاوازەوە لە واتای فەرهەنگیی کردارە بنجییەکە بەرهەمدەهێنرێت. کردارە نوێیەکە خاوەنی دروستەی ناوەوەی خۆیەتی. لاگر هەن، کە واتای بناغەکانیان ناگۆڕن (شکاندنەوە)، هەیشیانە، کە واتاکەی دەگۆڕن (هەڵگواستن). پەیوەست بە واتای بناغەوە، واتاکانی کاتیگۆرییەکانی شکاندنەوە کەمتر گرنگن وەك لە واتاکانی هەڵگواستن[١٣]. کردارە هەڵگوێزراوەکە، کە لە ئەنجامی هەڵگواستنەوە بەرهەمدێت، دەبێتە ناوێکی کردارییی و دەچێتە فەرهەنگەوە، بەڵام لە فەرهەنگدا بە کرداری فەرهەنگیی هەڵگوێزراو دادەنرێت.**
**ناوی کردارییی هەڵگوێزراو بە پێی جۆری لاگرەکان و شوێنی پێوەلکاندنی لاگرەکان، چەند یاسایەکی دروستبوونیان هەیە [١٤]. دەتوانرێت یاساکانی دروستبوونی ناوی کردارییی هەڵگوێزراو لە (بڕوانە، یاسای ژمارە (٢))دا بخرێنەڕوو :**

---

[١١] - **بڕوانە : ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠ : ٦٨ /ب ٥) و : دلێر صادق کانبی (٢٠١٣ : ٧٠ )**

[١٢] - Matthews, P. H. (1974:124)

[١٣] - **محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ١٧٨)**

[١٤] - **بۆ جۆری لاگرەکان بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠ : ٦٨-٩١ /ب٥)، لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١ : ١٩٧ - ٢٠١ )، بیشڕوانە: نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠ : ٥٢ – ٥٤)**

| |
|---|
| یاسای ژماره (٢): پێشگر + ناوی کرداریی بنجیی ⟵ ناوی کرداریی - هەڵگوێزراو |

پێشگرەکانیش دوو جۆرن (ا) پێشکردارییەکان/پارتیکڵە کردارییەکان (ب) پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان

**ا- پێشکردارییەکان: هەڵگری واتای ئاڕاستەگەیاندنن، وەکو /هەڵ-، دا-، ڕا-، ڕۆ-/[١٥].**

٦- ا) - بکەردیار

١) /هەڵ- / + گرتن ⟵ /هەڵگرتن/

٢) /ڕا- / + گرتن ⟵ ڕاگرتن/

٣) /دا- / + گرتن ⟵ داگرتن/

٤) /ڕۆ- / + چوون ⟵ /ڕۆچوون/

-ب) بکەرنادیار

١) /هەڵ- / + گیران ⟵ /هەڵگیران/

٢) /ڕا- / + گیران ⟵ /ڕاگیران/

٣) /دا- / + گیران ⟵ /داگیران/

ناوە کردارییەکانی (٦ – ا، ب) خاوەنی دروستەی ناوەوەی خۆیانن، کە دەتوانرێت بە دروستەی درەختیی / هێڵکاریی درەختیی بخرێتەڕوو[١٦] (بڕوانە هێڵکاریی درەختیی (٢-١) بۆ نموونەکانی (٦-ا، ب)).

[١٥] - ئەم پێشگرانە نیشانەی [+ شوێن]یان تێدایە، بۆیە بە پێشگری/پارتیکڵی ئاوەڵکرداریی دادەنرێن، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٧٨)، بشڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٢٠٧)

(١-٢) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (/هەڵگرتن، داگیران/)[١٧]




کاتێك کرداری فەرهەنگیی هەڵگوێزراو لە فەرهەنگەوە دەچێتە ناو سینتاکسەوە، دەشکێنرێتەوەو گەردانەدەکرێت[١٨] (بڕوانە (٧- ا، ب!)).

٧- ا) /هەڵگرتن/: کانیی جلەکەی هەڵدەگرێت ~ هەڵیگرت

-ب) /ڕاگیران/: گومانلێکراوەکە لە بەندیخانە ڕادەگیرێت ~ ڕاگیرا Ø

**ب- پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان /پێ_، لێ_، تێ_/.**

پێشناوە فەرهەنگیی و مۆڕفۆسینتاکسییەکان، بە پێی چەند یاسایەك ناوی کرداریی هەڵگوێزراو دروستبکەن.

---

[١٦] - زاراوەی 'دروستەی درەختیی' لە Haspelmath, M. ەوە وەرگیراوە، هەروەها بیرۆکەی هێڵکارییە درەختییەکەیش بۆ هەڵگوێزراوەکان لەوەوە وەرگیراوە، بڕوانە : Haspelmath, M. & et al (2010:44-45)

[١٧] - لە هێڵکارییەکەدا /گرتن، گیران/ پەلکی تری لێنەبووەتەوە، چونکە ئەم ناوە کردارییە بۆ چەشنەکانی تر بووەتە بناغەیەك. پێشتر دروستەی ناوی کرداریی بنجیی، بە پێی یاسای ژمارە (١) خرایەڕوو، کە لە (ڕەگ + تاف + /_ن/) پێکهێنراوە، بڕوانە (٢-١/١-١)

[١٨] - بۆ جۆری کردارەکان، کە لە سینتاکسدا دەشکێنرێنەوە، یان گەردانەدەکرێن، بڕوانە (٢/١/١-١)!

**یاسای ژمارە (٣) ا: پێشگری/پێشناوی فەرهەنگیی و مۆڕفۆسینتاکسیی + ناوی کرداریی بنجیی ⟵ ناوی کرداریی - هەڵگوێزراو**

٨-ا) <u>بکەردیار</u>

١) /پێ_ / + گرتن ⟵ /پێگرتن/

٢) /تێ_ / + کردن ⟵ /تێکردن/

٣) /لێ_ / + گرتن ⟵ /لێگرتن/

٤) /لێ_/ + زانین ⟵/لێزانین/

_ب) <u>بکەرنادیار</u>

١) /پێ_ / + گیران ⟵ /پێگیران/

٢) /تێ_ / + گیران ⟵ /تێگیران/

٣) /لێ_ / + گیران ⟵ /لێگیران/

دەتوانرێت دروستەی ناوەوەی ناوە کردارییە هەڵگوێزراوەکە لە هێڵکاریی درەختیی (٢-٢)دا، بخرێتەڕوو.

(٢-٢) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (/پێگرتن، پێگیران/)



ناوی کرداریی هەڵگوێزراو وەکو فۆڕمێك لە کردارەکان دەخرێتە فەرهەنگەوە و بەکرداری فەرهەنگیی دادەنرێت. کاتێك کرداری فەرهەنگیی هەڵگوێزراو لە جۆری هەڵگواستنی (یاسای ژمار (٣) - ١) لە فەرهەنگەوە دەچێتە سینتاکسەوە، پێشناوە سەربەخۆکە/سینتاکیيەکە /بە، لە،../ دۆخی ڕێزمانیی داتیف/خستنەژێر بە NP تەواوکەرەکەی و کردارە سینتاکسییەکەیش V' دۆخی ڕێزمانیی ئەکۆزەتیف/بەرکاریی بە تەواوکەرەکەی دەدات. بەوەیش کاریگەریی پێشناوەکان لە فرێزی کردارییدا دەردەکەوێت[19] (بڕوانە (٩-١!)).

٩- ١) /پێگرتن/ : من تۆم بە تەڵە گرت ~ پێمگرتیت- Ø

-ب) / لێکردن/ : ئەوان کچەکەیان لە کوڕەکە کرد ~ لێیانکرد-Ø

-پ) /تێگرتن/ : منداڵەکە بەردەکەی لە کۆترەکە گرت ~ تێیگرت-Ø

لە (٩)دا، کاتێك کردارە فەرهەنگییەکانی /پێگرتن، لێکردن،../ لە سینتاکسدا بەکارهێنراون، فۆڕمەکەیان بووە بە کرداری کاتوکەسدار. پێشناوە سەربەخۆکان لە ڕێگەی پێدانی دۆخی داتیڤەوە/خستنەژێرەوە بە تەواوکەرەکانیانەوە <تەڵە، کوڕەکە، ستەمکارەکە، کۆترەکە> پڕۆژەی فرێزی پێشناوییان سازداوە. سەری فرێزی کرداریی لەگەڵ PP دا V'یان پێکهێناوە، کە دۆخی ڕێزمانیی ئەکۆزەتیڤی بە <تۆ، کچەکە، بەردەکە> داوە. هەمبەر بە ڕستەکان؛ لە مۆڕفۆسینتاکسدا، لە بەر ئەوەی پێشناوە فەرهەنگیی و مۆڕفۆسینتاکسیەکان ناتوانن دۆخ ببەخشن و پڕۆژەی PP سازبدەن[20]، بۆیە لە مۆڕفۆسینتاکسی (٩)دا، <تەڵە، کوڕەکە، کۆترەکە> دەرنەکەوتوونە.

چەشنێکی دیکەی کردارە فەرهەنگییەکان /پێزانین، لێکۆڵینەوە،../، کە لە دروستەکەیاندا پێشناوی فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسیی هەیە (بڕوانە (١٠!)).

١٠-ا) /پێزانین/ : ئەو بە هەواڵەکەی زانیی.

-ب) /لێکۆڵینەوە/ : ئەفسەرەکە لە بابەتەکەی کۆڵییەوە.

لە سینتاکسدا جیاوازییان لەگەڵ کردارەکانی /پێگرتن، لێکردن،../دا، هەیە. لە (١٠-ا، ب)دا، پێشناوی سەربەخۆ/سینتاکسیی /بە، لە،../ دۆخی ڕێزمانیی بە تەواوکەرەکەی /هەواڵەکە، بابەتەکە/ دەدات

---

[19] - بۆ ڕۆڵی پێشناوەکان لە دروستەی فرێزی کردارییدا، بڕوانە (٣/٢-٢-٣) و (٢/٢) و (٣/٢)!

[20] - بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ١٠-١١)

و پــڕۆژەی PP ســازدەدرێت. PP لەگــەڵ ســەری VP دا، 'V پێكــدەهێنن، بــەڵام وەكــو كــرداره فەرهەنگییەكانی /پێگرتن، لێكردن،../ تەواوكەریان نییه بۆ ئەوەی دۆخی ڕێزمانیی پێیبدەن.

| |
|---|
| یاسای ژماره (٣) ب: (پێشناوی فەرهەنگیی ومۆڕفۆسینتاكسیی لەگەڵ پاشگره ئاوەڵكردارییەكان) |
| + ناوی كرداریی بنجیی ———> ناوی كرداریی - هەلگوێزراو |

پێشناوه فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاكسییەكان لەگەڵ پاشگره ئاوەڵـكردارییەكـانی /_دا/ و /_ەوه/دا، پێشگری له جۆری / پێوه _، تێدا _، پێدا _،../ دروستدەكەن[٢١].

١١- /پێوه_ / + كردن ———> /پێوەكردن/
دروستەی ناوەوەی ناوه كردارییه هەلگوێزراوەكـەی جـۆری یاسـای (٣) -ب)، لـه ڕێگـەی دوو پێـواژۆوه هەڵدەگوێزرێت. بۆ ڕوونكردنەوەی ئەم دوو پێواژۆیه، (بڕوانه (١٢!)).

١٢- بەرگدوورەكه دەزووەكەی به دەرزییەكەوه كرد ~ پێوەیكرد Ø

به پێی ئەوەی، كه لـه مـۆدێلی سینتاكسی كوردییـدا ڕسـته بـه فرێـزی تـەواوەوه هەيـه (< مـن تـۆم گرت<) و له هەمان كاتدا، ڕستەیش به مۆرفێم هەیه (كرداری ئـاڵۆز)، كـه گـۆڕین نـه لـه جێنـاو بـۆ كلیتیـك، نــه لــه پێشــناوی ســەربەخۆ (سینتاكسـیی) بـۆ لكـاو (فەرهــەنگیی و مۆرفۆسینتاكسـیی) ڕوونادات (< من هەواڵەكەم بـه تـۆ گـوت ~ پێمگوتیـت <) [٢٢]، بۆیـه لـه (١٢)دا، پێـواژۆی یەكهـەم لـه ڕســتەكەدا، پێشــناوه سینتاكســییەكه دانــراوه، لــه مۆرفۆسینتاكسیشــدا فۆڕمــه فەرهــەنگیی و مۆرفۆسینتاكسییەكەی پێشناوەكه دانراوه و پاشـگری /-ەوه/ی پێـوه دەلكێنـدرێت (بڕوانـه(١٣!)). لـه پێـواژۆی دووهـەمی هەلگواسـتنەكەدا، پێشـگره پێكەوەلكێندراوەكـه دەلكێنـدرێت بـه ناوەكردارییـه بنجییەكەوه و ناوێكی كرداریی هەلگوێزراو دروستدەبێت (بڕوانه (١٣) و هێلكاریی درەختیی (٢-٣)).

---

[٢١] - بڕوانه: ئەوڕەحمانی حاجی مـارف (٨٣- ٨١: ٢٠٠٠)، بیشـڕوانه: ئـازاد ئـەمین فـەرەج باخـەوان (٢٠٠٣: ١٧٦-١٨٠). پاشـگرەكانی /-دا/ و /-ەوه/ بۆیــه بەپێشــناوی ئــاوەڵكرداریی دادەنــرێن، چــونكه كاتێــك بــه ئاڕگومێنتەكانــەوه دەلكێنرێن، زانیاریی تافیی، شوێنیی و ئاڕاستەكردنی كردارەكـه دەردەخـەن. بڕوانـه: محەمـەدی مـەحویی (٢٠٠١: ١٧٧-١٨٠).

[٢٢] - بڕوانه : محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٧٦-١٧٨)

١٣-١) بە - /پێ_/[23]

ب-) /پێ_/ + /_ ەوە/ ⟵ /پێوە _/[24]

(٢-٣) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی /پێوەکردن/




نەبوونی دروستە لە جۆری (١٤- ا، ب،) بۆ دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی /پێوەکردن/، ئەوە دەردەخات، کە هێڵکاریی درەختیی (٢-٣) و (١٤-پ) بۆ ناوە کردارییەکە، دروستەیەکی پەسەند و ڕێزمانیی بێت.

١٤- ا) ؟؟ [[/پێ_/] + [/_ەوە/] + [/کردن/ ]]

ب-) *[[/پێ_/] + [/_ەوەکردن/ ]]

پ-) [[/پێوە_/] + [/کردن/ ]]

لە هەبوونی کرداری فەرهەنگیی /پێوەکردن، پێوەلکاندن، پێوەنوساندن، تێوەگلان، تێوەگلاندن،../ەوە، پێشبینی ئەوەدەکرێت، کە چەندین فۆڕمی کرداری هاوشێوەی ئەوانە لە

[23] - سەبارەت بە فۆڕمی ئەو پێشناوە فەرهەنگییانەی بەرامبەر فۆڕمی پێشناوە سینتاکسییەکان دەوەستنەوە، بڕوانە : ئازاد ئەمین باخەوان (٢٠٠٣: ١٦٣)

[24] - پێشگرەکانی لە جۆری هەلگواستنی ئاڵۆز (/پێوە _، پێدا _، ../) لای هەندێك زمانەوان بە پێشگری نادە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٨١)) دانراوە، لای هەندێکی تر بە پێشگری داڕژاو - دانراوە (لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١: ١٩٨))، بەڵام لەو سەرچاوانەدا ڕوون نەکراوەتەوە چۆن لە سینتاکسدا پێشگرەکە و پاشگرەکە پێکەوە پێشگرە نادەکە/داڕژاوەکە پێکدەهێنن.

سینتاکسەوە فۆڕمەکەیان دروستببێت و بنی بە کرداری فەرهەنگیی. فۆڕمی /پێدا‌ناردن، پێداهەڵواسین،../ لەو فۆڕمانەن، کە ئەدگارەکانی کرداره فەرهەنگییەکانی /پێوەکردن، پێوەنوساندن../یان هەیە (بڕوانە (١٥!)).

١٥-١) دایکم جلە شۆراوەکانی بەتەنافەکەدا هەڵواسی ~ پێیداهەڵواسین: /پێداهەڵواسین/

-ب) شیرین نامەکەی بە ئیمەیڵدا نارد ~ پێیدانارد: /پێداناردن/

لە (١٥-١، ب)دا، پێشناوە سەربەخۆ سینتاکسییەکە /بە/ لە ڕێگەی پێدانی دۆخی داتیڤەوە/خستنەژێرەوە بە تەواوکەرەکەی /تەنافەکە، ئیمەیڵ/، پرۆژەی PP سازداوە. سەری فریزی کرداریی لەگەڵ PP دا 'Vیان پێکهێناوە، کە دۆخی ڕێزمانیی ئەکۆزەتیڤی بە /جلە شۆراوەکان، نامەکە/ داوە. هەمبەر بە ڕستەکان؛ لە مۆرفۆسینتاکسدا، لە بەر ئەوەی پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسیەکان ناتوانن دۆخ ببەخشن و پرۆژەی PP سازبدەن[25]، بۆیە لە مۆرفۆسینتاکسی (١٥)دا، تەواوکەری پێشناوەکە دەرنەکەوتووە، بەڵام پاشگرە ئاوەڵکردارییەکە /-دا/ لەمۆرفۆسینتاکس دەرکەوتووە. پاشگری سینتاکسیی /_دا/ دەلکێندرێت بە پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسیەکەوە. ناتوانرێت پاشگرەکە بلکێندرێت بە ناوی کرداریی /هەڵواسین/ەوە، ئەمجا پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکە پێوەیان بلکێنرێت، چونکە دروستەیەکی ناڕێزمانیی دروستدەکات. دەتوانرێت دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی /پێداهەڵواسین/ بە شێوەی هێڵکاریی بخرێتەڕوو (بڕوانە (٢-٤)) بۆ دروستە ناڕێزمانییەکەیش (بڕوانە (٢-٥ – ١، ب)).

(٢-٤) هێڵکاریی درەختیی دروستەی ناوی کرداریی /پێداهەڵواسین/




---

[25] - بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ١٠-١١)

(٥-٢) هێڵكاریی درەختیی دروستەی نارێزمانیی /پێداهەڵواسین/

ا)




ب)




هەمبەر بەو كردارانە، كە لە وەچەپێڕەوی بكەر دیاردان، دەشێت لە وەچەپێڕەوی بكەر نادیاریشدا فۆڕمی /پێداڕاگیران، پێوەڕاگیران،../ دروستببن (بڕوانە (١٦!) و (بیشڕوانە هێڵكاریی درەختیی (٢-٦)) .

١٦-ا) تاوانبارەكە ڕاگیراوە : /ڕاگیران/

-ب) چراكە بە بزماری دیوارەكەدا ڕاگیراوە ~ پێیداڕاگیراوە : /پێداڕاگیران/

-پ) ئەو (دوو كاژێرە) بە پێوە ڕاگیراوە ~ پێوەیڕاگیراوە: /پێوەڕاگیران/

(٦-٢) هێڵکاریی درەختیی دروستەی ناوی کرداریی بۆ /پێداڕاگیران/




نەبوونی دروستە لە جۆری (١٧- ا، ب، پ) بۆ دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی /پێداڕاگیران/، ئەوە دەردەخات، کە هێڵکاریی درەختیی (٦-٢) و (١٧-ت) بۆ ناوە کردارییەکە، دروستەیەکی پەسەند و ڕێزمانیی بێت.

١٧- ا) *[[ /پیّ_/]  +  [/_دا ڕا _/]  +  [/گیران/ ]]
ب) *[[/پیّ_/]  +  [/_داڕاگیران/ ]]
پ) *[[/پێداڕا_/]  +  [/گیران/ ]]
ت) [[[/پیّ_/]  +  [/_دا ]] + [[ڕا _/]  +  [/گیران/ ]]]

کرداره فەرهەنگییەکانی لە چەشنی /پێکهێنان، پێکهاتن، لێکدان،../، ئەگەر بە تێڕوانینی سینکرۆنیی/هەمانکاتیی لە دروستەکانیان بڕوانین، بە هەڵگوێزراو دادەنرێن[٢٦]، بەڵام بە تێڕوانینی دیاکرۆنیی/دیرۆکیی دروستەی ئەم کرداره فەرهەنگییانە'داڕێژراو (لێکدراوی هەڵگوێزراو) 'ن [٢٧] (بڕوانە (١٨!)).

١٨ -ا) ئەوان هەردوو لایان پێکهێنان/ بەیەك هێنان ~ پێکیانهێنان/بەیەکیانهێنان: /پێکهێنان/
ب) لە شەقامەکەی دەرەوەی شاردا، دوو تومبێل لە یەکیاندا ~ لێکیاندا : /لێکدان/

---

[٢٦] - بڕوانە : نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠: ٥٤) لە تەرزی ناوەکردارییە هەڵگوێزراوەکانی داناون.

[٢٧] - زاراوەی'داڕێژراو (لێکدراوی هەڵگوێزراو) ' بۆ ئەو پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەی وشەدروستکردن بەکاردەهێنین، کە لە ئەنجامی خستنەتەکیەکی 'هەڵگواستن ' و' لێکدان ' دروستدەبێت.

لە (١٨-ا)دا، دروستەی کردارەکە لە سینتاکسدا بەم جۆرەیە [[بە + یەك]+ هێنان] ، بەڵام لە فەرهەنگدا فۆڕمە فەرهەنگیی و مۆرفۆسسینتاکسییەکەی پێشناوەکە/پێ_/ دادەنرێت، بۆیە لە فەرهەنگدا دروستەی کردارە فەرهەنگییەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە (بڕوانە (١٩!)).

١٩- [[پێك_ ] + هێنان] : /پێکهێنان/

دروستە فەرهەنگییەکەی (١٩) دەرکردەی پێواژۆی فۆنۆلۆژیی کرتاندن بووە و سینکرۆن /پێکهێنان/ بووە. دەشێت لە سینتاکسیشدا بە فۆڕمە دیاکرۆنییەکەی بەکاربهێنرێت، ئەمەیش ئەوە ئاشکرادەکات، کە ناوە کردارییەکانی /پێکهێنان، پێکهاتن، لێکدان،../ و /هێنان، هەڵواسین، پێداهەڵواسین،../یش بە جیا دەهێنرێنە ناو کرداری ئاڵۆز و ڕستەوە و گۆڕینی وەك (٢٠) ڕوونادات.

٢٠-ا) /پێ_/ ≤ بە
ب) /لێ_/ ≤ لە

(٢-٧) هێلکاریی درەختیی دروستەی ناوی کرداریی /لەیەکدان، لێکدان/




لەو داتایانەی پێشترەوە ئەوەمان بۆ ڕوونبووەوە، کە پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان کاریگەرییان لە سەر دروستەی VP دەبێت. ئەو کردارە فەرهەنگییانەی، کە لە دروستەکەیاندا پێشناوی فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسیی هەیە، لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی کردارەکەوە[28]، لە سینتاکسدا پێشناوە سەربەخۆکان/سینتاکسییەکان دۆخی ڕێزمانیی داتیڤ/خستنەژێر بە

[28] - هەڵوەشاندنەوەی کردار بریتییە لە دووبارە شیکردنەوەی. محەممەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە)

تەواوکەرەکەیان دەدەن. کرداره سینتاکسییەکەیش V'، کە لە سەری VP لەگەڵ PP دا، پێکدێت، دۆخی ڕێزمانیی ئەکۆزەتیف/ بەرکاریی بە تەواوکەرەکەی دەدات.

پەیوەست بە پاشگرەکانەوە؛ دوو پاشگر /-ەوە، -اندن/ دەتوانن لەگەڵ ناوی کرداریی بنجییدا دەردەکەون و هەڵگوێزراو دروستدەکەن[29] (بڕوانە (یاسای ژمارە ٤)):

| |
|---|
| یاسای ژمارە (٤) ا: ناوی کرداریی بنجیی + پاشگر/-ەوە/ ⟵ ناوی کرداریی - هەڵگوێزراو |

٢١- <u>بکەردیار</u>

-ا) گرتن + /_ەوە/ ⟵ /گرتنەوە/

-ب) بردن + /_ەوە/ ⟵/بردنەوە/

-پ) مان + /_ەوە/ ⟵ /مانەوە/

ب) <u>بکەرنادیار</u>: کران + /_ەوە/ ⟵/کرانەوە/

هەر یەکێك لەم ناوە کرداریانە دروستەی ناوەوەی خۆیان هەیە، کە دەتوانرێت لە شێوەی هێڵکاریی درەختییدا بۆ ناوی کرداریی بکەردیار و بکەر نادیار بخرێنەڕوو (بڕوانە (٢-٨)).

[29] - هەرچەندە پاشگرەکان ناوی کرداریی هەڵگوێزراو درووستدەکەن، بەڵام پێشگرەکان زیاتر ئەو ڕۆڵە دەگێڕن چونکە ژمارەی پاشگرەکان سنووردارە لە دروستکردنی ناوی کرداریی هەڵگوێزراودا، بڕوانە : ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠ : ٦٨ /ب ٥)؛ د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بۆ بابەتی (چاوگ) ئەو پاشگرانەی نوسیوە.

(٢-٨) هێڵكاریی درەختیی بۆ دروستەی (/گرتنەوە، كرانەوە/)




پاشگری /_ەوە/، كە دەلكێندرێت بە ناوی كرداریی بنجییەوە، دەبێت بە بەشێك لە ناوە كردارییە هەلگوێزراوەكە و چەمك و واتایەكی نوێ دەبەخشێت. واتا نوێیەكە جیاوازە لەگەڵ واتای ناوە كردارییە بنجییەكە، كە لەوەوە هەلگوێزراوە[٣٠]. ناوە كردارییە هەلگوێزراوەكە دەچێتە فەرهەنگەوە و بە كرداری فەرهەنگیی هەلگوێزراو دادەنرێت، دەروازە فەرهەنگییەكانی هەلگوێزراوەكەیش جیاواز لە دەروازە فەرهەنگییەكانی كردارە بنجییەكە (بڕوانە (٢٢، ٢٣!)).

٢٢- ا) /بردن/ > /بردنەوە/

-ب) /خواردن/ > /خواردنەوە/

٢٣-ا) دایكەكە منداڵەكەی بۆ باخچەكەی برد.

---

[٣٠] -(2004: 17) Ahmad, M. F. ، ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤: ٩٨-٩٩). پاشگری /-ەوە/ فەرهەنگیی، كە بۆ چەمكی كردارە بنجییەكە دەگۆڕێت /خواردن > خواردنەوە/ جیاوازە لە پاشگری /-ەوە/ سینتاكسیی، كە بۆ واتای دووبارەكردنەوەی كردارەكە بەكاردەهێنرێت، بڕوانە /هەڵفڕینەوە/ (دووبارەكردنەوە) لە > كۆترەكان لە سەربانەكەوە بۆ ئاسمان هەڵفرینەوە<. ئەو كردارە فەرهەنگییانەی بە هۆی پاشگری /-ەوە/ی فەرهەنگییەوە دروستبوون، ناتوانرێت لە سینتاكسدا پاشگری /-ەوە/ی سینتاكسییان لەگەڵدا بەكاربهێنرێت >ئەو ماستاوەكەی خواردەوە<، >* ئەو ماستاوەكەی خواردەوە-ەوە<، بەڵام دەتوانین بڵێین >ئەو ماستاوەكەی دووبارە/جارێكی تر/دیسان خواردەوە<. هەمبەر بەوانیش، ئەو كردارە فەرهەنگییانەی لە ڕێگەی لكاندنی پاشگری /-ەوە/وە فۆڕمی كرداری فەرهەنگیی هەلگوێزراو دروستدەكرێت /خواردن/ > /خواردنەوە/، ناتوانرێت پاشگری /-ەوە/ی سینتاكسیی (دووبارەكردنەوە)یان لەگەڵیاندا بەكاربهێنرێت >ئەو كولێرەكەی خوارد<، >*ئەو كولێرەكەی خواردەوە<، بەڵام دەتوانین بڵێین >ئەو دیسان/جارێكی تر كولێرەكەی خوارد<.

-ب) تیپەکەی ئێمە یارییەکەی بردەوە.

-پ)منداڵەکە میوەکەی خوارد.

-ت) ئەو ماستاوەکەی خواردەوە.

لە (٢٢- ا، ب)دا، پاشگری /-ەوە/ بە /بردن، خواردن/ەوە لکێندراوە و فۆڕمی هەڵگوێزراوی /بردنەوە، خواردنەوە/ دروستبووە. لە (٢٣)دا دەردەکەوێت، کە واتای فۆڕمە هەڵگوێزراوەکە جیاوازە لە واتای فۆڕمە بنجییەکە. ناوی کرداریی /بردنەوە/ بۆ (سەرکەوتن) جیاوازە لەگەڵ واتای /بردن/ (بردنی کەسێك/چشتێك) (٢٣-ا، ب). /خواردنەوە/ (کە بۆ شلەمەنیی بەکاردەهێنریت) جیاوازە لە واتای /خواردن/ (کە بۆ ڕەقەمەنی بەکاردەهێنرێت) (٢٣-پ، ت).

ژمارەیەك ناوی کرداریی هەڵگوێزراو هەن، کە ناتوانرێت پاشگری /_ەوە/یان لێبکرێتەوە [٣١]، چونکە سینکرۆن بناغەکەیان واتای تەواوی لەدەستداوە، بۆیە تەنها لە شێوەی هەڵگوێزراودا دەردەکەون (بڕوانە (٢٤!)).

٢٤- /حەسانەوە / > */حەسان/، /کولانەوە/> */کولان/، /سووڕانەوە/>*/سووڕان/

| یاسای ژمارە (٤) ب: ناوی کرداریی بنجیی + پاشگر/-اندن/ ———>ناوی کرداریی - هەڵگوێزراو |
|---|

کردارە تێنەپەڕەکان بە پاشگری /_اندن/ دەکرێنە تیپەڕ. واتە کرداری تێنەپەڕ کە بەبڕشتییەکەی یەك ئارگومێنت-داواکراوە، بە لکاندنی ئەم پاشگرە، گۆڕانکاریی لە بەبڕشتیی کردارەکەدا دەکات. لە هەندێك باردا (حاڵەت) کردارە نوێیەکە بە 'کرداری هۆکاریی'ش causative verb دەناسرێت، چونکە واتای "بوونەهۆ"یش دەردەبڕێت [٣٢] (بڕوانە (٢٥!)).

---

[٣١] - ڕووناك مەحمود عەلی بۆمبا (٢٠٠١:٣٣)

[٣٢] - محەمەدی مەحویی (٢٠١٠ : ١٩٣)، 'کرداری هۆکاریی': لە ڕووی سیمانتیکییەوە واتای "بوونە هۆ" دەگەیەنێت، ئەگەر کەسێك/چشتێك ببێتە هۆکاریی ڕوودانی کردارەکە، لە کاتێکدا کردارەکە خۆی تێنەپەڕ بێت. لە زمانی ئینگلیزییدا بە ڕێگای لاگرلکاندن و وەرچەرخان/پۆلگۆڕین conversion و گۆڕینی ڤاوڵێك، هۆکاریی دروستدەبێت، بڕوانە : McCarthy, A.(1988: 54)

٢٥-ا) تێنەپەڕ > تێپەڕ : / خەوتن/ > / خەواندن/، /قرتان/ > /قرتاندن/
-ب) هەندێك ناوی كرداریی تێنەپەڕهەیە، بەرامبەریان فۆڕمی سەربەخۆی تێپەڕ هەیە، وەكو /كەوتن/ - /خستن/، /هاتن/ - /هێنان/[٣٣].
-پ) ناوی دەنگە سروشتییەكان :/قیژاندن/>/قیژە/، /زریكاندن/ > /زریكە/، /ناڵاندن/>/ناڵە/[٣٤]

ناتوانرێت پاشگری /_اندن/ بە كرداری فەرهەنگیی بكەرنادیاردا /گیران، گێڕان،../، بلكێنرێت، چونكە ئەم جۆرە كردارە فەرهەنگییانە لە فەرهەنگدا بە لێكسێمێك، لە وەچەپێڕەوی بكەرنادیاردا تۆماركراون. واتە ناكرێت خۆیان بكەرنادیار بن و پاشگری /_اندن/ ی تێپەڕاندن وەربگرن (بڕوانە (٢٦!)).

٢٦- ناوی بكەر نادیار، وەكو:/گێڕان، گیران،../ ≥ */گێڕاندن/ و */گیراندن/

چەشنێكی ناوی كرداریی هەلگوێزراو، ئەوانەن، كە لە ڕێگەی هەردوو پێواژۆی پێشگرلكاندن و پاشگرلكاندنەوە (پێكەوە) دروستبوون. لێرەدا مەبەست لە هەموو جۆرەكانی پێشگر و پاشگرە، كە بە ناوی كرداریی بنجییەوە دەلكێنرێن و دەشێت بە پێی دروستەی جیاواز لەگەڵیدا دەربكەون (بڕوانە (٢٧!)).

٢٧- /هەڵگرتنەوە، ڕاچڵەكاندن، داچڵەكاندن، لێكۆڵینەوە، لێبوونەوە، پێداچوونەوە،../

ناوی كرداریی هەلگوێزراو لە جۆری (٢٧) دروستەیەكی ناوەكیی ئاڵۆزی هەیە، چونكە لە پێكهێنانیدا دوو لاگر (پێشگر و پاشگر) بە ناوی كرداریی بنجییەوە دەلكێندرێن. دروستەیەكی لە جۆری (٢٧) و ئەوانەی هەمان دروستەیان هەیە، هەلگری دوو لێكدانەوەن interpretation، چونكە وەكو پێشتر خرایەڕوو، دروستەكەیان ئاڵۆزە و ناتوانرێت یەك لێكدانەوەیان بۆ بكرێت.

[٣٣] - محەمەدی مەحویی (٢٠١٠ : ١٩٣)، بیشڕوانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤:١٨٨)
[٣٤] -لیژنەی زمان و زانستەكانی لە كۆڕی زانیاری كورد (٢٠١١:٢٢٨)

بەپێی لێکدانەوەی یەکەم؛ پێشگرەکە پێش پاشگرەکە لکێنراوە بە بناغەکەوە، بە پێی لێکدانـەوەی دووهەم؛ پاشگرەکە پێش پێشگرەکە لکێنراوە بە بناغەکەوە.

زانایانی مۆرفۆلۆژیی سێ ڕێگەیان/تـەکنیکیان بـۆ دەرخسـتنی دروسـتەی نـاوەوەی ئـەم جۆرە وشـانە پێشـنیازکردووە. تـەکنیکی یەکەم: هێڵکاریی درەختیی؛ هەندێکیان[35] بـۆ خسـتنەڕووی لێکدانـەوەکانیان بـۆ ئـەم جـۆرە وشـانە هەڵگوێزراوانـە، دروسـتەی درەختیی/هێڵکـاریی درەختیـی بەکاردەهێنن (بڕوانە (٢-٩)).

(٢-٩) هێڵکاریی درەختیی بۆ ناوی کرداریی/هەڵگرتنەوە/




لە لێکدانەوەی (٢-٩-ا) دا، پێواژۆی هەڵگواستنی یەکەم /گرتن/+/_ەوە/یە، لە پێواژۆی هەڵگواستنی دووهەم /هەڵ_/ + /گرتنەوە/ یە، بـەڵام لـە لێکدانـەوەی (٢-٩-ب) دا، پێـواژۆی هەڵگواسـتنی یەکەم /هەڵ_/+/گرتن/ ە، لە هەڵگواستنی دووهەمدا /هەڵگرتن/+ /_ەوە/یە. تەکنیکی دووهەم: لە ڕێگەی کەوانەیشەوە bracket لێکدانەوەکان بخرێنەڕوو (بڕوانە (٢٨!)).

٢٨- ا) [هەڵ +[ گرتن + ەوە]]

-ب) [[هەڵ + گرتن] + ەوە]

[35] - لەوانە : Haspelmath, M. & et al (2010:24)

تـەکنیکی سـێهەم: هەنـدێکی دیکـە لـە زانایـانی مۆرفۆلـۆژیی[٣٦] پێیانوایـە دەتوانرێـت لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی بازنـەیی شـێوە هێلکـەیی، نزدیکیـی و داخراویـی پێشـگر و پاشـگرەکان پەیوەسـت بـە فۆڕمە بنجییەکە (ناوە کرداریە بنجییەکە) وە، دەربخرێت [٣٧]. دەتوانرێت دوو لێکدانەوەکە بۆ نـاوی کرداریی /هەلگرتنەوە/ بە شێوەی بازنەی هێلکەیی بخریتەڕوو (بڕوانە (٢٩!)).

٢٩- ا)




ب-)




لە (٢٩-ا، ب)دا، پەیوەندیی نێوان ناوی کرداریی بنجیی پەیوەست بـە لاگرەکانـەوە دەردەخـات، واتـە دوو لێکدانەوەکـە، کـە کـام پێـواژۆی هەلگواسـتن پـێش ئـەوی دیکـەیان ئەنجامـدەدرێت؟ یـان ئایـە پێشـگرەکە نزدیکترە/داخراوتـرە بـۆ نـاوە کرداریەکـە، یـان پاشـگرەکە نزدیکترە/داخراوتـرە؟ پێشگرلکاندنەکە پێشتر ڕودەدات، یان پاشگرلکاندنەکە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستی بە واتایە لەگەڵ ئەزموونکردنی شوێنی پێشگر و پاشگرەکان پەیوەسـت بـە نـاوی کرداریـی بنجییـەوە. واتـە لـە پێشـدا پێویسـتە چـەند داتایـەك سـەبارەت بـە پێشگرەکان و پاشگرەکان بخەینەڕوو، دواتر دەتوانرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بە وردیی بدرێتەوە.

---

[٣٦] - لەوانە : Lieber, R.(2010:37-38)

[٣٧] - سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە

پەیوەست بە لکاندنی پێشگر و پاشگرەوە بە بناغەوە، (Katamba, F. (2010 دوو ڕێسای خستووەتەڕوو :

ڕێسای یەکهەم: ئەگەر دوو لاگر لە یەك جۆر (پێشگر/پاشگر) بلکێندرێن بە ڕەگەوە/بناغەوە، ئەو لاگرەی کە جێکەوتەکەی نزدیکترە لە ڕەگەکەوە/بناغەکەوە، لە لاگرەکەی تر داخراوترە بۆ ڕەگەکە/بناغەکە.

ڕێسای دووهەم: مۆرفێمێکی هەڵگواستن و مۆرفێمێکی شکاندنەوە بلکێندرێن بە ڕەگەوە/بناغەوە، لە پێشدا مۆرفێمی هەڵگواستنەکە دەلکێندرێت بە ڕەگەکەوە/ بناغەکەوە (دەبێتە هەڵگوێزراو)، لە پێواژۆی دووهەمدا مۆرفێمی شکاندنەوەکە دەلکێندرێت بە ڕەگەکەوە/بناغەکەوە (هەڵگوێزراوەکە). واتە مۆرفێمی هەڵگواستن نزدیکترە و داخراوترە بۆ ڕەگەکە / بناغەکە[38].

بەلای Katamba, F. وە، جێکەوتەی لاگرەکە و جۆری لاگرەکە (هەڵگواستن، شکاندنەوە)؛ نزدیکی لە بناغەکەوە دیارییدەکات. پەیوەست بەم دوو ڕێسایەوە، دوو جۆری پێشگرەکە؛ پارتیکڵە کردارییەکان/پێشکردارییەکان /هەڵ-، دا-،../ و پێشگرە فەرهەنگییەکان (مۆرفۆسینتاکسیی) /پێ، لێ،../، جیاوازن، چونکە هەرچەندە هەردوو جۆرەکە بە لاگری هەڵگواستن دادەنرێن، بەڵام پارتیکڵە کردارییەکان/پێشکردارییەکان، جیاوازیی پێشاندەدەن لەگەڵ پێشناوە فەرهەنگییەکان لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسدا. دەتوانرێت لایەنی جیاوازیی نێوان هەردوو جۆرەکە، لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو، کە پەیوەندییان بە شوێنی هەردوو لاگرەکەوەیە [39]:

١) پارتیکڵە کردارییەکان تەنها لە مۆرفۆسینتاکسدا ڕەفتاری لەیەکجیابوونەوەیان هەیە لە بناغەکەیان (بڕوانە (٣٠-ا!))، بەڵام پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان لە مۆرفۆسینتاکس و سینتاکسیشدا لە بناغەکانیان جیادەبنەوە (بڕوانە (٣٠-ب!)).

٣٠- ا) /هەڵدان/ : من تۆپەکەم هەڵدا ~ هەڵ – م – دا

ب) /پێگوتن/: تۆ بە ئەوانت گوت ~ پێ – ت – گوتن

٢) لە دروستەی ناوی کردارییی هەڵگوێزراودا " پارتیکڵە کردارییەکان هەمیشە بە بناغەکەوە دەلکێندرێن، بەڵام پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان لە دەرەوەیان بەو بناغەیەوە لکاوە " (بڕوانە (٣١!)).

---

[38] -Katamba, F. (2010:116)

[39] - بڕوانە : محەمەدی مەحویی (٢٠٣-٢٠٧: ٢٠١٠)، بیشڕوانە: (Palmer, F. R. (1987: 217

٣١- /پێداهەڵواسین/: وێنەکێشەکە وێنەکەی بە دیوارەکەدا هەڵواسیی ~ پێیداهەڵواسیی

٣) پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان هەلومەرجی ئەوەیان هەیە لە سینتاکسدا لە بناغەکە جیابنەوە و فرێزی پێشناویی دروستبکەن، بەڵام پارتیکڵە کردارییەکان ئەو هەلومەرجەیان نییە بتوانن لە بناغەکە جیابنەوە و فرێز دروستبکەن (بڕوانە (٣٢!)).

٣٢- ا) /پێدان/ مامۆستاکە کتێبێکی بە ئاراز دا ~ پێیدا

ب) /هەڵدان/: * یاریزانەکە هەڵ تۆپەکەی دا.

٤) پارتیکڵە کردارییەکان و پێشناوەکان لە ڕووی هەڵسوکەوتی سینتاکسیی و سیمانتیکییەوە جیاوازییان هەیە، پارتیکڵە کردارییەکان لە ڕووی سیمانتیکییەوە سەر بە هەڵگواستنن . پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان هەرچەندە سەر بە هەڵگواستنن، بەڵام لە ڕووی سینتاکسیی و سیمانتیکییەوە جیاوازن، چونکە پرۆژەی PP سازدەدەن و بەبڕشتیی و دروستەی VP کردارە تێنەپەڕەکان و تێپەڕەکان دەگۆڕن (بڕوانە (٣٣!)).

٣٣-ا) /هاتن/> /لێهاتن/ : ئەوان بۆ لای ئێمە دێن > ئەو جلە جوانانە هەر لە تۆ دێت.

ب) /گوتن/ > /پێگوتن/: فەرهاد نهێنییەکەی گوت > فەرهاد نهێنییەکەی بە ئێمە گوت.

لێکدانەوەیەکی تر بۆ دروستەی ئەم جۆرە ناوە کردارییە هەڵگوێزراوانە، لێکدانەوەی سیمانتیکییە. بە پێی ئەم لێکدانەوەیە هەر ناوێکی کرداریی هەڵگوێزراو بۆ واتای جیاواز دروستبوون[٤٠]. لە زمانی کوردییشدا بۆ واتای جیاواز دروستەی جیاواز هەیە[٤١]. کەواتە هەر ناوێکی کرداریی هەڵگوێزراو، ئەگەر سەرەتا پێشگری پێوەلکێنرابێت، یان پاشگری پێوەلکێنرابێت، بە مەرجێك ڕێزماندروست بێت، بۆ چەند واتایەکی تایبەت پێکهێنراوە. ئەنجامی دەستکەوتوو بۆ ئەم چەشنەی ناوی کرداریی هەڵگوێزراو، ئەوەیە، کە دروستەی جیاواز بۆ واتای جیاواز دروستبووە و فۆڕمە فرە- مۆرفێمییەکان (وەکو ئەم چەشنە هەڵگوێزراوانە) جێکەوتەی دیاریکراو و چەسپاوی خۆیان هەیە، بۆیە هەردوو

[٤٠] - بڕوانە: Haspelmath, M. (2010:145)

[٤١] - محەمەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە)

دروستەکەی هیلکاریی درەختیی (٢-٩) بۆ دوو واتای جیاوازن. سەبارەت بە واتا جیاوازەکانی هەردوو دروستەکەی /هەلگرتنەوە/ لە خوارەوە دەخرێنەڕوو.

ئەگەر لە ناوی کرداریی /گرتنەوە/ بڕوانین، وەکو دەردەکەوێت سەرەتا پاشگرەکە لکێنراوە بە ناوی کرداریی بنجیی /گرتن/ و بۆ چەند واتایەك بەکاردەهێنرێت، لەوانە (بڕوانە ٣٤!))؛

٣٤-ا) لە ئاسمانەوە چشتێك بگریتەوە (من تۆپەکەم گرتەوە)

-ب) قوڕ/چیمەنتۆ/هەویر گرتنەوە ( وەستاکە چیمەنتۆکەی/قوڕەکەی گرتەوە)

-پ) بۆ فالگرتنەوە / دەستگرتنەوە (ئەو فالی/دەستی بۆ گرتەوە)

بەلام کاتێك پێشگرەکە /هەلّ_/ دەلکێنرێت بە ناوی کرداریی /گرتنەوە/وە، ئەوە دروستەی (٣٤) لە زمانی کوردییدا بۆ واتای (هەلگرتنەوەی منداڵی هەتیو) و واتا هاوشێوەکانی بەکاردەهێنرێت (بروانە (٣٥!))

٣٥-دایکەکە منداڵە هەتیوەکەی هەلگرتەوە ~ هەلّیگرتەوە

لە دروستەی (٣٥)دا، کە لە پێشدا پاشگرەکە لکێنراوە بە بناغەکەوە و دواتر پێشگرەگە لکێنراوە پێوەیان، دروستەیەکی دروستکردووە، کە بۆ واتای (هەلگرتنەوەی منداڵی هەتیو واتا هاوشێوەکانی) بەکاردەهێنرێت. کەواتە دروستەی ئەم چەشنەی ناوی کرداریی هەلگوێزراو بەم شێوەیەی خوارەوەیە (بڕوانە (٣٦)).

٣٦- /هەلّ_/ + /گرتنەوە/ ⟵ /هەلگرتنەوە/

یاسای ئەو ناوە کردارییە هەلگوێزراوانە، لە ژمارە (٥)دا، دەخرێتەڕوو.

| |
|---|
| یاسای ژمارە (٥): پێشگر + ناوی کرداریی هەلگوێزراو ⟵ ناوی کرداریی - هەلگوێزراو |

ناوی کرداریی /هەڵگرتن/، کە وەکو دەردەکەوێت سەرەتا پێشگرەکە /هەڵ_/ لکێنراوە بە ناوی کرداریی بنجیی /گرتن/، بۆ چەند واتایەك بەکاردەهێنرێت، لەوانە (بڕوانە (٣٧!)).

٣٧-ا) چشت هەڵگرتن ( منداڵەکە یارییەکانی هەڵگرت)
-ب) زێڕ هەڵگرتن ( بووکەکە زێڕەکانی هەڵگرت)
-پ) ئافرەت هەڵگرتن ( پیاوەکە ئافرەتەکەی هەڵگرت )

کاتێك پاشگری /_ەوە/ دەلکێنرێت بە ناوی کرداریی /هەڵگرتن/ ەوە، ئەوە دروستەی (٣٨) لە زمانی کوردییدا بۆ واتای (بەرزکردنەوە) بەکاردەهێنرێت (بڕوانە (٣٨، ٣٩!)) (بیشڕوانە (یاسای ژمارە (٦)).

٣٨-دایکەکە منداڵەکەی (لە بێشکەکەوە/زەوییەوە) هەڵگرتەوە ~ هەڵێگرتەوە
٣٩- /هەڵگرتن/ + /_ەوە/ ⟵ /هەڵگرتنەوە/

| |
|---|
| یاسای ژمارە (٦): ناوی کرداریی هەڵگوێزراو + پاشگر ⟵ ناوی کرداریی - هەڵگوێزراو |

ئەو داتایانەی ئێستا خرانەڕوو، دەریدەخەن، کە (ا) چەشنەکانی ناوی کرداریی هەڵگوێزراو بەپێی دروستە جیاوازەکانیان بۆ واتای جیاواز بەکاردەهێنرێن (ب) دروستەی ناوەوەی ئەم فۆرمە هەڵگوێزراوانە بە شێوەی هەرەمیی بەرهەمهێنراون، نەك بە شێوەی تەخت flat، واتە دروستەیەکەیان لە چەشنی (پێشگر + ناوی کرداریی بنجیی + پاشگر) نییە، بەڵکو بە پێی دروستەکەیان بە پێی یاسای (٥، ٦) بەرهەمهێنراون.

دەتوانرێت ناوی کرداریی لە جۆری /داچڵەکاندن، ڕاچڵکاندن، دامەزراندن،../ یش دروستەکەیان دیارییبکرێت. پاشگری /_اندن/ بە پاشگری (تێپەڕاندن) ناسراوە [٤٢]. واتە گۆکردنەکەی/ئەرکەکەی زیادتر سینتاکسییە، زیادتر لەوەی پاشگری لێکسێم دروستکردن بێت[٤٣]. بۆیە بە پێی ڕێسای (ب)،

[٤٢] - محەمەدی مەحویی (١٩٣: ٢٠١٠)
[٤٣] - ئەحمەد حسن فتح الله (٥٤:١٩٩٠)، بیشڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤: ٩٩)

کە لە لایەن Katamba, F. وە خراوەتەڕوو، ئەو لاگرانـەی گۆکردنی/ئـەرکی سینتاکسییان هەیـە، زیـادتر لـەوەی گـۆکردنی هەلگواسـتنی لێکسـێمێکی نـوێ بێـت، لـە پێـواژۆی هەلگواسـتنی دووهەمـدا دەلکێندرێن بە بناغەکەوە (بڕوانە (٤٠!)).

٤٠ - ا) */چڵەکان/+/_اندن/ ⟵ */چڵەکاندن/

-ب) /دا_/+*/چڵەکاندن/ ⟵ ؟؟/داچڵەکاندن/

-پ) /داچڵەکان/ + /_اندن/ ⟵ /داچڵەکاندن/ ( ئەو لە پڕ ئێمەی داچڵەکاند)

(٢-١٠) هێڵکاریی درەختیی بۆ ناوی کرداریی /داچڵەکاندن/




نمونەکانی دەریدەخەن، کە لکاندنی پاشگری /_اندن/ لە پێواژۆی هەلگواستنی دووهەمدا ڕودەدات.

ئەگەر پێشگرە/ پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان و پاشگرەکان لەگەڵ ناوی کرداریی هەلگوێزراودا دەربکەون، پێویستە بزانرێت پێشگرلکاندنەکە پێشتر ئەنجامدەدرێت، یان پاشگرلکاندنەکە، بۆیە چەند داتا و ڕێسایەك دەخرێنەڕوو، دواتر دیاریدەکرێت، کە کام پێواژۆیەیان پێشتر ئەنجامدەدرێت (بڕوانە (٤١)).

٤١- ا) توێژەرەکە لە بابەتەکەی کۆڵییەوە ~ لێیکۆڵییەوە : /لێکۆڵینەوە/

-ب) کرێکارەکان لە کارەکەیان بوونەوە ~ لێیبوونەوە : /لێبوونەوە/

لە (٤١-ا، ب)دا، پاشگری /_ەوە/ لکێندراوە بە کردارەکەوە (بناغەکەوە)، بەڵام پێشناوەکە /لە/ لە بناغە کردارییەکەوە دوورترە و فرێزێکی پێشناویی دروستکردووە >لە بابەتەکە، لە کارەکەیان<، کەواتە پێشناوەکە دوورکەوتووەتەوە/جیابووەتەوە لە بناغەکە، بەڵام لە بەرئەوەی پاشگرەکە جیانەبووەتەوە لە بناغەکە، بۆیە داخراوترە بۆ بناغەکە. هەروەها پێشناوە فەرهەنگییەکە بە پێشناوێکی مۆرفۆسینتاکسییش دادەنرێت، واتە گۆکردنی/ئەرکی مۆرفۆسینتاکسیی هەیە، بەڵام پاشگرەکە لێکسیمی دروستکردووە، بۆیە لە هەلگواستنی یەکهەمدا پاشگرەکە لکێندراوە بە بناغەکەوە، لە هەلگواستنی دووهەمدا، لە سینتاکسدا پێشگرەکە لکێندراوە بە بناغەکەوە (بڕوانە (٢-١١)).

(٢-١٢) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی ناوەکیی /لێبوونەوە/



ئەو ناوە کردارییانەی دروستەکانیان دیاریکران، کە لە ڕێگەی هەڵگواستنەوە دروستبوون، واتە لە ڕێگەی پێواژۆی/پڕۆسەی پێشگرلکاندن، پاشگرلکاندن، ناوی کرداریی هەڵگوێزراون. لە فۆڕمی هەڵگوێزراودا فەرهەنگدا دادەنرێن و تۆمارکردنە/زانیارییە فەرهەنگییەکانیان دەنوسرێن. بەم جۆرە کردارێکی فەرهەنگیی هەڵگوێزراو دروستدەبێت.

## ٣-١/٢) دروستەی کرداری فەرهەنگیی- لێکدراو

یەکێکی تر لە پێواژۆ/پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی وشە دروستکردن، پێواژۆی/پڕۆسەی 'لەیەکدان compounding'ە. لەیەکدان " خستنەتەکیەکی دوو ڕەگە (بناغەیە)، کە زۆرجار هەردووکیان مۆرفێمی سەربەخۆن "[٤٤]. لەیەکدان؛ پێواژۆی پێکهێنانی تاکە وشەیەکە (وشەیەکی لێکدراو) لە ڕێگەی یەکگرتنی دوو سەگمێنت یان زیادترەوە"[٤٥]. واتە لەیەکدان "پێکەوەبەستنی (خستنەتەکیەکی) دوو وشەیە، بۆ پێکهێنانی وشەیەکی نوێ " [٤٦]. بەمەیش دەبێتە پێواژۆیەکی بەبەرهەم لە زماندا.

لە زمانی ئینگلیزییدا وشەی لێکدراو بە سێ شێوە دەنوسرێت؛ لە شیوەی تاکە وشەیەك بەسەریەکەوە، یان لە شێوەی وشەیەکدا، کە بۆشایی هەبێت لە نێوان دوو سەگمێنتە پێکهێنەرەکەیدا، یان لە شێوەی دوو وشە، کە بە نیشانەی تاکە داشێك (-) جیاکرابنەوە [٤٧]. لە زمانی کورییشدا دەتوانرێت بە هەر سێ جۆرەکە وشەی لێکدراو بنوسرێت، بەڵام پێویستە وشەی لێکدراو لە فۆڕمی یەك وشەدا بخرێتە ناو فەرهەنگەوە، چونکە هەردوو سەگمێنتەکە پێکەوە لێکسێمێکی نوێ دروستدەکەن. ئەو لێکسێمەی لە ئەنجامی پێواژۆی لەیەکدانەوە بەرهەمدێت، پێیدەگوترێت 'لێکدراو compound' [٤٨]. دەتوانرێت دروستەی کرداری فەرهەنگیی-لێکدراو بە چەند ڕێگەیەك دیارییبکرێت. (ا) لە ڕێگەی پەیوەندیی سینتاکسیی و سیمانتیکیی نێوان سەگمێنتەپێکهێنەرەکانی (سەگمێنتی ولبەستە، بناغەی کرداریی )ەوە (ب) لە ڕێگەی پۆلی وشەکانی سەگمێنتە وابەستەکەیەوە (پ) لە ڕێگەی لەیەکجیابوونەوەی سەگمێنتە وابەستەکەی لە بناغە کردارییەکەیەوە.

---

[٤٤] Falk, J. (1978: 42)-

[٤٥] Sapir, E. (1921:64)-

[٤٦] McCarus, E. N.(1958:83)-

[٤٧] Lardiere, D. (2006:77)-

[٤٨] - Ipsen, Guido. (2010: 46)، محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٨٣)

## ١-٣-١/٢) پەیوەندیی سینتاکسیی و سیمانتیکیی لە کرداری فەرهەنگیی لێکدراودا

لە ڕووی دروستەییانەوە، دوو چەشن وشەی لێکدراو جیاکراوەنەتەوە ’ لێکدراوی بنەڕەتیی/ڕووت root/primary compound ‘ و ’لێکدراوی داڕێژەریی/کرداریی synthetic compound‘.

لە لێکدراوی بنەڕەتییدا /ڕووتدا سەگمێنتی دووهەمی لێکدراوەکە لە پۆلی وشەکانی وەکو (ناو، ئاوەڵناو،..)ە /چاوشین، سەرسوور، سەرڕەش،../ [٤٩]. بۆ لێکدانەوەی لێکدراوی کرداریی و ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان سەگمێنتە وابەستەکە [٥٠] و بناغە کردارییەکەدا هەیە، چەند ڕێسایەك بەکاردەهێنین.

ڕێسای یەکەم: لێکدراوی داڕێژەریی/کرداریی ئەو لێکدراوەیە، کە سەگمێنتی دووهەمی لێکدراوەکە قەدی کرداریی لەخۆدەگرێت. سەگمێنتەکەی یەکەمیش وەها دەردەکەوێت، کە لە پەیوەندییدا (وابەستەبوونی) بە قەدەکەوە، هەڵگری ڕۆڵێکی بابەتانەیە. واتە ئەم جۆرەی لێکدراو بەشەکردایی/ئارگومێنت-داواکەر لە خۆیدەگرێت [٥١]. ئەم جۆرە لێکدراوە بە’ لێکدراوی ناوی کرداریی/داڕێژەریی synthetic nominal compound ‘ دانراوە، چونکە ئەو سەگمێنتەی دەبێتە ’سەر‘ head (سەری واتایی) بۆ لێکدراوەکە ناوی کردارییە، سەگمێنتە وابەستەکەیش جێکەوتەی ئارگومێنت-داواکراوەکە دەگرێتەوە، کە بەبڕشتیی سەر (ئارگومێنت-داواکەر) داوایدەکات، بۆیە بە لێکدراوی کردارییش/داڕێژەرییش ناودەبرێت [٥٢]. دروستەی ناوەکیی لێکدراوی کرداریی وەکو دروستەی ناوەکیی فرێزە، چونکە پەیوەندیی نێوان سەگمێنتەکانی لێکدراوەکە لە چەشنی ’تەواوکەر- سەر‘ی هەیە. چەشنی دووهەمی لێکدراوەکە (لێکدراوی ناوی کرداریی) لەگەڵ ڕێسایەکی دیکەدا پەیدەکاڵە، کە’ڕێسای لێکدانەوەی لێکدراو‘ Principle of Compound Interpretation [PCI] ە. بە پێی ڕێساکە؛ ئەگەر دوو بناغە/قەد لە تەنیشت یەکەوە بن و

---

[٤٩] - Štekaur, P. & Lieber, R. (2005:375) ، لەم وەچە-پارەدا تەنها لە چەشنی لێکدراوی کرداریی دەکۆڵینەوە، چونکە چەشنەکەیان دیکەیان پەیوەندیی بەم لێکۆڵینەوەیەوە نییە.

[٥٠] - لە کرداری لێکدراودا، بۆ ئەو وشانەی لەگەڵ بناغە کردارییەکەدا دێن و کردارەکە پێکدەهێنن، زاراوەی ’سەگمێنتی وابەستە‘dependent segment بەکاردەهێنین.

[٥١] - Selkirk, E. (1982: 23) ، McCarthy, C. A. (2002:109)

[٥٢] - Haspelmath, M.(2010:249)

هاوبەشبن (لە دروستکردنی یەك فۆڕم و واتادا)، ئەوە بناغەی/قەدی یەکهەم ئارگومێنت-داواکراوە بۆ بناغە/قەدی دووهەم [٥٣].

ڕێسای دووهەم: ڕێسایەکی دیکە پێشنیازکراوە بۆ لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان سەگمێنتەکانی ناوی کرداریی، کە پێدەگوترێت ڕێسای 'بەستنەوەی ئارگومێنت' argument-linking. ڕێساکە بە پێواژۆی/پرۆسەی پڕکردنەوەی جێکەوتە بەتاڵەکان دانراوە، کە ئارگومێنت-داواکەر (ناوی کرداریی) داوایدەکات [٥٤]. بە پێی لێکدانەوەی ڕێساکە؛ بناغە کردارییەکە لە ناواخنی خۆیدا هەڵگری جێکەوتەیەکی بەتاڵە بۆ ئارگومێنت-داواکراوەکە، کە لە ڕەگی کردارەکەوە بۆی ماوەتەوە. کاتێك ئارگومێنت-داواکراوێك بتوانێت ئەو جێکەوتەیە پڕبکاتەوە، دەبێتە 'ئارگومێنتی ناوەکیی'. ئەگەر کردارەکە تێپەڕ بێت و ئارگومێنتە ناوەکییەکە (ناو) بێت، ئارگومێنتە ناوەکییەکە دەبێتە بەرکار/<کارتێکراو> بۆ کردارەکە. کردارەکە لە ڕستەدا دەتوانێت 'ئارگومێنتێکی دەرەکیی' وەکو بکەر/<کارا> وەربگرێت (بڕوانە (٤٢-ا!))، بەڵام ئەگەر ئارگومێنتە ناوەکییەکە (ئاوەڵناو) بێت، دەبێتە تەواوکەر بۆ بناغە کردارییەکە (بڕوانە (٤٢-ب!)). لە کرداری تێنەپەڕدا (کە بەرکار وەرناگرێت) تەنها پێویستی بە ئارگومێنتی دەرەکیی بکەر/<کارا> هەیە بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەی ئارگومێنتە-داواکراوەکە (بڕوانە (٤٢-پ!)). جگە لەو ڕۆڵە بابەتانە، ئارگومێنتە-داواکراوەکە دەتوانێت ڕۆڵی بابەتانەی <شوێنیی، کاتیی > یش ببینێت[٥٥] (بڕوانە (٤٢-ت،چ !)).

٨٤- ا) نان + خواردن ← /نانخواردن/

ب) گەرم + کردن ← /گەرمکردن/

پ) ڕۆژ+هەڵهاتن ← /ڕۆژهەڵهاتن/

ت) سەر + کەوتن ← /سەرکەوتن/

---

٥٣ - Bobaljik, J. D. (2002: 2)، بڕوانە ئەو نموونانەی خوارەوە لە زمانی ئینگلیزییدا ناوی کرداریی دەبێتە ئارگومێنت-داواکەر بۆ سەگمێنتە وابەستەکەی

- Air-cleaner , Truck- driver, Pipe- smoker, Fire – fighter

٥٤ - بڕوانە : Plag, I. (2002: 190)

٥٥ - بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە، McCarus, E. N.(1958:84)، بیشڕوانە: Rebwar. Shafie, (2011: 96-97)، لە نامەکەیدا بۆ لێکدانەوەی ئەم چەشنە لێکدراوە لە زمانی کوردییدا؛ ئەم ڕێسایەی بەکارهێناوە، بەڵام لە درێژەی بابەتەکەدا ئەوە ڕووندەکەینەوە، کە ئەم ڕێسایە (وچەند ڕێسایەکی دیکەیش) بۆ لێکدانەوەی ئەم چەشنە لێکدراوانە لێکدانەوەیەکی دروست نابێت، لێکدانەوەکانی دواتر، کە دەیخەینەڕوو ئەو ڕاستییە دەردەخەن.

-ج) درەنگ + کەوتن ——— ﹥درەنگکەوتن/

ڕێسای سێهەم: Roeper, T. & Siegel, M. (1978) بۆ دروستەی لێکدراوی کرداریی (ناوی کرداریی لێکدراو) پێشنیازی ڕێسایەکیان کردووە؛ "هەموو لێکدراوێکی کرداریی لە ڕێگەی وشەیەکی تێکئاخێنراوەوە لە جێکەوتەی خوشکی یەکهەمی کردارەکەوە پێکدێت"، ڕێساکەیش بە 'ڕێسای خوشکی یەکهەم' First Sister Principle ناسراوە[56]. ئەو وشانەی دەتوانن لە جێکەوتەی خوشکی یەکهەمی بناغە کرداریییەکەدا دەربکەون، بریتین لە (ناو، ئاوەڵناو،..)، بۆیە بەو وشانە دەگوترێت 'تەواوکەر کردار'. وشە تێکئاخێنراوەکان لە ڕستەدا جێکەوتەکە پڕدەکەنەوە و لێکدراوەکە پێکدێت. واتە لێکدراوە کرداریییەکە خۆی بەرهەمهێناوە[57]. ئەمەیش لەگەڵ ئەو گریمانەیەدا پەیکاڵە، کە ڕستە و لێکدراوەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ چێوەی وەچەپۆل- دیاریکردن[58]. "پێواژۆی/پرۆسەی لەیەکدان جیاوازە لە پێواژۆکانی دیکەی خستنەتەکیەك (هەڵگواستن و شکاندنەوە)، بەوەی لەیەکدان ئەدگاری سینتاکسیی و لێکسیکیی دەردەبڕێت. لەیەکدان بەوە لە دەربڕینی سینتاکسیی syntactic expression دەچێت، کە سەگمێنتە خراوەتەکیەکەکە لە ڕووی فۆنۆلۆژیی و سیمانتیکییەوە وشەیەکی سەربەخۆ و تەواو دەردەچێت. بەوەیش لە دەربڕینی لێکسیکیی lexical expression دەچێت، کە سەگمێنتی بەرهەمهێنراوی پێواژۆی لەیەکدانەکە، وشەیە، واتای وشەکەیش بە شێوەی یەك-وشەییە؛ نەك بەش بەش بکرێت بۆ سەگمێنتەکانی"[59]. لەمەوە ڕووندەبێتەوە، کە دروستەی لێکدراوەکان لە سینتاکسەوە بەپێی ڕێسای سەر-کۆتایی ( S. O. V) دروستدەبن (بڕوانە (٤٣!)).

٨٣- کوڕەکە داوای کچەکەی کرد.

ا) کوڕ کرد ≤ */کوڕ کردن/ (= دروستکردنی کوڕ = سەرناوەکیی)

-ب) داوای کرد < /داواکردن/ (= سەردەرەکیی ≠ دروستکردنی داوا)

-پ) کچەکە کرد ≤ */کچ کردن/ (= دروستکردنی کچ = سەرناوەکیی)

---

[56] - Roeper, T. & Siegel, M. (1978: 208)

[57] -Fabb, N. (1984:137)

[58] - سەرچاوەی پێشوو (٢٠٨-٢٠٩)

[59] - بڕوانە : Bybee, J. (1985: 107)

له (٤٣)دا، ئەو وشانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە، لەجێکەوتەی خوشکی یەکهەمی کردارەکەدا دانـراون، بـەڵام وشـەکانی <کـوڕ، کـچ> نەئاخێنراونەتـە جێکەوتەکـەوە، تـەنها <داوا> جێکەوتـەی خوشـکی یەکهـەمی پڕکردووەتـەوە و لـە جێکەوتەکـەدا تێکئـاخێنراوە و /داواکـردن/ پێکهـاتووە، چـونکە لـە مۆرفۆلۆژیی کوردییدا /کردن/ سەرناوەکیانە لەگەڵ <کچ، کوڕ>دا نایەت.[٦٠]

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو ڕێسایانەی خرانەڕوو، لـە کـرداره فەرهەنگییـە لێکدراوەکانی زمـانی کـوردیی بڕوانین، پەیوەست بە لێکدانەوەی پەیوەنـدیی نێـوان سـەگمێنتەکانی کـرداری فەرهـەنگیی لێکـدراو لە زمانی کوردییدا، سێ ئەدگاری خۆی هەیە:

(ا) دەشـێت پەیوەنـدیی نێـوان سـەگمێنتە وابەسـتەکە و بناغـە کردارییەکـەی کـرداره فەرهەنگییـە لێکدراوەکان دیاکرۆن لە سینتاکسدا پەیوەندیی ئارگومێنت-داواکـەر و ئارگومێنـت-داواکـراو بووبێـت، بەڵام سینکرۆن ئەو لێکدراوانە بـە یـەك لێکسیم دادەنـرێن و لـە فەرهەنگدا بـە شـێوەی یـەك وشـە دادەنـرێن، تۆمارکردنـە فەرهەنگییـەکانی لێکدراوەکـە پەیوەسـتە بـە کـۆی وشـەکەوە، نـەك بـۆ هـەر سەگمێنتێك بە جیا تۆمارکردنەکان بنوسرێت، بۆیە لە فەرهەنگەوە بە شێوەی یەك وشـەوە دەچـنە سینتاکسـەوە و دەشـکێنرێنەوە و گەردانـدەکرێن. ئەگـەر بـڕوانین ( بـۆ نمونـە <سـێو خـواردن>) نـەبووە بـە لێکسـیمێکی سـەربەخۆ ( ؟؟/سـێوخواردن/)[٦١]. لـەوەوە ڕووندەبێتـەوە، کـە سـەگمێنتە وابەستەکەی کرداری فەرهەنگیی-لێکدراو لە ڕستەدا جێکەوتەی ئارگومێنت-داواکراو ناگرێت، بـەڵکو سەگمێنتە وابەستەکە لەگەڵ بناغە کردارییەکەدا بە شێوەی کردارێکی لێکدراو لە ڕستەکەدا پێکەوە دەبن بە ئارگومێنت-داواکەر، کەواتە سـەگمێنتە وابەسـتەکە لـە ڕسـتەدا دۆخ وەرناگرێـت و ناتوانێـت جێکەوتەی بکەر و بەرکار بگرێت، هـەروەها هـیچ ڕۆڵێکـی بابەتانـەیش وەرناگرێـت[٦٢] (ب) سـەبارەت بەو کرداره لێکدراوانەی، کە بناغە کردارییەکەیان تێپەڕە، سەگمێنتە وابەسـتەکان لـە ڕسـتەدا وەکـو بـەرکار هەڵسـوکەوتدەکەن، واتـە وەکـو بـەرکار دەرخـەر و جێنـاوی لکـاو وەردەگـرن، بـەڵام ئـەم سەگمێنتانە ناتوانن جێکەوتەی بەرکار بگرن و ببن بـە بـەرکار[٦٣]، چـونکە (وەکـو پێشـتر گـوترا) ئـەم سـەگمێنتانە بەشـێکن لـە پێکهـاتووی کـرداره لێکدراوەکـە و لـە ڕسـتەدا لەگـەڵ بناغـە کردارییەکـەدا پێکەوە ئارگومێنت-داواکەرن، هەروەها بەشێکیان سەگمێنتە وابەسـتەکەیان نـاو نییـە، بـەڵکو وشـەی دیکەن (ئاوەڵناو، ناوی ئاوەڵکرداریی،...) ئاشکرایە ئەو وشانەیش ناتوانن گۆکردنی بەرکاریان هـەبێت

[٦٠] - محەمەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە)

[٦١] - بڕوانە: محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠: ١٢٣-١٢٥)

[٦٢] - بڕوانە (١/٤-٧)

[٦٣] - بڕوانە : بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤: ٢١٩-٢٢٠)

(بڕوانە (٤٤-ا!))  (پ) بەشێك لە کردارە لێکدراوەکان ' سەر-دەرەکیی'ن، واتە پەیوەندیی نێوان سەگمێنتەکەو بناغە کردارییەکە لە تەرزی 'تەواوکەر- سەر' نین (بڕوانە (٤٤-ب!)).

٤٤-ا) /گەرمکردن/: هیتەرەکە ژوورەکەی گەرمکرد.

-ب) /نانخواردن/: ئەوناندەخوات، یاریی ناکات.

لە (٤٤-ا)دا، کرداری فەرهەنگیی لێکدراو لە بناغەیەکی کرداریی- تێپەڕ /کردن/ لەگەڵ سەگمێنتێکی وابەستە- ئاوەڵناو /گەرم/ پێکهاتووە، هەرچەندە کردارەکە تێپەڕە، بەڵام ئاوەڵناوەکە نەیتوانیوە گۆکردنی بەرکاری هەبێت. لە ڕستەکەدا /ژوورەکە/ ئارگومێنت-داواکراوێکی ناوەکییە و گۆکردنی بەرکاری بینیوە. لە (٤٤-ب)دا، کرداری فەرهەنگیی لێکدراو /نانخواردن/ (بەسەریەکەوە بنوسرێت)، کردارێکی سەردەرەکییە، چونکە کردارەکە بە واتای >خواردنی نان (پارچە نانێك/دوو نان)< نەهاتووە، بەڵکو بە واتای >خواردنی ژەمێك خواردن<هاتووە.

دەتوانرێت پەیوەندیی نێوان سەگمێنتەکانی کرداری فەرهەنگیی لێکدراو لە زمانی کوردییدا بە پێی پۆلێنکردنی سیمانتیکیی لێکبدرێنەوە. لە پۆلێنکردنی سیمانتیکییدا دوو جۆر لێکدراو جیاکراوەنەتەوە (١) لێکدراوی جۆری endocentric 'سەر-ناوەکیی ' و (٢) لێکدراوی جۆری exocentric 'سەر-دەرەکیی '. "ئەو لێکدراوەی 'سەر' ی تێدا بێت، بە لێکدراوی سەر-ناوەکیی دادەنرێت. لێکدراوێکیش 'سەر' ی تێدا نەبێت، بە لێکدراوی سەر-دەرەکیی دادەنرێت" [٦٤]. سەری کردارە لێکدراوەکە، کە بناغە کردارییەکەیە؛ واتای گشت لێکدراوەکە دیارییدەکات، واتای لێکدراوەکە لە شێوەی واتای یەك وشەدا دەردەخات [٦٥]. لە دروستەی ئەو کردارە فەرهەنگییە لێکدراوانەی، کە سەرناوەکیین؛ 'سەر' head ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی پەیوەندیی سیمانتیکیی و سینتاکسیی نێوان سەگمێنتە پێکهێنەرەکانی لێکدراوەکەدا، چونکە لە ڕێگەی سەرەوە دەتوانرێت لێکدانەوەی سیمانتیکیی بۆ لێکدراوەکە بکرێت (بڕوانە (٤٥!)). واتای 'سەر'ی لێکدراوەکە دەبێتە ناوەندی (سەنتەری) واتای گشت لێکدراوەکە [٦٦]. لە سەرەوڕیزبوونی سەگمێنتەکانی کرداری فەرهەنگیی لێکدراودا؛ " ڕێسائاسا، سەرەوڕیزبوونی جومگەکانی (سەگمێنتەکانی) وشەی لێکدراو لە زمانی کوردییدا بە پێی 'ڕێسای سەرکۆتایی'ە"[٦٧]. پەیوەست بە

---

[٦٤] - Fabb, N. (2007: 1)

[٦٥] - Amin, W. O. (1979: 60)

[٦٦] - Akmajian, A. & et al (1997: 28)

[٦٧] - محەمەدی مەحویی (٨٤:٢٠١٠)

کرداره فەرهەنگییه لێکدراوەکانەوە، تەرزی لێکدراوی لە چەشنی (دەرخەر + دەرخراو) یان هەیە و بە 'لێکدراوی تەکیەکخراوی جومگە- نایەکسان' دادەنرێن (ا) چونکە دەرخراو خۆی وەك سەرێك بەهێزتر لە دەرخەر دەنوێنێت و (ب) یاسائاسا دەکرێن بە پارافرێز(ئاوەڵفرێز) (پ) لەم ڕووەوە لە پێواژۆی دروستبوونی 'کۆمەڵەوشە' collocation دەچن، کە بۆ فەرهەنگ دەگەڕێنەوە[68].

٤٥- ا) سەر+ تاشین ⟶ /سەرتاشین/ : < تاشینی سەر>

ب) نان + کردن ⟶ /نانکردن/ : < کردنی نان>

پ) گوێ + سمین ⟶ /گوێسمین/ : < سمینی گوێ>

ت) چاو + ڕشتن ⟶ /چاوڕشتن/ : < ڕشتنی چاو>

ئەو ناوە کرداره فەرهەنگییە لێکدراوانەی، کە سەردەرەکیین، ناتوانرێت وەکو چەشنی سەرناوەکییەکان بە ئاوەڵفرێز لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، چونکە جومگەیەکی/سەرێکی بەهێزیان تێدا نییە بۆ لێکدانەوەکە، بۆیە لەم چەشنەیاندا؛ بناغە کردارییەکە سەگمێنتە وابەستەکە جێبەجێدەکات، واتە وەکو (/نانکردن/!) نین، کە سەگمێنتە وابەستەکەی < نان> دروستدەکرێت و کاریگەریی /کردن/ ەکە دەکەوێتە سەری (بڕوانە (٤٦!)).

٤٦- ا) مەلە + کردن ⟶/مەلەکردن/ ≠ < دروستکردنی مەلە>

ب) سەر + کەوتن ⟶/سەرکەوتن/ ≠ < کەوتنی سەر>

پ) درەنگ + کەوتن ⟶/درەنگکەوتن/ ≠ < کەوتنی درەنگ>

ت) سەر + خستن ⟶ /سەرخستن/ ≠ < خستنی سەر>

ج) سوێند + خواردن ⟶ /سوێندخواردن/ ≠ < خواردنی سوێند>

ئەو داتایانەی خرانەڕوو؛ دەریدەخەن، کە کرداری فەرهەنگیی لێکدراو لە ڕووی دروستەییانەوە لە لێکدراوی داڕێژەرییە synthetic compound و لە پۆلێنکردنی سیمانتیکییشدا بۆ سەرناوەکیی و سەردەرەکیی جیادەکرێنەوە.

لە وەچەتیۆری حوکمکردندا، کردار حوکمی ئەو سەگمێنتەیە دەکات، کە ڕۆڵی بابەتانەی پێدەبەخشێت، بەڵام لە کرداری فەرهەنگیی لێکدراودا، بناغە کردارییەکە ناتوانێت دۆخی ڕێزمانیی

---

[68] - بڕوانە : محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٩٠-٩١، ٩٤-٩٥ )

و ڕۆڵی بابەتانە بە سەگمێنتە وابەستەکەی ببەخشێت، چونکە ناتوانێت حوکمی بکات (بڕوانە (٢-١٢)).

(٢-١٢) هێڵکاریی درەختیی حوکمکردن بۆ (<نان خواردن<، /نانخواردن/)




لە (٢-١٢-ا)دا، وشەی /خواردن/ حوکمی /نان/ دەکات، لە سینتاکسدا دەتوانێت دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی accuasative و ڕۆڵی واتایی <کارتێکراویی> patient پێببەخشێت، چونکە /نان/ ئارگومێنت-داواکراوە بۆ /خواردن/ (بڕوانە (٨٨!)). لە (٢-١٢-ب)دا، /خواردن/ ناتوانێت حوکمی /نان/ بکات، چونکە /نان/ ئارگومێنت-داواکراو نییە بۆ /خواردن/، بەڵکو لەگەڵ /خواردن/ کردارێکی فەرهەنگیی لێکدراو دروستدەکەن و لە سینتاکسدا لە فۆڕمی یەك وشەی لێکدراودا دەبن بە ئارگومێنت-داواکەر (بڕوانە (٤٧!)).

٤٧-ا) من نان دەخۆم، نەك کولێرە : /نان/ /خواردن/

-ب) ئەو نان بە ماستاوەوە دەخوات : /نان/ /خواردن/

٨٩-ا) ئەو گوێ لە ڕادیۆ دەگرێت و ناندەخوات : /نانخواردن/

-ب) کرێکارەکان (ئێستا) ناندەخۆن، کارناکەن : /نانخواردن/

ناوی کرداریی لیکدراو دەچێتە فەرهەنگەوە و بە زانیارییە فەرهەنگییەکانییەوە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت و دەبێتە کردارێکی فەرهەنگیی لێکدراو.

## ٢-٣-١/٢) پۆلی وشەی سەگمێنتە وابەستەکان

دروستەی ناوی کرداریی - لێکدراو بە لایەنی کەمەوە لە دوو وشە/بناغە پێکدێت ٬ دەرخەر + دەرخراو٬، یان لە دروستەی سیمانتیکییدا لە (تەواوکەر + سەر) پێکدێت. ناوی کرداریی- بنجیی بە (دەرخراو / سەر) ی لێکدراوەکە دادەنرێت، چونکە هەڵگری ڕەگی کردارەکەیە. ئەو پۆلە-وشانەی، کە لەگەڵ ناوی کرداریی-لێکدراودا وەکو سەگمێنتی وابەستە/دەرخەر بۆ بناغە کردارییەکە دەردەکەون، بریتین لە (ناو، ئاوەڵناو،..)[٦٩]. دەتوانرێت دروستەی مۆرفۆلۆژییانەی سادەترین ناوی کرداریی- لێکدراو لە یاسای ژمارە (٧)دا، بخرێتەڕوو.

| |
|---|
| یاسای ژمارە (٧): سەگمێنتی وابەستە + ناوی کرداریی بنجیی ⟵ ناوی کرداریی لێکدراو |

سەگمێنتە وابەستەکان بریتین لە (ناو، ئاوەڵناو، ناوی ئاوەڵکرداریی،..)
دەتوانرێت ناوی کرداریی -لێکدراو بە پێی سەگمێنتی وابەستەکەی کردارەکە، پۆلێنبکرێت (بڕوانە (٤٨!)).

٤٨- بکەردیار: ا) تێپەڕ :
١) ناو + ناوی کرداریی بنجیی: / ئاودان، بۆنکردن، بانگکردن، باسکردن،../.
٢) ئاوەڵناو + ناوی کرداریی- بنجیی : /چاککردن، جوانکردن، پاککردن،../.
٣) ناوی ئاوەڵکرداریی + کرداریی- بنجیی : / ژێرخستن، پێشخستن، سەرخستن،../

[٦٩] - هەندێك لە زمانەوانان (لەوانە: محەمەد مەعروف فەتاح) پێیانوایە تەنها کرداری هەڵگوێزراو دەتوانێت ببێتە بناغەی داڕشتنی کرداری لێکدراو، چونکە بە بڕوای ئەوان لە زمانی کوردییدا کرداری ( سادە/بنجیی) نییە و ئەو کردارانەی بە سادە دادەنرێن، لە بنەڕەتدا هەڵگوێزراون (بۆ ئەم بابەتە بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٤)). بەلای هەندێکی دیکەوە ئەگەر کرداری هەڵگوێزراو بچێتە ناو پێکهاتەی کرداری لێکدراوەوە، ئیتر ئەو کردارە بە کرداری ئاوێتە، دادەنرێت نەك کرداری لێکدراو، وەکو /دەستلێهەڵگرتن/. بڕوانە: لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد ( ٢٠١١ : ١٩٤ — ١٩٥)، محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠ : ٢٣٥ — ٢٥٠)، یووسف شەریف سەعید (٢٠١٣ : ٣٢ — ٣٦ )، حاتەم ولیام محەمەد (٢٠٠٠ : ٦٧ — ٦٨). لەم نامەیەدا جیاوازیی لە نێوان کرداری فەرهەنگیی بنجیی، هەڵگوێزراو لێکدراو و داڕێژراودا کراوە، بڕوانە (٢/١/١-١) ، (٢/١/١-٢)، (٢/١/١-٣) و (٢/١/١-٤)!

٤) ژماره + ناوی کرداریی- بنجیی [٧٠] : / یەکگرتن، یەکخستن،../
٥) ئەو وشانەی/مۆرفێمانەی ئەمڕۆ سەربەخۆ بەکارناهێنرێن + ناوی کرداریی- بنجیی: /هاندان، فرێدان، فێرکردن،.. /

-ب) تێنەپەڕ [٧١] :
١) ناو + ناوی کرداریی-بنجیی :/ کارکردن، مەلەکردن، یارییکردن، سوێندخواردن،../
٢) ئاوەڵناو + ناوی کرداریی-بنجیی: /سووربوون، ئازادبوون، چاکبوون، باشبوون، گەرمبوون،../
٣) ناوی ئاوەڵکرداریی + ناوی کرداریی-بنجیی:/سەرکەوتن، پێشکەوتن،../
٤) ژماره + ناوی کرداریی-بنجیی :/ یەکبوون /
٥) ئەو وشانەی/مۆرفێمانەی ئەمڕۆ سەربەخۆ بەکارناهێنرێن + ناوی کرداریی- بنجیی:/فێربوون، تووشبوون، پەککەوتن،../

٤٩- بکەرنادیار: ناو + ناوی کرداریی — بنجیی
/ نانبڕان، خۆرگیران، مانگگیران، ناوزڕان،../

ناوە کرداریيە-لێکدراوەکانی چەشنی (٤٨، ٤٩!) دەچنە فەرهەنگەوە و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن و زانیاریيە فەرهەنگییەکانیان لە دەروازە فەرهەنگییەکانیاندا دەنوسرێن، بۆیە لە زمانی کوردییدا بە کرداری فەرهەنگیی لێکدراو دادەنرێن.

## ٣-٣-١/٢) لەیەکجیابوونەوەی سەگمێنتی وابەستە

کرداری فەرهەنگیی لێکدراو، کاتێك لە سینتاکسدا بەکاردەهێنرێت، دەبێتە کردارێکی کاتوکەسدار؛ ئەگەر کردارەکە ڕابوردوو بوو؛ کەس و ژمارە وەردەگرێت، ئەگەر ڕانەبوردوو بوو؛ تاف و کەس و ژمارە وەردەگرێت. جگە لە گۆڕینی فۆڕم و چەشنی کردارە فەرهەنگییەکە لە سینتاکسدا، دەشێت لەیەکجیابوونەوەی سەگمێنتە وابەستەکەیش لە بناغە کرداریيەکە ڕووبدات، واتە لە سینتاکسدا دەشێت لەیەکجیابوونەوەی 'دەرخەر' لە 'دەرخراو' ڕووبدات. کاتێك کرداری فەرهەنگیی لە

[٧٠] - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠ : ١٠٠/ب٥ )
[٧١] - ئەم نمونانە لە: ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٨: ٧) و ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠ : ١٠٠/ب٥ )، یووسف شەریف سەعید (٢٠١٣: ٣١٩-٣٢١) دەوە وەرگیراون.

سینتاکسدا بەکاردەهێنرێت، دەشکێنرێتەوە و گەردانەکرێت و دەبێتە کردێکی کاتوکەسدار، ئەویش لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی سەگمێنتەکانی کردارەکەوە ئەنجامدەدرێت[٧٢].

هەندێك لە سەگمێنتە وابەستەکان لە بناغە کردارییەکەیان جیادەبنەوە و ڕێگە دەدەن فرێزی تر بچێتە نێوانی خۆیان و بناغە کردارییەکە،بەڵام هەندێکی دیکەیان ڕێگە نادەن هیچ فرێزیەك بڕواتە نێوانی خۆیان و بناغە کردارییەکە [٧٣]. بۆ زانینی دروستەی ئەو ڕستانەی، کە سەگمێنتە وابەستەکانیان لە سەگمێنتە کردارییەکان جیادەبنەوە، پێویستە 'دروستەی ئارگومێنت'ی کردارەکانی ناو ڕستەکە دەربخرێت، بۆ ئەوەی جۆری ئارگومێنتە-داواکراوەکان لە فرێزە سەرپشکییەکان جیابکرێنەوە. لە ڕێگەی 'کرداربەندیی predication' ەوە دەرکەوتنی ئارگومێنتە-داواکراوەکان لە دروستەی قووڵەوە بۆ دروستەی ڕووکەش ئەنجامدەدرێت. 'کرداربەندیی' '' میکانیزمی گرنگیی ڕێپێدانی دەستوورییە. . ڕێگەی دەستووریی بە بوونی هەندێك کەرەستەی سەرەتایی لە سەر ئاستەکانی فۆڕمی فۆنەتیکیی PF و فۆڕمی لۆجیکییLF دراوە، بۆیە ئەو کەرەستانە دەتوانن دەربکەون '' [٧٤]. دوو جۆر کرداربەندیی جیاکراوەتەوە : (١) کرداربەندیی بنەڕەتیی/سەرەتایی، ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان بکەر و بەشەکردار/ئارگومێنت-داواکەری کردارییی pridicate دا هەیە (بڕوانە (٥٠!)) و (٢) کرداربەندیی دووهەمیی/ناوەندیی، پەیوەندیی ' فرێزی سەرپشکیی' adjunct بە تەواوکەر لە فرێزی ناوییدا دەردەخات [٧٥]. بۆیە لێرەدا ئەو فرێزانەی زانیاریی زیادتر بۆ کردارەکە زیاددەکەن بە ' فرێزی سەرپشکیی ' دانراون [٧٦] (بڕوانە (٥١!)).

٥٠- بڕوانە پەیوەندیی نێوان > پشیلەکە< و > مشك ڕاونان< لە:>پشیلەکە مشکەکەی ڕاونا<.

---

[٧٢] - محەمەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە).

[٧٣] - محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ٩٢)

[٧٤] - محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٢٧-٢٨)

[٧٥] - Crystal, D. (1992: 311)، سەبارەت بە فرێزی سەرپشکیی، بڕوانە (٢/٤-٣)

[٧٦] - زاراوەی 'سەربار' لەم لێکۆڵینەوەیەدا (جیاواز لە لێکۆڵینەوەکانی دیکە) بەرامبەر بە 'adjunct' دانەنراوە/بەکارنەهێنراوە، بەڵکو 'سەربار' بۆ ئەو توخمە وابەستانە بەکاردەهێنین، کە لە لەگەڵ بناغە کردارییەکەی ناوی کردارییی لێکدراودا دێن و ناتوانرێت لابدرێن، وەك /سەماکردن، بازدان، ../. لە بەرامبەردا، بۆ زاراوەی 'adjunct' زاراوەی 'فرێزی سەرپشکیی' بۆ ئەو فرێزە ئاوەڵکردارئاسایانە adverbial بەکاردەهێنین، کە زانیاریی زیادتر بۆ کردارەکە زیادەکەن و دەتوانرێت لە ڕستەدا لابدرێن.

٥١- بڕوانە پەیوەندیی نێوان > نەرمین < و > بەدڵخۆشیی< لە : >نەرمین بەدڵخۆشیی بۆ ماڵ گەڕایەوە<

لە ڕێگەی میکانیزمی کرداربەندییەوە، ڕێگە بە فرێز دەدرێت لە ڕستەدا وەکو (بەشەکردار، بکەر، تەواوکەر) دەربکەوێت. پەیوەست بە ڕستەکانی (٥٢!) لە کرداربەندیی بنەڕەتییدان، چونکە هیچ فرێزێکی سەرپشکیی لە پێکهاتووی ڕستەکاندا نییە. بە پێی بەبڕشتیی کردارەکە، ئارگومێنت- داواکراوەکان لە دروستەی ڕووکەشی ڕستەکەدا دەرکەوتوون، بەڵام لە ڕستەکانی دیکەدا (بڕوانە (٥٣!))، کرداربەندییەکە ڕێگەی بە فرێزی تر داوە لە ڕستەکەدا بەشێوەی فرێزی سەرپشکیی دەربکەون.

٥٢ - ا) بکەر دیار : /نانخواردن، سەماکردن /

١) ئەو نانی خوارد.

٢) ئەکتەرەکە سەمادەکات.

-ب) بکەر نادیار : /مانگگیران/، ئەمشەو مانگگیرا.

٥٣- ا) بکەر دیار : /نانخواردن، سەماکردن/

١) ئەو نیوەڕۆ/ئێوارە نانی خوارد.

٢) ئەو نێوەڕۆ نانێکی باشی خوارد.

٣) ؟؟ئەو نیوەڕۆ نانێکی بەپەلەی خوارد.

٤) ئەو نیوەڕۆ نانێکی چەور و بەلەزەتی خوارد.

٥) ئەکتەرەکە جوان سەمادەکات.

٦) ئەکتەرەکە سەمای جوان دەکات.

٧) ئەکتەرەکە سەمایەکی زۆر جوان دەکات.

- ب) بکەر نادیار، /مانگگیران/ : ئەمشەو نیوەی / وردەوردە مانگگیرا.

لە ناوی کرداریی –لێکدراودا، هەندێك لە سەگمێنتە وابەستەکان لە بناغە کردارییەکەیان جیادەبنەوە و فرێزی دیکە دەچێتە نێوانیان. لەیەکجیابوونەوەی (ناو) وەکو بەشەپێکهێنەری ناوی

کرداریی – لێکدراو دەریدەخات، کە (ناو) لە پێکهاتووی ناوی کرداریی-لێکدراودا، دەتوانێت لە بناغە کردارییەکەی جیاببێتەوە و فرێز بڕواتە نێوان ناوەکە و بناغە کردارییەکە [77](بڕوانە (٥٤!)).

٥٤- /بڕیاردان/ :
ا) ئەو بڕیاریدا.
-ب) ئەو بڕیارێکی چاکی دا.
-پ) ئەو بڕیارێکی بەپەلەی دا.

داتاکانی پێشتر دەریدەخەن، کە لەیەکجیابوونەوەی سەگمێنتە وابەستەکە لە بناغە کردارییەکە، بەپێی چەند مەرج و ڕیسایەك ڕوودەدات :

١. کرداربەندیی بنەڕەتیی/یەکەم، پەیوەندیی نێوان بکەر و بەشەکردار دیارییدەکات، لە ڕێگەی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکییەوە ئارگومێنتە-داواکراوەکان هەڵاوێردەکرێن.
٢. کرداربەندیی دووهەم/ناوەندیی، پەیوەندیی نێوان فرێزی سەرپشکیی و تەواوکەری فرێز دیاریدەکات. کۆتوبەند و پێویستییەکانی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی بەسەر فرێزی سەرپشکیییشدا جێبەجێدەکرێت.
٣. کرداربەندیی لە ڕێگەی کۆتوبەندەکانی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکییەوە، لە ڕستەدا ڕکێف/مەودا بۆ فرێزی سەرپشکیی دیاریدەکات، بۆ ئەوەی ڕستەکە نەگۆڕێت بۆ ڕستەیەکی ناڕێزمانیی.
٤. لەو خاڵانەی سەرەوە دەگەینە ئەم دەرئەنجامە، کرداری فەرهەنگیی-لێکدراو، کە سەگمێنتەکانی لەیەکجیادەبێتەوە، لە ڕێگەی کرداربەندییەوە ئەنجامدەدرێت، ئەویش لە دوای جێبەجێکردنی کوتوبەندەکانی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکییەوە، بەڵام کاتێك سەگمێنتەکانی کرداری فەرهەنگیی-لێکدراو لەیەکجیانابنەوە/ یان ناتوانن لەیەکجیاببنەوە، ئەوە دەگەینێت، کە کرداربەندیی لە نێوان سەگمێنتە وابەستەکە و بناغە کردارییەکە ڕکێفی/مەودا بۆ فرێزی سەرپشکیی نەڕەخساندووە، چونکە کوتوبەندی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی ڕێگەی پێنادات.

بە جێبەجێکردنی مەرج و ڕێسای (٤) ئەو سەگمێنتە وابەستانە دیاریدەکرێن، کە دەتوانرێت لە بناغە کردارییەکەیان جیابکرێنەوە و ڕکێف بۆ فرێزی سەرپشکیی دابنێن. هەروەها ئەوانەیش، کە لە بناغە کردارییەکەیان جیانابنەوە و ڕکێف بۆ فرێزی سەرپشکیی ناڕەخسێندرێت لە نێوان سەگمێنتە وابەستەکە و بناغە کردارییەکە. زۆربەی ئەو کردارانەی هێزەکەیان تێنەپەڕە؛

[77] - بڕوانە : محەمەد عومەر عەول (٩٧:٢٠٠١)، بیشڕوانە: یووسف شەریف سەعید (٢٠١٣: ٥٨)

سـەگمێنتە وابەسـتەکەیان لـە ڕسـتەدا لـە بناغـە کردارییەکـەیان جیادەبێتـەوە، واتـە کردارەکـە ڕکێف/مـەودا بـۆ فرێـزی سەرپشکیی دەرەخسێنێت، بـەڵام زۆربـەی ئـەو کردارانـەی، کەهێزەکـەیان تێپەڕە؛ لە ڕستەدا، سەگمێنتە وابەستەکەیان لە بناغە کردارییەکە جیانابێتـەوە و ڕکێف/مـەودا بـۆ فرێزی سەرپشکیی نارەخسێنێت[78]. نمونەکانی خوارەوە ئەوە زیادتر ڕووندەکەنەوە.

٥٥- سەگمێنتی وابەستە (نـاو): بکەردیار

-ا) تێپەڕ : /کاولکردن، چاپکردن/

١) لافاوەکە ماڵەکەی کاولکرد.

٢) *لافاوەکە کاول ماڵەکەی کرد.

٣) لافاوەکە بەتەواویی ماڵەکەی کاولکرد.

٤) * لافاوەکە بەتەواویی ماڵەکەی کاول بەتەواویی کرد.

٥) چاپخانەکە کتێبەکەی چاپکرد.

٦) چاپخانەکە دوێنێ کتێبەکەی چاپکرد.

٧) *چاپخانەکە کتێبەکەی چاپ دوێنێ کرد.

-ب) تێنەپەڕ : /بانگدان، هاوارکردن/

١) مەلاکە بانگیدا.

٢) مەلاکە خۆش بانگیدا.

٣) مەلاکە بانگێکی خۆشی دا.

٥٦- سەگمێنتی وابەستە (نـاو) : بکەرنادیار /خۆرگیران /

١) خۆرگیرا.

٢) ئەمڕۆ بەتەواویی خۆرگیرا.

٣) ئەمڕۆ خۆر بەتەواویی/وردەوردە/لە دوای نیوەڕۆوە گیرا.

لـە (٥٥، ٥٦)دا دەردەکـەوێت، کاتێـك (نـاو) دەبێتـە سـەگمێنتی وابەسـتە لـە کـرداری فەرهـەنگیی- لێکـدراودا، ئەگـەر هێـزی کردارەکـە تێپـەڕ بێـت؛ سـەگمێنتە وابەسـتەکە لـە بناغـە کردارییەکـە جیانابێتەوە، واتە فرێز ناخرێتە نێوانیانەوە، بەڵام ئەگەر هێزەکەی تێنەپەڕ بێت، سەگمێنتەکە لە

[78] - بڕوانە : بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤: ٢٢٥-٢٢٦)

بناغە کردارییەکە جیادەبێتەوە و فرێز دەخرێتە نێوانیانەوە. لە بکەر نادیاریشدا، سەگمێنتەکە لە بناغە کردارییەکە جیادەبێتەوە.

کرداری فەرهەنگیی-لێکدراو لە جۆری /بانگدان، هاوارکردن، بازدان، قسەکردن،../، کە بناغە کردارییەکەیان تێپەڕە، بەڵام لەگەڵ سەگمێنتە وابەستەکەدا، لە ڕستەدا پێکەوە لە فۆڕمی تێنەپەڕدا دەردەکەون، بۆیە بۆ تەواوبوونی واتاکەیان پێویستیان بە بەرکاری ڕاستەوخۆ نییە[٧٩]. ئەو سەگمێنتانە لە ڕستەدا ئارگومێنت-داواکراو نین، کەواتە دۆخی ڕێزمانیی و ڕۆڵی بابەتانە وەرناگرن، لەگەڵ بناغە کردارییەکەدا (پێکەوە) دەبن بە ئارگومێنت-داواکەر، بۆیە بەو سەگمینتە وابەستانە دەگوترێت 'سەربار'. سەربار ئەو سەگمێنتە ناکردارییانەی کرداری لێکدراون، کە لە ڕستەدا جێکەوتەی ئارگومێنت ناگرن، کردارەکانیان بە زۆریی بکەریین، نەك بەرکاریی. سەربار بە بەشێکی/سەگمێنتێکی بنەڕەتیی کرداری لیکدراو دادەنرێت، بۆیە ناتوانرێت لە ڕستەدا لابرێن[٨٠]. ئەم جۆرە سەگمێنتە وابەستانە کاتێك لە ڕستەدا لەگەڵ بناغە کردارییەکەدا دێن، کردارەکە جێبەجێیاندەکات، واتە وەکو (/نانکردن/!) نین، کە سەگمێنتە وابەستەکەی < نان > دروستدەکرێت و کاریگەریی /کردن/ ەکە دەکەوێتە سەری.(بڕوانە (٥٧!)).

٥٧- / بازدان، سەماکردن/:

١) ئاسکەکە بازی دا.

٢) ئاسکەکە خێرا بازی دا.

٣) *ئاسکەکە بازی خێرا دا.

٤) * ئاسکەکە ↓ دا.

٥) ئەو سەمادەکات.

٦) ئەو جوان سەمادەکات.

٧) *ئەو سەمای جوان دەکات.

٨) ئەو سەماجوان دەکات.

٩) *ئەو ↓ دەکات.

لە (٥٧)دا، سەگمێنتە وابەستەکانی /باز، سەما/ بەرکاری ڕاستوخۆ نین، بەڵکو سەربارن. سەگمێنتەکە و بناغە کردارییەکە، کردارێکی لێکدراوی تێنەپەڕیان پێکهێناوە و لە دروستەی

---

[٧٩] - فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٨٨: ٨١)

[٨٠] - محەمەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە)، بیشڕوانە : محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (١٢٥:٢٠١٠)

ئارگومێنتی کردارەکەدا، جێکەوتەیەکی دەرەکییان هەیە (بکەر). VP کردارەکە ڕۆڵی بابەتانە بە جێکەوتە دەرەکییەکە (بکەر) دەبەخشێت. لە (٥٧- ٤، ٩)دا، /ئاسکەکە، ئەو/ لە جێکەوتەی بکەردان، بەڵام سەگمێنتە وابەستەکانی /باز، سەما/ لە ڕستەکەدا لابراوە، ڕستەکە بووەتە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی. کەواتە ئەم سەگمێنتانە لە ڕستەکەدا سەربارن.

هەندێك لەو کرداره فەرهەنگییە لێکدراوانەی، کە هێزەکەیان تێپەڕە، سەگمێنتە وابەستەکەیان لە بناغە کردارییەکە جیادەبێتەوە، جیابوونەوەکە بۆ ئەوەیە بەرکاری ڕستەکە (نەك فرێزی سەرپشکیی) بچێتە نێوانیانەوە[81]، ئەگەر فرێزی سەرپشکیی بچێتە نیوانیانەوە، دەکەوێتە دوای بەرکارەکەوە (بڕوانە (٥٨!)).

٥٨- /داواکردن، ماچکردن/

-ا) کوڕەکە کچەکەی داواکرد.

-ب) کوڕەکە داوای کچەکەی کرد.

-پ) دایکەکە منداڵەکەی ماچکرد.

-ت) دایکەکە ماچی منداڵەکەی کرد.

-ج) دایکەکە زۆر ماچی منداڵەکەی کرد.

-چ) *دایکەکە منداڵەکەی ماچی زۆر کرد.

-ح) *دایکەکە ماچی زۆر منداڵەکەی کرد.

-د) دایکەکە ماچی منداڵەکەی زۆر کرد.

٥٩- سەگمێنتی وابەستە (ئاوەڵناو) :

-ا) تێپەڕ : /گەرمکردن، جوانکردن/

١) ئاگرەکە ئاوەکەی گەرمکرد.

٢) ئاگرەکە زوو ئاوەکەی گەرمکرد.

٣) *ئاگرەکە ئاوەکەی گەرم زوو کرد.

٤) دایکەکە منداڵەکەی جوانکرد.

٥) دایکەکە لە بەردەم ئاوێنەکەدا منداڵەکەی جوانکرد.

٦) *دایکەکە منداڵەکەی جوان لە بەردەم ئاوێنەکەدا کرد.

---

[81] - بڕوانە: محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ٩٩)

ب) تێنەپەڕ: /گەورەبوون، سووربوون /

١) نەمامەکە گەورەبوو.

٢) نەمامەکە زوو گەورەبوو.

٣) *نەمامەکە گەورە زوو بوو.

٤) فەرهاد لە سەر بڕیارەکەی سووربوو.

٥) فەرهاد لەسەر بڕیارەکەی زۆر سووربوو.

٦) *فەرهاد لەسەر بڕیارەکە سوور زۆر بوو.

لە (٥٩)دا دەردەکەوێت، کاتێک (ئاوەڵناو) دەبێتە سەگمێنتی وابەستە لە کرداری فەرهەنگیی-لێکدراودا (تێپەڕ و تێنەپەڕ)، سەگمێنتە وابەستەکە لە بناغە کردارییەکە جیانابێتەوە بۆ ئەوەی فرێز بخرێتە نێوانیانەوە.

٦٠- سەگمێنتی وابەستە (ناوی ئاوەڵکرداریی) :

ا) تێپەڕ : /پێشخستن، لادان/

١) ئەو کارەکەی پێشخست.

٢) ئەو کارەکەی زوو پێشخست.

٣) *ئەو کارەکەی پێش زوو خست.

٤) (ئەمڕۆ) ئەوان پەردەکەیان (لەسەر وێنەکە) لادا.

٥) *ئەمڕۆ ئەوان پەردەکەیان لەسەر لا وێنەکە دا.

٦) * ئەمرۆ ئەوان پەردەکەیان وێنەکەیان لا لەسەر دا.

٧) ئەمڕۆ ئەوان پەردەکەیان لەسەر وێنەکە زوو لادا.

٨) * ئەمڕۆ ئەوان پەردەکەیان لەسەر وێنەکە لا زوو دا.

ب) تێنەپەڕ : /دواکەوتن، سەرکەوتن/

١) هۆنیا دواکەوت.

٢) *هۆنیا دوا لە وانەکەی کەوت.

٣) هۆنیا لە وانەکەی زۆر دواکەوت.

٤) *هۆنیا لە وانەکەی دوا زۆر کەوت.

٥) تیپەکە سەرکەوت.

٦) تیپەکە لە یارییەکەیدا سەرکەوت.

٧) *تیپەکە سەر لە یارییەکەدا کەوت.

لە (٦٠-ا، ب)دا دەردەکەوێت، لە کرداری فەرهەنگیی-لێکدراودا، کاتێك (ناوی ئاوڵکرداریی) دەبێتە سەگمێنتی وابەستە، سەگمێنتەکە لە بناغە کردارییەکە جیانابێتەوە و فرێز ناخرێتە نێوانیانەوە.

- چەشنێکی دیکە لە سەگمێنتە وابەستەکان، ئەو وشانەی/مۆڕفێمانەی ئەمڕۆ واتای سەربەخۆیان نییە /هان، واز، فڕێ،../، ئەمانە لە ڕستەدا بەتەنها بەکارناهێنرێن. هەندێکی دیکەیان هەرچەندە سەر بەم چەشنە دانراون، بەڵام هێشتا واتای سەربەخۆیان لە دەستنەداوە و لە ڕستەدا بە تەنها بەکاردەهێنرێن /پەك، فێر، قاڵ،../ (<من پەکمە، ئەو فێرە وابکات، سەرقاڵە لە کارەکەیدا، قاڵە لە کارەکەیدا،..>) (بڕوانە (٦١!))

٦١-ا) تێپەڕ : /هاندان، فڕێدان/
١) ئاکۆ ئاسۆی هاندا.
٢) ئاکۆ هانی ئاسۆی دا.
٣) ئاکۆ ئاسۆی خراپ هاندا.
٤) *ئاکۆ ئاسۆی هان خراپ دا.
٥) ئاکۆ هانی ئاسۆی خراپ دا.
٦) ماردین جلە کۆنەکانی فڕێدا.
٧) ماردین دوێنێ جلە کۆنەکانی فڕێدا.
٨) *ماردین جلە کۆنەکانی فڕێ دوێنێ دا.

-ب) تێنەپەڕ : /پەککەوتن/
١) پیرەمێردەکە پەکیکەوتووە.
٢) پیرەمێردەکە لە پارەوە پەکیکەوتووە.
٣) .*پیرەمێردەکە پەکی لە پارەکەوە کەوتووە.

لە (٦١- ا، ب)دا، لە کرداری فەرهەنگیی-لێکدراودا (تێپەڕ و تێنەپەڕ)، کاتێك ئەو وشانەی سەربەخۆ بەکارناهێنرێن دەبن بە سەگمێنتی وابەستە، سەگمێنتەکە لە بناغە کردارییەکە جیانابێتەوە بۆ ئەوەی فرێزی سەرپشکیی بچێتە نێوانیانەوە، لە هەندێك کرداری لێکدراودا، کە هێزەکەیان تێپەڕە،

بەرکاری ڕستەکە (نەك فریزی سەرپشکیی) دەچێتە نێوان سەگمێنتەکە و بناغە کردارییەکەوە (٦١-١-٢).

ناوی کرداریی لێکدراو دەچێتە فەرهەنگەوە و لە فەرهەنگدا بە یەك وشە دادەنرێت، زانیارییە فەرهەنگییەکانی لە دەروازە فەرهەنگییەکانی کردارەکەدا تۆماردەکرێت، بەوشێوەیە دەبێتە کرداری فەرهەنگیی لێکدراو.

## ٤-١/٢) دروستەی کرداری فەرهەنگیی دارێژراو (لێکدراوی هەڵگوێزراو) Derivated Compound

دەرکەوتنی لێکدراو بە لاگری هەڵگواستنەوە، بە 'دارێژراو' (لێکدراوی هەڵگوێزراو) دادەنرێت. کاتێك لاگرەکانی هەڵگواستن لەگەڵ ناوی کرداریی-لێکدراودا دەردەکەون، ناوە کردارییەکە دەبێتە ناوی کرداریی-دارێژراو. فۆڕم و واتایەکی جیاوازی هەیە لە لێکدراوەکە. هەر بەو فۆڕم و واتایەوە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت، لە دەروازەی فەرهەنگیی وشەکەدا، زانیاریی و تۆمارکردنە فەرهەنگییەکانی دەنوسرێت و بە کرداری فەرهەنگیی دارێژراو دادەنرێت "[٨٢]. ناوی کرداریی دارێژراو، جگە لە لاگرەکەی، هەمان سەگمێنتەکانی ناوی کرداریی لێکدراوی تێدایە، واتە بەهەمان شێوە بناغەیەکی کرداریی و سەگمێنتێکی وابەستەی/ناکرداریی تێدایە. لە لایەکی ترەوە بناغەیەکی هەڵگوێزراویشی تێدایە، کە بناغە کردارییەکەیە، بۆیە " 'دارێژراو' بە بەیەکداچوونی interaction هەڵگواستن لەگەڵ لێکدراو دادەنرێت " [٨٣]. هەندێك زمانەوان لە زمانی کوردییدا بە 'چاوگی ئاوێتە'یان داناوە[٨٤] (بڕوانە (٦٢!)).

٦٢-/بەسەرکردنەوە، پێلێنان، لەسەرکردنەوە، دانپێدانان، بەگژداچوونەوە، دووبارەکردنەوە، چاولێداگرتن، چاولێهەڵتەکاندن، یەکگرتنەوە، نانکردنەوە، دەستبەسەرداگرتن، لەکارترازان، ئاوەدانکردنەوە،../

---

[٨٢] - محەمەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە)

[٨٣] - O'Grady, W. & et al (1989:128)، بیشڕوانە: Bauer, L. (1983: 30) بۆ فۆڕمی دارێژراو، زاراوەی 'complex form' فۆڕمی ئاڵۆز'ی پێشنیازکردووە.

[٨٤] -بڕوانە : لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١ : ٢٣٢ )

ناوە کردارییەکانی (٦٢)، دروستەی ناوەکیی خۆیان هەیـە، کـە دروسـتـەیەکی ئـاڵۆزە و ناتوانرێـت بـە وردیی چۆنێتیی بەرهەمهێنانی دروستەکەی بکرێت، هەتا وەکو ئـەوە ڕوون نەبێتـەوە، کـە پێـواژۆی هەڵگواستنەکە و پێواژۆی لەیەکدانەکە لە چ شوێنێکدا بەیەکدەگەن و داڕێژراو پێکدەهێنن، چـونکە لــە داڕێــژراودا، لاگرەکــانی هەڵگواســتن (پێشــکردارییەکان، پاشــگرە ئاوەڵکردایــیــەکان، پێشــناوە فەرهـەنگیی و مۆرفۆسینتاکسـییەکان) و پێشـناوە سەربەخۆکان/سینتاکسـییەکان و سـەگمێنتەکانی لەیەکدان، وەچەپێکهاتەی داڕێژراون. کەواتە ئەم چەشنەی کردارە فەرهەنگییەکان چەندین تـوخمی جیاواز لە خۆیدەگرێت /دەستبەسەرداگرتن/. کرداری فەرهەنگیی داڕێژراو بە پێی پێکهاتـەکانی بـۆ دوو چەشن جیادەکرێنەوە

(ا) کردارە فەرهەنگییەکانی لە چەشنی /نانکردنەوە، سوورکردنەوە، پێداگرتن،../ (بڕوانە (٦٣!))

(ب) کردارە فەرهەنگییەکانی لە چەشنی /دەستبەسەرداگرتن، دەستلەکارکێشانەوە،../.

٦٣- /نانکردنەوە/

ا) نانەواکە نانەکەی کرد-ەوە : > دووبارە کردنی نانکردن<

ب) /نانکردنەوە/: نانەواکە نانەکەی کردەوە: > کردنەوەی نان<

لە (٦٣)ەوە، دەتوانرێت دوو دروستە بۆ /نانکردنەوە/ پێشنیازبکرێت (بڕوانە (٦٤)).

٦٤- /نانکردنەوە/:

ا) [[[نان] + [کردن]] + [ەوە]]

ب) [[نان] + [[کردن] + [ەوە]]]

بۆ لێکدانەوەی دروستەی ناوەوەی کرداری فەرهـەنگیی داڕێـژراوی لـە چەشـنی /نانکردنـەوە/ و ئـەو کـردارە فەرهەنگییانــەی دروســتەکەیان لــە ســەگمێنتێکی وابەســتە و نــاوی کردارییــی هــەڵگوێزراو پێکهـاتووە /سـووربوونەوە، پێـداگرتن، سـوورکردنەوە،../، هـەروەها بـۆ ئـەوەی بزانرێـت، کـە کـام دروسـتە لـە دروسـتەکانی (٦٤-ا، ب) بـۆ /نانکردنــەوە/ دروسـتەی پەسـەندن، پێویسـتە لێکدانــەوەی سیمانتیکیی بۆ دروستەکەیان بکرێت، بە پێی ئەم لێکدانەوەیە، دروستەی جیـاواز بـۆ واتـای جیـاواز پێکهێنـراوە [85]، پاشـگری /-ەوە/ لـە /گرتنـەوە/دا، پاشـگرێکی فەرهەنگییـە و واتـا و چـەمکێکی نـوێی

[85] - Haspelmath, M. (2010:145)

دروستکردووه، که به واتـــای >کردنەوەی نـان<ە، واتـە دروسـتەی (٦٤-ب) بـۆ کـرداری فەرهـەنگیی /نانکردنـەوە/ دروسـتەیەکی پەسـەندە، بـەڵام ئەگـەر پاشـگری /ەوە/ سینتاکسـیی بێـت، کـە لـە ڕستەکەدا واتای دووبارەکردنـەوە دەدات، ئـەوە بـۆ کـرداری فەرهـەنگیی /نـانکردن/ بـەکاردەهێنرێت (٦٤-ا)، (بڕوانە (٢-١٣!)).

(٢-١٣) هێڵکاریی درەختیی دروستەی ناوەکیی /نانکردنەوە/[٨٦]




پەیوەسـت بـە کـرداره فەرهەنگییـەکانی چەشـنی /دەستبەسـەرداگرتن، دەستلەکارکێشـانەوە، دانپێـدانان،../، پێویسـتە چـەند ڕوونکردنەوەیـەك لـە سـەر پێکهاتـەکانی زمـان لـە زمـانی کوردییـدا بخرێنەڕوو بۆ ئەوەی دیاریبکرێت چۆن ئەم کرداره فەرهەنگییانە پێکهاتوون. ئاسـتەکانی فەرهـەنگ و مۆرفۆلـۆژیی و سـینتاکس لـە زمـانی کوردییـدا ئاوێتـەی یـەکتریی بـوون و چـوونەتەناویەکەوە و کارلەیەکتریی دەکەن، بۆیە بۆ پەسنکردنی وردی ناوی کرداریی-داڕێژراو، دەبێت ئاڕاسـتەی ڕێـڕەوی کارکردنەکە لـە سینتاکسـەوە بـۆ فەرهـەنگ بچێت، چـونکە ئـەو کردارانـە، بـە دیـاردەی گەڕانـەوەی سەگمێنت و کەرەستەکان لە سینتاکسەوە بـۆ فەرهـەنگ دادەنـرێن[٨٧]. کەواتـە بـۆ دروسـتەی نـاوەکیی داڕێژراو دەتوانرێت لە ڕستەوە دروستەکەیان دیاریبکرێت (بڕوانە (٦٥!)).

---

[٨٦] - هێڵکارییـە درەختییەکـەی (ب)، کـە بـۆ دووبارەکردنەوەیـە، تـەنها بـۆ دەرخسـتنی جیـاوازیی پاشـگرە سینتاکسییەکەیە لە پاشگرە فەرهەنگییەکە، چونکە ئەو نمونەیە /نانکردن-ەوە/ کرداری فەرهەنگیی نییە، بـەڵکو واتای دووبارەکردنەوەی داوە.

[٨٧] - محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠: ١٢٢)

٦٥-ا) دوژمنانی کورد دەستیان بەسەر کوردستاندا گـــرتووە : /دەستبەسەرداگرتن/

دەست بەسەر دا گرت

-ب) ئەو لەخۆڕا بەگژ ئەوانـدا چووەوە : /بەگژداچوونەوە/

بەگژ دا چووەوە

لـە (٦٥)دا، ئـەوە ڕووندەبێتـەوە، کـە نـاوە کردارییـە دارێـژراوەکان لـە سینتاکسـەوە دروسـتدەبن و دەگەڕێنەوە بۆ فەرهەنگ. لە فەرهەنگیشدا بە کرداری فەرهەنگیی دارێژراو دادەنرێن، بـەڵام لێـرەدا تێبینیی ئەوە دەکرێت، ئەگـەر ئـەو پێشـناوە سینتاکسـییەی /لـە، بـۆ، بـە/، کـە فرێزێکـی پێشـناویی دروسـتکردووە، بگەڕێتـەوە بـۆ فەرهـەنگ و فۆڕمەکـەی نـەگۆڕێت بـۆ پێشـناوێکی فەرهـەنگیی و مۆرفۆسینتاکســیی، ئــەوە تەواوکەرەکــەی لەگەڵیــدا دەچــێتە فەرهەنگــەوە، چــونکە پێشــناوە سینتاکسییەکان دۆخ-پێدەری ڕێزمـانیین، بـەڵام پێشـناوە فەرهـەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان دۆخ-پێدەری ڕێزمانیی نین[88]. بۆیە ناوی کرداریی-دارێژراو لە جۆری /دانپێدانان، پێلێنـان، دەسـتپێکردن، چاولێداگرتن، چاولێهەڵتەکاندن،../ ناتوانێت فرێزە پێشناوییەکە لەگـەڵ خۆیـدا بباتـە فەرهەنگـەوە (بڕوانە(٦٦!)).

٦٦-ا) تاوانبارەکە دانـی بە تاوانەکەیــدا نـا: /دانپێدانان/، بەڵام */دانپێتاواندانان/

دان بە دا نا

-ب) ئەو دەستی بەکارەکەی کـرد: /دەستپێکردن/ بەڵام */دەستپێکارکردن/

لـە بـەر ئـەوەی دروسـتەی کـرداری فەرهـەنگیی دارێـژراو، زۆرتـر لـە سینتاکسـەوە دروسـتدەبێت و پێواژۆی مۆرفۆلۆژیی تێدا کەمتر بەدیدەکرێت (بڕوانە یاسای ژمارە (٨))، بۆیە ناتوانرێت بە وردیـی دروسـتەی هـەموو چەشـنەکانی کـرداری دارێـژراو دیاریبکرێـت، بـەڵام دەتوانرێـت بـۆ دوو چەشـن جیابکرێنەوە.

[88] - بۆ جۆری پێشناوە دۆخ-پێدەرەکان، بڕوانە : محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠: ٦٦،٦٤،٤٣)

١) (ناو/ئاوەڵناو/جێناوی خۆیی،..) + ناوی کرداریی هەلگوێزراو /نانکردنەوە، خۆخوراندن، سەرداگرتن، پێداگرتن، خۆنواندن، ڕەشکردنەوە، سووربوونەوە،../.

٢) /چاوپێخشاندنەوە، سەرلێتێکدان، سەرلێشێواندن، چاولێداگرتن، چاولێهەڵتەکاندن، چاوپێکەوتن، بەسەرکردنەوە، لەسەرکردنەوە، لەکارترازان، لەکارترازاندن، دانپێدانان، دەستلەکارکێشانەوە، جێبەجێکردن، دەستبەسەرداگرتن/[٨٩].

ناوی کرداری داڕێژراو دەچێتە فەرهەنگەوە و زانیارییە فەرهەنگییەکانی لە دەروازەی فەرهەنگییدا تۆماردەکرێت، بەو شێوەیە دەبێتە کرداری فەرهەنگیی داڕێژراو.

## ٢/٢) فرێزی کرداریی

کرداری فەرهەنگیی /خواردن، هەڵگرتن، بازدان،../ ناتوانێت پڕۆژەی VP سازبدات، چونکە لە پێکهاتووی کرداری فەرهەنگییدا، جگە لە ڕەگی کردارەکە؛ تاف هەیە، کە سستە و چالاك نەکراوە، بەڵام لە سینتاکسدا پڕۆژەی TP سازدەدات[٩٠]. کاتێك کردارە فەرهەنگییەکە دەچێتە سینتاکسەوە، لە دوای لابردنی /_ن/ کردن بەناوەوە، ئەگەر ڕابوردوو بێت کەس و ژمارە وەردەگرێت و تافەکەی چالاکدەکرێت، ئەگەر ڕانەبوردوویش بێت، بە تاف و کەس ژمارە دەشکێنرێتەوە و گەردانەدەکرێت. بەوەیش کرداری کاتوکەسداری زمانی کوردیی بە کرداری تەواو دادەنرێت. کەواتە کرداری فەرهەنگیی، کە سەگمێنتێکی فەرهەنگییە، لە سینتاکسدا (لە ڕێگەی شکاندنەوە، یان گەردانکردنەوە) دەبێتە سەرچاوەی VP. لە پێکهاتەی کرداری فەرهەنگییشدا، ڕەگی کردار پرۆژەسازێنەری فرێزی کردارییە، چونکە (ا) ڕەگی کردار زانیاریی سینتاکسیی و واتایی تێدایە و (ب) بەهۆی ڕەگەکانەوە کاتیگۆرییەکانی فرێزی کرداریی دیاریدەکرێت، بۆیە ڕەگی کردارەکان دەبنە سەری VP[٩١]. دیاریکردنی تەواوکەرەکانی کردار (تەواوکەری ناوەکیی) بە پێی چێوەی وەچەپۆل-دیاریکردن sub-categorization frame ئەنجامدەدرێت[٩٢].

---

[٨٩] - وەرگرتنی ئەم چەشنانە بۆ ئەوەیە بزانرێت، کە دروستەی کرداری فەرهەنگیی داڕێژراو لە VP دا چۆنە (بڕوانە (٦/٣))! نەك بۆ دیاریکردنی دروستەی هەموو فۆڕمەکانی ئەم چەشنە داڕێژراو.

[٩٠] - بڕوانە (٥/٣)

[٩١] - لە زمانی ئینگلیزییدا، لە بەر ئەوەی کرداری سەرەکیی/تەواو Main Verb پڕۆژەی VP کردارە و هەڵگری واتای فەرهەنگییە و دەبێتە سەری VP، بۆیە کرداری تەواو /arrive, see,../ بە کرداری فەرهەنگییش

٦٧- ا) /هاتن/ : V ؛ [ Ø ، ______]

-ب) [ ها]

٦٨- ا) /خواردن/ : V ؛ [ NP، ______]

-ب) [كولێرەكەی خوار]

٦٩- ا) /پێدان/ : V ؛ [ NP ،PP، ______]

-ب) [ دیارییەكەی بە ئێمە د ]

٧٠- ا) /تێكردن/ : V؛ [ NP، ______، PP ]

-ب) [ كر- ە گۆڵەكەوە ]

٧١- ا) /تێگەیشتن/ : V؛ [ PP، ______]

-ب) [ لە بابەتەكە گەیش ]

لە (٦٧-ا)دا، كە كردارەكە تێنەپەڕە بۆ پرۆژەسازدانی VP هیچ تەواوكەرێكی ناوەكیی (بەركار) وەرناگرێت (٦٧-ب)). لە (٦٨-ا)دا، بەبڕشتیی كردارە تێپەڕەكە ئارگومێنتێكی ناوەكیی وەردەگرێت (٦٨-ب)، واتە ڕەگی كردارەكە بۆ پرۆژەسازدانی VP، پێویستی بە تەواوكەرێكی ناوەكیی هەیە. چەشنێكی تر لە كردارە تێپەڕەكان؛ ئەو كردارانەن، كە بەهۆی پێشناوی فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاكسییەوە پێكدێن (٦٩-ا) /پێگوتن، لێكردنەوە، تێخستن،../. ئەو كردارانە، جگە لە تەواوكەری ڕەگی كردارەكە؛ لە ڕێگەی پێشناوە سینتاكسییەكانەوە/سەربەخۆكانەوە لە سینتاكسدا پڕۆژەی PP سازدەدەن و دۆخی داتیف/خستنەژێر بە تەواوكەرەكەیان دەدەن (٦٩-ب). لە (٧٠-ا) ڕەگی كردارەكە تەواوكەرێكی وەرگرتووە، پێشناوی /-ە/یش پڕۆژەی PP سازدەدات و دۆخی داتیف/خستنەژێر بە تەواوكەرەكەی دەبەخشێت (٧٠-ب). كردارەكانی /تێگەیشتن، لێكۆڵینەوە، لێبوونەوە، لێچوون،../، لە سینتاكسدا، پێشناوە سینتاكسییەكان پڕۆژوەی PP سازدەدەن و دۆخی ڕێزمانیی داتیف بە تەواوكەرەكەیان دەبەخشن (٧١-ا، ب)، PPیەكە دەبێتە تەواوكەری سەری VP[٩٣].

---

دادەنرێت، چونكە كردارە تەواوەكانی زمانی ئینگلیزیی هەر بە فۆڕمی خۆیانەوە لە فەرهەنگدا تۆماركراون، بەڵام لە زمانی كوردییدا كرداری فەرهەنگیی ناتوانێت پڕۆژەی VP سازبدات، بەڵكو ڕەگی كردارە فەرهەنگییەكە پڕۆژەكە سازدەدات. بڕوانە: (Denham, K. & et al (2013:221، Seely, J. (2011: 83)، عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، كاروان عومەر قادر (٢٠١١ : ٤١٩-٤٢٠، ٤٢٤)، عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٣: ٦٩،٧٥)

[٩٢] - Bas, A. (2001: 124)، بیشڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، كاروان عومەر قادر (٢٠١١ : ٤٠٠)

[٩٣] - بۆ دروستەی هێڵكاریی درەختیی كردارەكان، بڕوانە (١/٣)، (٢/٣)، (٣/٣) و (٤/٣)!

جگـە لـە تەواوكـەرەكان، دەشـێت لـە دروسـتـەی VPدا، فرێـزی سەرپـشـكیی دەربكـەون[٩٤]. فرێزەكـان (PP, AdvP,..) ئاوەڵكردارئاسا بەكاردەهێنرێن و بە فرێزی كرداریـیـەوە هەڵدەواسـرێن[٩٥] (بڕوانـە (٧٢!)) و (بیشڕوانە هێڵكاریی درەختیی (٢-١٤)).

٧٢-أ) شاعیرەكە شیعرەكەی خوێندەوە.
-ب) شاعیرەكە بە گڕوتینەوە شیعرەكەی خوێندەوە.
-پ) شاعیرەكە {بە گڕوتینەوە لە ناوخەڵكدا شیعرەكەی خوێندەوە}.

(٢-١٤) هێڵكاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٧٢-پ)




٩٤- Tallerman, M. (2011:109) ، بۆ زانینی جیاوازیی لـە نێـوان فرێـزی سەرپـشكیی و تەواوكـەر، بڕوانـە (٢/٤-٣)!

٩٥ - ئـەو فرێزانـەی ئاوەڵكردارئاسـا بـەكاردەهێنرێن، ئەگـەر نیشـانەی چۆنێتییان تێـدابێت، بـە specی VPیـەوە هەڵدەواسـرێن، ئەگـەر نیشـانەی شـوێنیان تێـدابێت، بــە 'Vەوە هەڵدەواسـرێن. بڕوانــە: عەبدولجـەبار مسـتەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٢٩٥)

## ٣/٢) جۆرەكانی كردار لە ڕووی بەبڕشتییەوە

بەشەكردار predicate لە ڕێگەی بەبڕشتییەكەیەوە دەتوانێت حوكمی ئارگومێنت-داواكراوەكانی بكات، ئەو ئارگومێنت-داواكراوانەی لەلایەن بەشەكردارەوە حوكمدەكرێن، پێیاندەگوترێت 'تەرزەكانی بەبڕشتیی valence pattern'[96]. بۆ دیاریكردنی ژمارەی ئارگومێنت-داواكراوەكانی بەشەكردار، پێویستە بەشەكردارەكە لە دەوروبەری context دابڕین، ئەویش لە ڕێگەی بەكارهێنانی وشەی/جێناوی نادیارەوە دروستدەبێت، واتە لە بری ئارگومێنت-داواكراوەكان، وشەی وەكو(<كەسێك، چشتێك[97]، لەشوێنێك >) بەكاربهێنرێت (بڕوانە (٧٣!)).

٧٣-ا) /هاتن/ : كەسێك (١) هات

-ب) /خۆشویستن/: كەسێك (١) كەسێكی (٢) خۆشدەوێت

-پ) /دانان/: كەسێك (١) چشتێكی (٢) لەشوێنێكدا (٣) دانا

پەیوەست بە بڕشتیی كردارەوە، دەتوانرێت كردارەكانی زمانی كوردیی بەپێی وەرگرتنی ئارگومێنت-داواكراوەكان نواندنی ئارگومێنتییان بۆ بكرێت[98]. دەتوانرێت پێنج تەرزی بەبڕشتیی كردار دیاریبكرێن:

١- كرداری سفر – هێزیی، null-valent، ئەم جۆرە كردارانە هیچ ئارگومێنت-داواكراوێك وەرناگرن[99]. یەكێك لە ئەدگارەكانیان ئەوەیە كە بە كردارەكانی كەشوهەوا weather دەناسرێن و دەتوانن بە تەنها ڕستە پێكبهێنن. ئەدگارێكی دیكەیان ئەوەیە ژمارەیان لە زماندا كەمن و تاف و ڕووكار لە ڕستەدا دەردەبڕن[100]. لە زمانی ئینگلیزییدا زاراوەی 'impersonal verb – كردارە بێ

---

[96] - Haspelmath, M. & Müller-Bardey, T. (2001:1130)

[97] - Baker, A. E. & Hengeveld, K. (2012: 148)

[98] - بۆ دروستەی ئارگومێنتی كردارەكان، بڕوانە (٣/١-٢) و (٣/١-٣)!. لێرەدا لە ئارگومێنتی ناوەكیی و دەرەكیی كردار دەدوێین، واتە ئەم نواندنانە تەنها پەیوەستن بە ئارگومێنتەكانی كردارەوە، بۆ نواندنی سینتاكسیی كردارەكان، بڕوانە (١/٣) و (٢/٣) و (٣/٣) و (٤/٣)!

[99] - Crystal, D.(1992:408)

[100] - Kredler, C. W. (1998:68)

کەسەکان'یش بۆ ئەم کردارانە بەکاردەهێنرێت[١٠١]، چونکە هیچ جێکەوتەیەکیان بۆ ئارگومێنتەکان نییە (بڕوانە (٧٤!)).

٧٤- /بارانبارین، بەفربارین /: (هەورەتریشقەیە، هەورەگرمەیە، هەورە ) هەمبەر بە (هەوردەگرمێنێت، تەرزەدەبارێت)[١٠٢].

کرداری سفر - هێزیی

سفر جێکەوتە | هەورە / هەورە گرمەیە / هەورتریشقەیە

بەشەکرداری وەکو > (ئێستا) شەوە<، >(ئێستا) کاژێر نۆ و نیوە <، کە کات time دەردەخات، بەهەمان شێوە بە بەشەکرداریی سفر-هێزیی دادەنرێن[١٠٣]، چونکە ناتوانرێت بگوترێت *>کەسێك شەوە <، *> چشتێك کاژێر هەشت و نیوە<.
فرێزی کرداریی ئەم چەشنە کردارانە تەنها لە خودی کردارەکە بەرهەمدەهێنرێن، فرێزە کردارییەکە فۆڕمی کرداربەندیی هەیە.

٢-کرداری یەك – هێزیی، monovalent، بەو جۆرە کردارانە دەگوترێت، کە لە دروستەی ئارگومێنتەکەیاندا، یەك ئارگومێنت-داواکراو وەردەگرن، ئارگومێنت-داواکراوەکەیش لە ڕستەکەدا، گۆکردنی بکەری هەیە[١٠٤] (بڕوانە (٧٥!)).

٧٥- /هاتن، خەوتن /

کرداری یەك – هێزیی

جێکەوتەی ئارگومێنت-داواکراو | هات / خەوت

---

[١٠١] -Bussmann, H. (1996:1257)، هەروەها زاراوەی 'سفر-نرخیی'ش بەکاردەهێنرێت بۆ ئەم جۆرە کردارانە، بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ١٥١).
[١٠٢] - محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ١٥١)
[١٠٣] -Baker, A. E. & Hengeveld, K. (2012: 148)
[١٠٤] - Crystal, D. (2003:487)

٧٦- ماردین هات/خەوت.

ئەو کردارانە، لە بەر ئەوەی کرداری تێنەپەڕن، لە دروستەی ئارگومێنتەکەیاندا، جێکەوتەیان تەنها بۆ یەك ئارگومێنت-داواکراو داناوە، کە دەبێتە بکەری ڕستەکە.

٣- کرداری دوو – هێزیی، divalent، ئەو کردارانەن، کە لە دروستەی ئارگومێنتدا، داوای دوو ئارگومێنت-داواکراو دەکەن، واتە بۆ ئارگومێنتەکان دوو جێکەوتە دیاریدەکات، جێکەوتەی یەکەم بۆ بکەر و جێکەوتەی دووهەم بۆ بەرکارە[105] (بڕوانە(٧٧!)).

٧٧- /خوێندنەوە، بردنەوە /

کرداری دوو – هێزیی

جێکەوتەی ١ ______ جێکەوتەی ٢ ______ خوێندەوە / بردەوە

٧٨-ا) شیرین ڕۆمانەکەی خوێندەوە.

-ب) تیپەکە یارییەکەی بردەوە.

٤- کرداری سێ – هێزیی trivalent، ئەم کردارانە لە دروستەی ئارگومێنتیاندا، سێ ئارگومێنت-داواکراو هەیە[106]. کەواتە کردارەکە بۆ ئارگومێنتەکانی سێ جێکەوتەی هەیە. بەشێوەیەکی بنەڕەتیی جێکەوتەکانی کرداری سێ-هێزیی، بە (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ) پڕدەکرێنەوە[107] (بڕوانە (٧٩!)).

٧٩- / پێدان، پێگوتن /

کرداری سێ – هێزیی

ج ١ ______ ج ٢ ______ ج ٣ ______ پێدا / پێگوت

---

١٠٥ - Trask, R. L.(1999: 14)

١٠٦ - Trask, R. L. (1993: 296)

١٠٧ -Horbačauskienė, J. & Petronienė, S. و (2013: 12)

٨٠-ا) خاوەن کارەکە پارەکە بە کرێکارەکان دەدات.

-ب) ئاسۆ هەواڵەکەی بە هاوڕێکەی گوت.

٥- کرداری چوار – هێزیی، ئەم کردارانە، کە لە دروستەی ئارگومێنتیاندا، چوار ئارگومێنت-داواکراو وەردەگرن. بە گشتیی ئەم جۆرە کردارانە لە زماندا ژمارەیان زۆر کەمە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزییدا کرداری exchange (پێگۆڕینەوە/گۆڕینەوە) بە کردارێکی چوار هێزی دانراوە[١٠٨] (بڕوانە (٨١!)).

81- Exchang: somebody (1) <u>exchanged</u> something (2) with somebody (3) for something (4).

(کەسێك (١) چشتێکی گۆڕییەوە (٢) لەگەڵ کەسێك (٣) بە/بۆ چشتێك (٤))

ناتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە کرداری چوار-هێزیی لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا هەیە، چونکە ئارگومێنتی یەکەمی بکەرییە بە دۆخی ڕێزمانیی بکەرییەوە Nominative، ئارگومێنتی دووەمی بەرکاری ڕاستەوخۆیە بە دۆخی ڕێزمانیی ئەکۆزەتیڤەوە/بەرکارییەوە، ئارگومێنتی سێهەمی بەرکاری ناڕاستەوخۆیە بە دۆخی ڕێزمانیی داتیڤەوە/خستنەژێرەوە، ئەگەر ئارگومێنتی چوارەم هەبێت، دەبێت دۆخی ڕێزمانیی جەنەتیڤی/خستنەپاڵی هەبێت، ئەویش لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا وادەردەکەوێت بوونی نەبێت[١٠٩].

ئەو داتایانەی ئێستا خرانەڕوو، دەریدەخەن، کە (ا) کرداری فەرهەنگیی هەڵگری بەبڕشتیی تایبەت بە خۆیەتی. کاتێك لە سینتاکسدا بەکاردەهێنرێت، بەبڕشتیی کردارەکە داوای ئارگومێنتەکان دەکات بۆ هەڵسوڕاندنی/جێبەجێکردنی کردەی کردارەکە (ب) بە دیاریکردنی ئارگومێنتەکانی کردارەکە، توخمە بنەڕەتییەکانی دروستەی ڕستە دیاریدەکرێت.

---

[١٠٨] - محەمەدی مەحویی (٢٠١١ : ١٥١)، بیشڕوانە : Baker, Anne E. & Hengeveld, Kees. (2012: 148)

[١٠٩] - محەمەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە)

## ٣/٢-١) لەیەکجیاکردنەوەی بەبڕشتیی کردارەکان

بۆ ئەوەی لە گۆڕانکارییەکانی هێزی کردارەکان بکۆڵینەوە، پێویستە بزانرێت، کە کردارێك چەند ئارگومێنتی پێویستە و ڕێگە بە چەند فریزێکی سەرپشکییش دەدرێت دەربکەون (بڕوانە (٨٢!)).

٨٢- دارتاشەکە (دوێنێ) (بەپەلە) (لە شوێنکارەکەی) مێزەکەی دروستکرد.

لە ڕستەی (٨٢)دا، دەتوانرێت ئارگومێنتی < دوێنێ، بەپەلە، لە شوێنکارەکەی> لاببرێت و ڕستەکە هەر بە ڕێزمانیی دەمێنێتەوە، چونکە ئەوانە لە ڕستەکەدا سەرپشکیین و لە شێوەی فرێزی سەرپشکیدا adjunct دەردەکەون، بەڵام کاتێك ئەو فرێزە سەرپشکییانە لادەدرێن، ڕستەکە زانیارییەکانی (کات، چۆنیەتیی، شوێن..) کردارەکە کەمتر دەبێتەوە (بڕوانە (٨٣-ا!)). لەگەڵ ئەوەیشدا مەبەستی کردارەکە ناگۆڕێت، کە /دروستکردن/ ە [١١٠]. پەیوەست بە ئارگومێنتەکانی دیکەی ڕستەکەوە ناتوانرێت لاببرێن، چونکە ئارگومێنتن و بە لابردنیان ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی (بڕوانە (٨٣-ب، پ!)).

٨٣-ا) دارتاشەکە مێزەکەی دروستکرد.

-ب) *دارتاشەکە ↓ دروستکرد.

-پ) * ↓ مێزەکەی دروستکرد.

دەتوانرێت ئەو فرێزانە/ئارگومێنتانە لابدرێن، کە سەرپشکیین. فرێزە سەرپشکییەکان زۆرجار لە ڕستەدا لە شێوەی فرێزی پێشناویی، یان ئاوەڵکرداریی دەردەکەون و ئاوەڵکردارئاسا بەکاردەهێنرێن [١١١]. بە بێ ئارگومێنت-داواکراو، کردەی ئارگومێنت-داواکەر بەئەنجام ناگات، بەڵام بە بێ فرێزە سەرپشکییەکان دەبێت، چونکە ئەمانەیان تەنها ڕوونکردنەوەی زیادتر لە سەر کردە و چالاکیی کردارەکە دەدەن (بڕوانە (٨٤!)).

---

١١٠ -Kredler, C. W. (1998:78)

١١١ - بڕوانە: محەمەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە) و بەراوردیبکە لەگەڵ R. L. Trask (2007: 24)دا!

ئارگومێنت-داواکەر ئارگومێنت-داواکراو

٨٤-ا) سەنگەر خواردنـــەکەی خـــوارد.

فرێزی سەرپشکیی

-ب) سەنگەر بەپـــەلە خواردنەکەی خـــــوارد.

## ٢-٣/٢) گۆڕانکاریی لە بەبڕشتیی کردار

بەبڕشـــتیی کـــردار لـــە دوو بـــەش پێکـــدێت (ا) دروســـتەی گـــۆکردنی سینتاکســـیی (بەبڕشـــتیی سینتاکسیی)، هەروەها پێشیدەگوترێت دروستەی گۆکردن function structure (ب) دروستەی ڕۆڵی سیمانتیکیی (بەبڕشتیی سیمانتیکیی)، هـەروەها پێشیدەگوترێت دروستەی ئارگومێنت، کە پەیوەســتە بــە چــەمکی، یــان ڕوودانـــی event کردارەکــەوە"[112]. لــە ڕێگــەی ئۆپەراســیۆنەکانی گۆڕانکاریکردن لە دروستەی گۆکردن و لە دروستەی ئارگومێنتدا، گۆڕانکاریکردن لە بەبڕشتیی کردارەکانـدا ڕوودەدات. ئـەوەیش لـە ئـەنجامی چـەند پێواژۆیـەکی مۆرفۆلـۆژیی، یـان سینتاکسـییەوە دروستدەبێت. لە پێواژۆی لاگرلکاندندا، کە پێواژۆیـەکی مۆرفۆلۆژییـە، بـە لکانـدنی چـەند لاگرێکـی دیـاریکراو (بـۆ نمونـە پێشـناوی /پـێ-، لێ-،../) دەتوانرێـت گۆڕانکـاریی لـە بەبڕشـتیی کردارەکـەدا بکرێت. لە سینتاکسیشدا، لە ڕێگەی گۆڕانکاریی لە وەچەپێڕەوی کردارەکەدا، دەتوانرێت گۆڕانکاریی بەبڕشـتیی کردارەکـە بگۆڕدرێـت. ژمارەیـەك لـە کـردارە یـەك-هێزیـەکانیش، کـە تێنەپـەڕن، لـە فەرهەنگدا دوو-هێزیـی تێپـەڕیان هەیـە (/کـەوتن/ : /خسـتن/، /هـاتن/ : /هێنـان/،..). ئەمانـەیان تێنەپەڕی یەك-هێزیی و تێپەڕی دوو-هێزیی فەرهـەنگیی یـان لێکسیکیین، واتـە، بـۆ گۆڕانکاریی لـە بەبڕشتییەکەیان هیچ پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژیی یان سینتاکسییان بەسەردانەهاتووە.

---

[112] - Haspelmath, M. (2010: 235-236)

## ٣/٢-٢-١) گۆڕانکاریی لە بکەر دیارەوە بۆ بکەر نادیار

گۆڕانکاریی لە وەرگرتنی ژمارەی ئارگومێنتەکان لە بکەر دیارەوە بۆ بکەر نادیار بەدیدەکرێت. "بکەر نادیار باشترین (ڕوونترین) ئۆپەراسیۆنی گۆکردن-گۆڕینە"[١١٣] (بڕوانە (٨٥!)).

٨٥- أ) منداڵەکە بوکەشوشەکەی شکاند. (بکەر دیار)

-ب) بوکەشوشەکە شکێنرا. (بکەر نادیار)

لە ڕستەی (٨٥-أ)دا، کە ڕستەیەکی بکەر دیارە، کردارەکە دوو ئارگومێنت-داواکراوی وەرگرتووە، یەکهەمیان ڕۆڵی سیمانتیکیی < کارا agent> ی وەرگرتووە، دووهەمیان <کارتێکراوpatient >. واتە یەکهەمیان لە ڕستەکەدا بکەرە، دووهەمیان بەرکارە. لە ڕستەی دووهەمدا، کە بکەر نادیارە، پێویست بە ڕۆڵی < کارا > نامێنێت، بۆیە < کارتێکراو > ەکە دەبێت بە بکەری ڕێزمانیی ڕستەکە، بە هۆی ئەم گۆڕانکارییەوە ڕستەی بکەر نادیارەکە هیچ بەرکارێکی نابێت، لە ئەنجامدا ڕستەی بکەر نادیارەکە یەك ئارگومێنتی کەمتر دەبێتەوە لە ڕستەی بکەر دیارەکە[١١٤]. وەکو دەبینرێت بە هۆی گۆڕانکاریی لە ڕستەکەدا، گۆڕانکاریی بەسەر ژمارەی هێزی کردارەکانەوە دێت. چەندین کرداری بکەر نادیار هەن، فۆڕمی لێکسیمێکیان وەرگرتووە لە فەرهەنگدا بە کرداری فەرهەنگیی دانراون. واتە، کردارەکە لە ڕستەدا ناگۆڕدرێت بۆ بکەرنادیار و بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی لە بەبڕشتییەکەی ڕووبدات، بەڵکو لە فەرهەنگدا کردارەکە بە بکەر نادیار تۆمارکراوە، وەکو /گیران، گێڕان، خوران،../.

## ٣/٢-٢-٢) گۆڕانکاریی لە کرداری هۆکارییدا – causative

ئەگەر لە ڕستەیەکدا، کە کردارێکی (هۆکاریی– Causative Verb) هەبوو، کردارەکە هێزەکەی خۆی زۆرتر دەکات بۆ ئەوەی ئارگومێنت-داواکراوێکی تر بگرێتەخۆی، کە لە بنەڕەتدا هەڵسوڕێنەری/هۆکاری سەرەکیی causer کردارەکەیە[١١٥]. بەمەیش هۆکاریی دەبێتە ڕوونترین ئۆپەراسیۆنی ڕوودان/چەمك گۆڕین[١١٦]. هۆکاریی causative گۆڕانکارییە لە بەبڕشتیی کرداردا،

---

[١١٣] - سەرچاوەی پێشوو (٢٣٧)

[١١٤] - Lieber, R. (2010: 145-146)

[١١٥] -Matthews, P. H. (2007: 425)

[١١٦] - Haspelmath, M. (2010: 241)

بەجۆرێك، كە كردارەكە ڕێگە بە (NP)یەك دەدات وەكو بكەرێك خۆی بخاتە ناو ڕستەكەوە و باری كردارەكە بگۆڕێت بۆ كردارێكی هۆكاریی[١١٧] (بڕوانە (٨٦!)).

٨٦أ) مەلەكە هەڵفڕیی.
-ب) منداڵەكە مەلەكەی هەڵفڕاند.

لە (٨٦أ)دا، كرداری < هەڵفڕیی > تەنها یەك ئارگومێنت-داواكراوی وەرگرتووە، كە >كارتێكراو/باسلێكراو< ە، كردارەكە دەتوانێت ئارگومێنتێكی تر وەربگرێت بۆ هەڵسوڕاندنی كردەكەی. لە ڕستەی (٨٦-ب)دا، ئارگومێنت-داواكراوەكەی < منداڵەكە > لە ڕستەكەد دەركەوتووە و بووە بە بكەری ڕستەكە.
گۆڕانكاریی لە كرداری هۆكارییدا، بە دەركەوتنی ئارگومێنت-داواكراوێك دەبێت بۆ ڕستەكە، كە لە ڕووی سیمانتیكییەوە دەبێتە بكەری ڕستەكە؛ ئەگەر كرداره فەرهەنگییەكە بەبڕشتییەكەی یەك هێز بوو، ئەوە بە هۆی گۆڕانكارییەكەوە دەبێتە دوو هێزیی[١١٨].

## ٣/٢-٢-٣) گۆڕانكاریی لە ڕێگەی پێشناوەكانەوە

پێشگرەكانی /پێ-، لێ-، تێ- /، كە پێشناوی فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاكسیین، ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕانكاریكردن لە بەبڕشتیی كرداردا، كاتێك لە سینتاكسدا لە شێوەی پێشناوی سینتاكسییدا بەكاردەهێنرێن، پێشناوە سەربەخۆكان فرێزێكی پێشناویی سازدەدەن و دەبێتە تەواوكەری كردارەكە (بڕوانە (٨٧!)).

٨٧ا) /چوون/ : شیرین بۆ زانكۆ چوو.
-ب) / لێچوون/ : شیرین لە خوشكەكەی دەچێت.

[١١٧] -بڕوانە: Griffiths, P. (1988: 61) ،Katamba, F.(2006: 286)
[١١٨] -Lieber, R. (2010: 147)

لە (٨٧-ا) دا، کردارەکە /چوون/ ئارگومێنتێکی دەرەکیی هەیە /شیرین/. لە (٨٧-ب)دا، دەردەکەوێت، پێشناوە سینتاکسییەکە /لە/ پرۆژەی PP سازداوە /لە خوشکەکەی/ و بووە بەتەواوکەری ناوەکیی کردارەکە[119] (بیشرِوانە (٨٨!)).

٨٨- /پێگوتن/:

-ا) تۆ هەواڵەکەت بە ئێمە گوت.

-ب) تۆ هەواڵەکەت گوت. (لە /گوتن/ەوە دروستبووە، نەك /پێگوتن/).

-پ) پێتگوتین.

لە (٨٨)دا، ناوی کرداریی هەڵگوێزراو /پێگوتن/، لە رِێگەی لکاندنی پێشناوی /پێ-/ وە دروستبووە. کاتێك لە سینتاکسدا (٨٨-ا) بەکارهێنراوە، گۆرِانکاریی لە بەبرِشتیی کردارەکەدا هاتووە، پێشناوە سینتاکسییەکە پرۆژەی PP- >بەئێمە< سازداوە و بووە بە تەواوکەری کرداەکە، بەڵام لە (٨٨-پ)دا، کاتێك پێشناوەکە لە مۆرفۆسینتاکسدا بەکارهێنراوە، ئارگومێنت-داواکراوەکە دەگۆرِێت بۆ جێناوی لکاو، چونکە پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکە ناتوانێت دۆخی رِێزمانیی ببەخشێت، بۆیە بەرکاری نارِاستەوخۆ لە (٨٨-پ)دا، فۆرِمەکەی گۆرِدراوە بۆ جێناوی لکاو. لە بەرامبەریشدا، بەرکارە رِاستەوخۆکە > هەواڵەکە< ی (٨٨-پ) لە مۆرفۆسینتاکسدا بە هیچ فۆرِمێك دەرناکەوێت، چونکە پێشناوە فەرهەنگیی و مۆرفۆسینتاکسییەکان دۆخ-پێدەری رِێزمانیی نین[120].

لە هەندێك ناوی کرداریی دارِێژراودا (هەڵگوێزراوی لێکدراو)، وەکو /دەستبەسەرداگرتن، بەسەرکردنەوە، لەسەرکردنەوە،../ بەبرِشتییەکە جیاوازە (برِوانە (٨٩!)).

٨٩- /دەستبەسەرداگرتن/:

-ا) فەرهاد دەستی بەسەر چشتەکانی کاوەدا گرت.

-ب) * فەرهاد ↓ بەسەر چشتەکانی کاوەدا گرت.

-پ) * فەرهاد دەستی ↓ چشتەکانی کاوەدا گرت.

-ت) *بەسەرداگرت.

---

[119] -برِوانە: محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر(٢٠١٠: ٦٣)

[120] - برِوانە: محەمەدی مەحویی و نەرمیین عومەر (٢٠٠٤: ١٠٨)، بیشرِوانە: عەبدولجەبارمستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ١٣)

-چ) *دەستی داگرت.

لەبەر ئـەوەی لـەم جـۆرە نـاوە کرداریيانـەدا پێشـناوی سينتاكسـيی بـەکارهێنـراون (٨٩)، ئارگومێنـت-داواکراوەکە دەرکەوتووە، چونکە پێشـناوە سينتاکسـييەکان دۆخ-پێـدەری ڕێزمـانيين، گۆڕانکاريی لـە ڕێگەی پێشناوەکانەوە، بە گۆڕينی ڕوودان/چەمك دادەنرێت، چونکە چـەمکی کردارەکـە دەگۆڕێـت و بۆ تەواوکردنی دروستەی ئارگومێنتەکەی داوای ئارگومێنتی ديکە دەکات.

## ٤-٢-٣/٢) بەبڕشتيی لە ڕستەی پرسيارييدا

گۆڕانکاريی لە بەبڕشتيی کردار لـە ڕسـتەی پرسـيارييدا لـە جۆرەکـانی ديکـەی گۆڕانکـاريی جيـاوازە، چونکە لەم چەشنەياندا؛ کۆنتێکست (دەوروبەر) context ڕۆڵ دەبينێت[١٢١](بڕوانە (٩٠!)).

٩٠- ا) سۆلاڤ دياريييەکەی بە سۆما دا.

-ب) سۆلاڤ دياريييەکەی بە کێ دا ؟

-پ) سۆلاڤ چيی بە سۆما دا ؟

-ت) کێ دياريييەکەی بە سۆما دا ؟

وشەکانی پرسيارکردن / کێ، چيی، کوێ،.../ لـە ڕسـتەی پرسـيارييدا، وەکـو(٩٠-ب، پ، ت))، شـوێنی ئەو ئارگومێنت-داواکراوانە دەگرن، کە لە وەڵامی ڕستەی پرسيارييدا دەردەکەون (٩٠-ا)[١٢٢].

## ٣-٣/٢) سووڕيی بەبڕشتيی-گۆڕين valency-changing cyclic

ئۆپەراسـيۆنەکانی بەبڕشـتيی-گـۆڕين دەتـوانن بـە شـێوەی سـووڕيی/خولاوەيی لـە ئەنجامگەيانـدنی يەکتريیدا هاوبەشبن. دەتوانرێت دەرکـردەی output ئۆپەراسـيۆنی يەکـەم بـۆ تێکـردەی input زيادتر لە ئۆپەراسيۆنێك بەکاربهێنرێت [١٢٣](بڕوانە (٩١!)).

٩١- ا) هەواڵەکە گەيشت(ە ڕۆژنامەکە).

---

[١٢١] - بڕوانە: Baker, A. E. & Hengeveld, K. (2012: 148)

[١٢٢] - بڕوانە: محەمەدی مەحويی (٢٠٠١: ١٩٤)

[١٢٣] -Wunderlich, D. (2012: 28)

-ب) ڕۆژنامەنووسەکە هەواڵەکەی گەیاند(ە ڕۆژنامەکە).        (کرداری هۆکاریی)
-پ) هەواڵەکە گەیەنرا.        (لە بکەر دیارەوە بۆ بکەر نادیار)
-ت) هەواڵەکە بەئیمەیڵ گەیشت(ە ڕۆژنامەکە).        (لە ڕێگەی پێشناوەوە)
-ج) چیی بە ئیمێڵ گەیشت ؟        (ڕستەی پرسیاریی)

پوختەی گۆڕانکارییەکان لە بەبڕشتیی کردارەکان، وەکو Matthews, P. H. (2007) پێناسەی کردووە، "بریتییە لە ئۆپەراسیۆنەکان، پێکهاتووەکان"[124]. واتە هەندێك کردار بە پێی ئۆپەراسیۆنێك دەتوانرێت ئارگومێنتێکی لابدرێت، هەندێك کرداری تر دەتوانرێت بەپێی ئۆپەراسیۆنێکی دیکە، ئارگومێنتی بۆ زیادبکرێت، ئەویش لە ڕێگەی دووبارە پێکهێنانەوە دروستدەبێت.

## ٤/٢) تەواوکەرەکانی فرێزی کرداریی

فرێزی کرداریی لە چەند توخمێك پێکدێت، گرنگترینیان سەری فرێزەکە (ڕەگی کردارەکە) لەگەڵ تەواوکەرەکانی سەرن (ئارگومێنتی ناوەکیی). جگە لەو توخمانە، جێکەوتەی بکەر بە ئارگومێنتی دەرەکیی دادەنرێت، واتە تەواوکەرەکان بۆ سەری فرێزەکە داخراواتر و نزدیکترن، بەڵام جێکەوتەی بکەر لە دەرەوەی VP دایە و لە سەرەوە دوورترە، جگە لەوەیش سەر لەگەڵ تەواوکەردا لە پەیوەندیی خوشکایەتییدایە، کەواتە سەر حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات و دۆخی ڕێزمانیی ئەکۆزەتیڤی پێدەبەخشێت. سەر ڕۆڵی بابەتانە بە ئارگومێنتە ناوەکییەکەی دەبەخشێت، بەڵام VP ڕۆڵی بابەتانە بۆ جێکەوتەی بکەر دیاریدەکات[125].

### ٤/٢-١) بکەر (S/Sub)

لە دوای بەشەکردارەوە predicate، بکەر بە بەشێکی بنەڕەتیی ناوەڕۆکی ڕستە دادەنرێت، چونکە لە ڕستەدا بکەر هەڵسوڕێنەر و ئەنجامدەری چالاکییەکانی کردارە. لە نواندنی ئارگومێنتییدا، جێکەوتەی بکەر ئارگومێنتی کردارە[126]، بۆیە بەبێ پڕکردنەوەی جێکەوتەی بکەر دروستەی ڕستە تەواونابێت[137].

---

[124] -Matthews, P. H. (2007: 425)
[125] - بڕوانە: Cook, V. J. & Newson, M. (2007:83)
[126] -Pylkkänen, L. (2002: 124)
[127] - بۆ نواندنی سینتاکسیی جێکەوتەی بکەر، بڕوانە (٥/٣)

لە شیکردنەوەی گۆکردنی/ئەرکی ڕێزمانییدا زاراوەی 'بکەر' بۆ ئاماژەدان بە وەچەپێکهاتەی سەرەکیی لە دروستەی ڕستەدا/ڕستیلەدا بەکاردەهێنرێت[128]. بکەر، چەند ئەدگارێکی سنتاکسیی هەیە، لەوانە:

١) زۆرجار ئەگەر کردارەکە تێپەڕ بوو لە ڕابوردووی تەواودا، بکەر ڕۆڵی بابەتانەی <کارا > وەردەگرێت (بڕوانە (٩٢!)).

٩٢- وێنەگرەکە وێنەکەی گرت .

٢) بکەر دۆخێکی ڕێزمانیی تایبەت وەردەگرێت نۆمینەتیف/بۆریی nominative، هەروەها جێکەوتەیەکی تایبەتی هەیە لە سەرەتای ڕستەوە. لە پێش فرێزی کرداریدا دەردەکەوێت

٣) لەگەڵ کرداردا، لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە Agreement، لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەوێت[129] (بڕوانە (٩٣!)).

٩٣- ئێمە به ئەوانمان گوت ڕێپیشاندەرمان ببن.

i i i

٤) لەگەڵ جێناوە خۆییەکان و بۆگەڕاوەکان، هاونیشانەن و لە ڕستەدا کۆنترۆڵیاندەکات، چونکە جێناوە خۆییەکان خۆیان ناتوانن ببنە بکەری ڕستە (بڕوانە (٩٤!)).

٩٤- ا) ئەو خۆی نامەکەی بۆ ناردم.

i i

-ب) * ↓ خۆی نامەکەی بۆ ناردم. (<*pro* خۆی نامەکەی بۆ ناردم>)

-پ) ئەوان باش یەکتریان نەدواند.

i i

---

[128] Crystal, D. (2003: 441)-

[129] http://www--
,01.sil.org/linguistics/GlossaryOfLinguisticTerms/WhatIsASubject.htm

٥) له ڕێژەی فەرماندا/داخوازییدا، بکەر بەجۆرێك باسکراوە، کە دەرناکەوێت، بەڵام لە بنەڕەتدا بکەرەکە فۆڕمی جێناوی کەسی دووهەمی هەیە [١٣٠]، ئەوەی کە دەتوانرێت دەرنەکەوێت، تەنها فۆڕمە فۆنەتیکییەکەیەتی (بڕوانە (٩٥!)).

٩٥-ا) تۆ بڕۆ.

ب) *pro* بڕۆ.

٦) بکەر لە ڕستەدا دەتوانێت جێکەوتەی گۆکردنی/ئەرکی خۆی بگۆڕێت، بۆ نمونە، ئەو (NP)یەی لە پێکهاتووی بکەردیاردا جێکەوتەی بەرکار دەگرێت، لە پێکهاتووی بکەر نادیاردا گۆکردنەکەی دەبێتە بکەری ڕێزمانیی، واتە لە جێکەوتەی بەرکارەوە دەچێتە جێکەوتەی بکەر[١٣١](بڕوانە (٩٦!)).

٩٦-ا) ڕۆژنامەنووسەکە وتارەکەی بڵاوکردەوە.

ب) وتارەکە بڵاوکرایەوە.

٧) بە شێوەیەکی گشتیی DP/NP گۆکردنی/ئەرکی فرێزی بکەریی دەبینن[١٣٢].

ئەو داتایانەی ئێستا خرانەڕوو؛ دەریدەخەن، کە بکەر لە ڕستەدا بۆ تەواوکردنی دروستەی ڕستە سەگمێنتێکی بنەڕەتییە. پەیوەست بە کرداری فەرهەنگییەوە، کاتێك دەچێتە سینتاکسەوە، دەبێتە کردارێکی کاتوکەسدار، کەسی کردارەکە لەگەڵ بکەر ڕێکدەکەوێت (ڕێککەوتن agreement)، چونکە کەسەکە کردەی کردارەکە ئەنجامدەدات (بڕوانە (٩٧!)).

٩٧- /چوون/:

---

[١٣٠] - بڕوانە: ئەحمەد حەسەن فتح الله (١٩٩٠: ٤٢) ئەوەی خستووەتەڕوو، کە بکەری ڕستەکە لە شێوەی جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووهەم (تۆ، ئێوە). بەرجەستەکردن و بەرجەستەنەکردنی بکەرەکە وابەستەی هێز/قورساییخستنەسەرە، بڕوانە : محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠: ١٣٦)

[١٣١] - بڕوانە : Tallerman, M. (1998:163-165)، Langacker, R. W. (2008: 364)

[١٣٢] - Richards, J. C. & Schmidt, R. (2002: 523)

- ا) ئێمە بۆ سینەما دەچین.

-ب) * ↓ بۆ سینەما دەچین.

-پ) *pro* بۆ سینەما دەچین.

لە (٩٧-ا)دا، کرداری کاتوکەسداری >دەچین< لە ڕێگەی NP >ئێمە< وە، کە بکەری ڕستەکەیە، چالاککراوە،بەڵام لە (٩٧-ب)دا، کاتێك بکەری ڕستەکە لادەدرێت، ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی، چونکە کردارەکە پێویستی بە بکەرە و نیشانەی ئەرگەتییڤیە لکاوەکە >ین<، نە بکەری ڕستەیە و نە دەیشتوانێت نوێنەرایەتیی بکەری ڕستە بکات، لکاندنی مۆرفێمی ڕێککەوتنیش بە کردارەوە پێواژۆیەکی سینتاکسییە و بۆ ئەوەیە تافی کردارەکە بکەوێتەکار و چالاك بێت، پەیوەندیی بە شکاندنەوەی کردارەوە هەیە[١٣٣]. بۆیە لە (٩٧-پ)دا، بکەرێك هەیە، کە فۆرمە فۆنەتیکییەکەی بەرجەستە نەکراوە، *pro* لەشوێنی بکەرەکە دەرکەوتووە، ئەم دیاردەیە بە 'بکەر-خراو' null-subject ناسراوە، لەو زمانانەدا هەیە، کە کردارەکانیان دەتوانن لە ڕێگەی شکاندنەوەی کۆتاییانەوە بکەری ڕستەکە دیارییبکەن و (*pro*) لە شوێنی NP/بکەرەکە دەربکەوێت، چونکە بەهۆی زەنگینیی تاف و کەسی کردارەکە حوکمی (*pro*) دەکرێت و دۆخی ڕێزمانیی پێدەبەخشرێت. بەو جۆرە زمانانەیش دەگوتریت 'زمانە بکەر-خراوەکان' کە زمانی کوردییش یەکێکە لەو زمانانە[١٣٤].

بکەر ئارگومێنتێکی خورتییە، بەڵام جێکەوتەی بکەر بە'ئارگومێنتی دەرەکیی' فرێزی کرداریی دادەنرێت. واتە لە X-باڕی فرێزی کرداریی‌دا، جێکەوتەی بکەر لە دەرەوەی VPدایە ، چونکە (ا) جێکەوتەی بکەر، لە ڕووی دروستەیی و سیمانتیکییەوە مەودایەکی/ڕووبەرێکی دوورتری هەیە لە VPیەوە، بەڵام بەرکار داخراوتر و نزدیکترە بۆ کردار و بە خوشکی سەری VP دادەنرێت[١٣٥] (ب) تەنها لەو جێکەوتەیەدا بکەر دەتوانێت دۆخی ڕێزمانیی نۆمینەتیڤ/بکەریی وەربگرێت[١٣٦]، هەر لەو شوێنەیشدا دەتوانێت ڕۆڵی بابەتانە وەربگرێت، کە لە لایەن VP یەوە (کردار و بەرکار)؛ بە شیوەی دارشتەیی/لێکدراویی compositionally دەدرێتە جێکەوتەی بکەر، چونکە ئەو

---

[١٣٣] - محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠: ٣٤)

[١٣٤] - بڕوانە: Carnie, A. (2000-2001: 271)، محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٢٣٧-٢٣٨)

[١٣٥] -بڕوانە: Cook, V. J. & Newson, M.(2007:83)، محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٩٨-٩٩)

[١٣٦] - محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٢٢٥)

جێکەوتەیە، بە جێکەوتەی سێتا دادەنرێت و جێکەوتەی ئارگومێنتە A-position [١٣٧] (بڕوانە (٩٨!)).

٩٨- /چاندن/ :

ا) *چاند (پێویستە وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدرێتەوە، چیی چاند؟ و کێ چاندی؟)

ب) {نەمامەکەی چاند}.

پ) باخەوانەکە نەمامەکەی چاند.

ت) *باخەوانەکە چاند.

دروستیی و ڕێزمانیی بوونی (٩٨-پ)، بەڵگەیە بۆ پێدانی ڕۆڵی بابەتانە لە لایەن VPیەوە بە شێوەیەکی داڕشتەیی/لێکدراویی بە جێکەوتەی بکەر. هەروەها ناڕێزمانیی بوونی (٩٨-ت)، بەڵگەیەکی ترە، کە کردار بە تەنها خۆی ناتوانێت ڕۆڵی بابەتانە ببەخشێتە جێکەوتەی بکەر[١٣٨].

## ٢-٤/٢) بەرکار (O/Obj)

'بەرکار' Object بە تەواوکەرێکی بنەڕەتیی کردار، یان ئارگومێنتی ناوەکیی فرێزی کرداریی دادەنرێت، چونکە کاریگەریی هەڵسوڕاندنی/ئەنجامدانی کردەی کردارەکە دەکەوێتە سەر بەرکار. 'بەرکار' زاراوەیەکە بۆ هەر (NP)یەك جێکەوتەی ئارگومێنت بگرێت، جگە لە جێکەوتەی بکەر[١٣٩]. ئەو فرێزە ناوییەیە، کە لەگەڵ کرداردا دەردەکەوێت و لە ڕستەدا دەکەوێتە بەر کاریگەریی کردەی کردارەکە. بەرکار بەپێی بەرکەوتنی کاریگەریی کردەی کردارەکە بۆ دوو جۆر دابەشدەکرێت، ئەگەر NP ڕاستەوخۆ بکەوێتە بەر کاریگەریی کردەی کردارەکە، بە 'بەرکاری ڕاستەوخۆ' Direct Object (dO) دادەنرێت، ئەگەر NP ناڕاستەوخۆ بکەوێتە بەر کاریگەریی کردارەکە، بە 'بەرکاری ناڕاستەوخۆ' Indirect Object (iO) دادەنرێت[١٤٠]. کەواتە کاریگەریی کردارەکە پێوەرێکی سەرەکییە بۆ لەیەکجیاکردنەوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

---

١٣٧ - بڕوانە: Haegeman, L. (1994: 663)

١٣٨ - بۆ نواندنی جێکەوتەی بکەر لە هێڵکاریی درەختییدا، بڕوانە (٥/٣)

١٣٩ - Trask, R. L. (1993: 193)، بیشڕوانە: Aarts, B. (2001: 18)

١٤٠ -Richards, J. C. & Schmidt, R. (2002: 369)

جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە دروستەی X- باڕی فرێزی کردارییدا، لەگەڵ سەری فرێزەکە (ڕەگی کردار) دەکەوێتە ژێر نۆدی/گرێی V'ەوە، بۆیە جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆ بەوە دەناسرێت، کە خوشکی جێکەوتەی سەری فرێزی کردارییە[١٤١]. بە پێی وەچەتیۆری حوکمکردن، لە فرێزی کردارییدا ڕەگی کردارەکە حوکمکەری وەچەپێکهاتەی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەکات، چونکە سەری (VP)یە (بڕوانە (٢-١٥))، (بیشڕوانە (٩٩!) و (٢-١٦)).

(٢-١٥) هێڵکاریی درەختیی جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە VP دا




٩٩-ا) بازرگانەکە {کاڵاکانی دەفرۆشێت}.
-ب) شەرمین {وانەکەی دەنوسێت}.

(٢-١٦) دروستەی هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (٩٩-ا)




١٤١ - Rapoport, T. R. (1995: 159)

جێکەوتەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە دروستەی X-باڕی فرێزی پێشناوییدا لەگەڵ سەری فرێزەکەدا (پێشناو) دەکەوێتە ژێر نۆدی/گرێی P'یەوە. بە پێی وەچەتیۆری حوکمکردن و دۆخی ڕێزمانیی، لە فرێزی پێشناوییدا، پێشناوەکە حوکمکەری وەچەپێکهاتەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکات و دۆخی ڕێزمانیی داتیڤی/خستنەژێری پێدەبەخشێت، چونکە سەری (PP)یە (بڕوانە (٢-١٧))[١٤٢].

(٢-١٧) هێلکاریی درەختیی جێکەوتەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە VP دا




جیاوازیی ئەو فرێزە پێشناوییەی، کە NP بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە خۆدەگرێت، لەگەڵ ئەو فرێزە پێشناوییانەی، کە بە فرێزی سەرپشکیی دادەنرێن؛ لەوەدایە، کە (ا) ئەو فرێزەی (PP) بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەنوێنێت لە VPدا، بەشێکە لە پێکهاتەی ناوەکیی کردارەکە، چونکە لە ڕێگەی پێشناوە سینتاکسییەکانەوە پرۆژەی PP لە VPدا سازدەدرێت، بەڵام فرێزە سەرپشکییەکان بەشێك نین لە پێکهاتووی ناوەکیی کردارەکە (ب) بۆیە دەتوانرێت لە ڕستەدا فرێزە سەرپشکییەکان لابرێن، بەڵام بە لابردنی ئەو فرێزە پێشناوییانەی بەرکاری ناڕاستەوخۆیان تێدایە، ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی، . چونکە ناتوانرێت بەبێ ئەو فرێزە پێشناوییانە دروستەی تەواوی کردارەکە بنوێنریت (بڕوانە (١٠٠!)، بیشڕوانە (٢-١٨)).

---

[١٤٢] - بڕوانە: Bussman, H. (1996: 317,553)، بیشڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٧٨)، دروستەی هێلکارییە درەختییەکە لە: سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ٦٠)ەوە وەرگیراوە

١٠٠- /پێگەیاندن/ :

-ا) ڕۆژنامەنووسەکە هەواڵەکەی بە ڕۆژنامەکە گەیاند.

-ب) ڕۆژنامەنووسەکە بە ئیمەیڵ هەواڵەکەی بە ڕۆژنامەکە گەیاند.

-پ) ڕۆژنامەنووسەکە ↓ هەواڵەکەی بە ڕۆژنامەکە گەیاند.

-ت) *ڕۆژنامەنووسەکە هەواڵەکەی ↓ گەیاند. (ئەگەر کردارەکە /گەیاندن/ بوایە دروست دەبوو)

(٢-١٨) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (١٠٠-ا)




لە وەچەتیۆری دۆخی ڕێزمانییدا، لەبەر ئەوەی جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆ لەلایەن کرداری تێپەڕەوە حوکمکدەکرێت، بۆیە کردارەکە/ڕەگی کردارەکە دۆخی بەرکاریی accusative پێدەدات، بەڵام بۆ ئەوەی کردارەکە حوکمی دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری ڕاستەوخۆ بکات، مەرج نییە ڕاستەوخۆ لە تەنیشت یەکەوە بن، بۆیە دەشێت فرێزی پێشناویی و ئاوەڵکرداریش لە نێوانیاندا بن[١٤٣]. ئەو کردارانەی لە نواندنی سینتاکسییاندا بەرکاری ڕاستەوخۆ دەنوێنن، کرداری تێپەڕی دوو-هێزین divalent (ئارگومێنت-داواکەری دوو هێزیی)، بەڵام ئەو کردارانەی لە نواندنی سینتاکسییاندا

---

[١٤٣] - بڕوانە: Bussman, H. (1996: 317,553)، بیشڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٧٨)، عەبدولجەبار مستەفا قادر (٢٠٠٩: ١٠،١١)

بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەنوێنن، کرداری سێ- هێزین trivalent، وەکو کرداری فەرهەنگیی /پێدان، پێگوتن، پێوەکردن/[١٤٤].
ئەگەر بکەر و بەرکار (ڕاستەوخۆ) لە ڕستەدا ئاماژە بن بۆ هەمان کەس، بەرکارەکە جێناوی خۆیی، یان بۆگەڕاوە دەبێت[١٤٥] (بڕوانە (١٠١!)).

١٠١-ا) ئەو خۆی کوشت.
-ب) ئەوان یەکتریان بینیی.

پەیوەست بە ڕۆڵی بابەتانەوە/سێتا ڕۆڵەوە، بە شێوەیەکی گشتیی بەرکاری ڕاستەخۆ ڕۆڵی بابەتانەی <کارتێکراویی > patient و <باسلێکراو> theme دەبینێت،بەلاّم بەرکاری ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی بابەتانەی < سوودمەندیی > benefactive و < ئامانجیی >goal, دەبینێت[١٤٦] (بڕوانە (١٠٢!)).

١٠٢- ا) مامۆستاکە کتێبەکەی بە خوێندکارەکەی دا.

<باسلێکراو> <سوودمەند>

-ب) جوتیارەکە گەنمەکەی بۆ شار/سایلۆ نارد.

<ئامانج>

-پ) منداڵەکە پسکیتەکەی خوارد.

<کارتێکراو>

بەرکاری ڕاستەوخۆ تەواوکەری کرداری تێپەڕە، چونکە ناتوانرێت بەبێ بەرکار کردەی کرداری تێپەڕ تەواو بێت (بڕوانە(١٠٢!)). هەروەها جێکەوتەی بەرکاری ناڕاستەوخۆیش تەواوکەری پێشناوە سینتاکسییەکانە، کە فرێزی پێشناویی سازدەدەن و دەبن بە تەواوکەری کردار.

[١٤٤] -بڕوانە: Tallerman, M. (1998: 171)
[١٤٥] - Greenbaum, S. & Nelson, G. (2002: 27, 31)
[١٤٦] - Lam, S.-C. O. (2008: 51)

## ٣-٤/٢) تەواوكـەر و فرێزی سەرپشكیی

'تەواوكـەر' (copm) جێكەوتـەی ئارگومێنـت-داواكراوێكی ئارگومێنت-داواكـەرە، واتـە لـە ڕسـتەدا وەچەپێكهاتەیەكی بنەڕەتییـە. یـەكێك لـە ئـەدگارەكانی كـردار ئەوەیـە، لـە نوانـدنی ئارگومێنتییـدا، بەبرِشتییەكەی بۆ سێ چەشن دابەشدەكرێت:

١) كرداری سفر-هێزیی null-valent، ئەم جۆرە كردارانە هیچ ئارگومێنت-داواكراوێك وەرناگرن.
٢) كرداری تێنەپەڕ، بەبرِشتییەكەی تـەنها یـەك جێكەوتەیـە بـۆ ئارگومێنـت-داواكراوێكـی دەرەكیـی (بكەر). واتە لێرەدا جێكەوتە بۆ تەواوكەر نییە.
٣) كرداری تێپەڕی دوو-هێزیی، بەبرِشتییەكەی دوو جێكەوتەیە، جگـە لـە جێكەوتـەی ئارگومێنتـە-داواكـراوە دەرەكییەكـەی (بكـەر)، جێكەوتـەی ئارگومێنـت-داواكراوێكـی ناوەكییشـی هەیـە بـۆ 'تەواوكەر'، بە بەركاری ڕاستەوخۆ پڕدەكرێتەوە.
٤) كرداری تێپەڕی سێ-هێزیی، بەبرِشـتییەكەی سـێ جێكەوتەیـە، جگـە لـەو جێكەوتانـەی لـە (٢) و (٣) باسكران، جێكەوتەیەكی دیكەیشی هەیە بۆ بەركاری ناڕاستەوخۆ[١٤٧].

جگـە لـەو جێكەوتانـە و جێكەوتـەی سـەری VP، جێكەوتـەكانی دیكـە بـە ' فرێـزی سەرپشـكیی' دادەنرێن. ئەو فرێزانە وەچەپێكهاتەیەكن، كە لە دروستەی ئارگومێنتی كرداردا، داوانەكراون، بەڵكو یارمەتیی گۆكردنی فرێزەكان دەدەن[١٤٨]. لە فرێزەكاندا سەر و تەواوكەر واتای سـەرەكیی (كرۆكـەواتا) دروستدەكەن، بەڵام فرێزی سەرپشكیی دەبێتە مۆدیفایەر/دەرخـەر modifier ی فرێزەكـانی تـر و زیـادتر پەسـنیاندەكات[١٤٩] . 'فرێـزی سەرپشـكیی' ئـەو جێكەوتەیەیـە، كـە بـۆ زیـادكردنی زانیـاریی زیادتر لەسەر كردارەكە (بۆ نمونە ئاوەڵكردارەكـانی چۆنێتیی، كـات و شـوێن،..) دەردەكـەوێت[١٥٠]. لـە كاتێكدا تەواوكەر لە ڕستەدا وابەسـتەی كـردارە و بـە وەچـەپێكهاتەیەكی خـورتیی كـردار دادەنرێـت، بەڵام فرێزی سەرپشكیی بەشێكی سەرپشكییە بۆ كـردار[١٥١]، بۆیـە ناتوانێـت ببێتـە تەواوكـەری كـردار (بڕوانە (١٠٣!)).

---

[١٤٧] - بڕوانە : (٣/٢) !، Haegeman, L. (1994: 41) ، Radford, A. (2009: 8)
[١٤٨] Baker, A. E. & Hengeveld, K. (2012: 146)-
[١٤٩] Fasold, R. W. & Connor, J. (2006:107)-
[١٥٠] -سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە
[١٥١] Richards, J. C. & Schmidt, R. (2002: 13,95) -

١٠٣- ا) دادوەرەکە ئەمڕۆ لە هۆڵی دادگا بە یاسای سزاکان تاوانبارەکەی سزادا.

-ب) دادوەرەکە ↓ تاوانبارەکەی سزادا.

-پ) *دادوەرەکە ئەمڕۆ لە هۆڵی دادگا بە یاسای سزاکان ↓ سزادا.

بۆ نواندنی جێکەوتەی تەواوکەر (بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ) و فریزی سەرپشکیی (بڕوانە (١٠٤!)).

١٠٤- ا) نوسەرەکە لە کتێبخانەکە کتێبەکەی بە ئێمە دا.

-ب) نوسەرەکە ↓ کتێبەکەی بە ئێمە دا.

-پ) *نوسەرەکە لە کتێبخانە ↓ بە ئێمە دا.

-ت) *نوسەرەکە لە کتێبخانە کتێبەکەی بە ↓ دا.

لە (١٠٤-ا)دا، لە دروستەی ڕستەکەدا تەواوکەر >کتێبەکە، ئێمە< و فریزی سەرپشکیی >لە کتێبخانە< هەیە. لە (١٠٤-ب)دا، فریزە سەرپشکییەکە لە ڕستەکەد لابراوە، بەڵام دروستەی ڕستەکە نەبووە بە ناڕێزمانیی. لە (١٠٤-پ، ت)دا، تەواوکەر لە ڕستەکەدا لابراون، ڕستەکە بووە بە ناڕێزمانیی. دەتوانرێت جێکەوتەی فریزە سەرپشکییەکە لە X- باڕی ڕستەکەدا بخرێتەڕوو (بڕوانە (٢-٢٩)).

(٢-١٩) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (١٠٤-ا)



لە VPدا، لە نێوان تەواوکەر و سەر (V) پەیوەندییەکی داخراو هەیە[١٥٢]، چونکە (ا) هەردووکیان لەگەڵ یەکتردا لە پەیوەندیی خوشکایەتییدان (ب) هەردووکیان لە پەیوەندیی وەچەئاراستەکردندان (پ) بە پێی پەیوەندیی سەر-ئاراستەکردن، سەر سەر-ئاراستەی تەواوکەردەکات (ت) کەواتە بەپێی تیۆری حوکمکردن، سەر حوکمی تەواوکەر دەکات، بەڵام پەیوەندیی نێوان سەر و فرێزی سەرپشکیی پەیوەندییەکی کراوەترە/دوورترە، چونکە فرێزی سەرپشکیی لە دروستەی VPدا، وەچەپێکهاتەیەکە، کە لە لایەن کردارەوە داوانەکراوە، بەڵکو یارمەتیی گۆکردنی فرێزەکان دەدات[١٥٣]. فرێزی سەرپشکیی لە شێوەی ئاوەڵکردارئاسادا دەردەکەوێت، کە (چۆنێتی و کات و شوێن و ئاراستە و هۆکار و مەبەست،..) ی کردارەکە دەردەخەن[١٥٤]، بۆیە پەیوەندییەکەی بە سەرەوە کراوەترە/ دوورترە هەمبەر بە تەواوکەر. لە سەرەوڕیزبوونی تەواوکەر و فرێزی سەرپشکییدا، نزدیکی و دووریی تەواوکەر و فرێزی سەرپشکیی ڕووندەبێتەوە (بڕوانە (١٠٥!)).

١٠٥ا) نیگارکێشەکە وێنەکەی کێشا.

V dO

ب) نیگارکێشەکە <u>دوێنێ بەجوانیی لە نزیك دەریاکە</u> وێنەکەی کێشا.

V dO فرێزی سەرپشکیی

## ٤-٤/٢) فرێزی سەرپشکیی و سەربار

بەدەر لەو ئارگومێنتانەی، کە کردار خۆی داوایانەدەکات و بە تەواوکەر ناسراون، دەشێت فرێزی سەرپشکیی بهێنرێتە ناو فرێزێکی ڕستەوە، بۆ ئەوەی زانیاریی زۆرتر بۆ فرێزەکە زیادبکات. ئەم فرێزە زیادانە؛ بە زۆریی (Adv، PP)ن، کە ئاوەڵکردائاسا بەکاردەهێنرێن و بە فرێزەکانەوە هەڵدەواسرێن[١٥٥] (بڕوانە (١٠٦!)).

---

[١٥٢] - بۆ جۆری پەیوەندییەکانی نێوان وەچەپێکهاتەکان بڕوانە : (١/٣-٢)!

[١٥٣] Baker, A. E. & Hengeveld, K. (2012: 146)-

[١٥٤] Quirk, R. & Greenbaum, S. (1989: 207)-

[١٥٥] - محەمەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە)، بیشڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٩٥-٢٩٦)

١٠٦- نەوزاد بە پاس چوو بۆ بازار و بە پێ گەڕایەوە.

هەمبەر بە فرێزی سەرپشکیی؛ سەربار ئەو سەگمێنتە وابەستانەی کرداری لێکدراون (یان داڕێژراون)، کە لە ناو ڕستەدا لە بناغە کرداریەکانیان جیادەبنەوە و جێکەوتەی ئارگومێنتێك ناگرن. کردارەکانیان بە زۆریی بکەریین نەك بەرکاریی (بڕوانە (١٠٧، ١٠٨!)).

١٠٧- /سەماکردن/ :

ا) کچەکە جوان سەمای کرد.

ب) کچەکە ↓ سەمای کرد.

پ) کچەکە سەمای جوانی کرد.

ت) *کچەکە ↓ جوان کرد.

١٠٨- /بازدان/ :

ا) ئاسکەکە بۆ ئەو بەر ئاوەکە بازیدا. (فرێزی سەرپشکیی)

ب) ئاسکەکە ↓ بازیدا.

پ) ئاسکەکە بازی بۆ ئەو بەر ئاوەکە دا (سەربار)

پ) *ئاسکەکە ↓ بۆ ئەو بەر ئاوەکە دا.

نمونەکانی (١٠٧) دەریدەخەن، کە لە ڕستەدا ناتوانرێت سەربار لابرێت، چونکە دەبێتە هۆی ناڕێزمانیبوونی ڕستەکە، بەڵام دەتوانرێت فرێزی سەرپشکیی لابرێت(١٠٨)، بەبێ ئەوەی ڕستەکە ببێتە ناڕێزمانیی.

لە سەرەوڕیزبوونی فرێزی سەرپشکیی و سەربار لە ڕستەدا، تا سەربار لە بناغە کردارییەکەیەوە نزدیکتر بێت پەسەندترە[١٥٦](بڕوانە (١٠٩!)).

[١٥٦] - محەمەدی مەحویی (بەرهەمێکی بڵاونەکراوە)

١٠٩- ا) ئەو دوێنێ بەجوانیی لە هۆڵەکەدا سـەمای دەکرد.

(کەی چۆن لە کوێ) سەربار

فرێزی سەریشکیی

ب) ؟؟ئەو سـەمای دوێنێ بە جوانیی لە هۆڵەکەدا دەکرد.

سەربار

پ) ئەو دوێنێ بە جوانیی سـەمـای لە هۆڵەکەدا دەکرد.

سەربار

## ٤/٢–٥) ئاوەڵکردار

زاراوەی 'ئاوەڵکردار' ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە وشەیەك، کە خاوەن ئەدگاری جێگیرنین، بەڵکو جۆر-جیاوازن heterogeneous، بەڵام زۆرترین گۆکردنی/ئەرکی دیار و دووبارەیان، مۆدیفایەری/دەرخەری کردارە/فرێزی کردارییە. واتە دەرخستنی (کات، شوێن، چۆنیەتیی،..) کردارە، ئەویش لە ڕێگەی وشەکانی پرسی لە جۆری > کەی، لە کوێ، چۆن،.. <ەوە دیاریدەکرێت[157]. ئاوەڵکردارەکان بەوە پێناسەکراون، کە لابردنیان لە ڕستەدا، هیچ کاریگەرییەکی لە سەر ڕێزماندروستیی ڕستەکە نابێت[158]، چونکە لە بنەڕەتدا ئاوەڵکردارەکان لە ڕستەدا ئارگومێنت نین (بڕوانە (١١٠!)).

١١٠- ا) ئارەزوو ئێستا کارەکانی تەواوکرد.
-ب) ئارەزوو ↓ کارەکانی تەواوکرد.

پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، ئاوەڵکردارەکان لە فەرهەنگدا ژمارەیان کەمن، بۆیە پەنادەبرێتەبەر ئەو وشە و فرێزانەی نیشانەی ئاوەڵکردارییان تێدایە، یان نیشانەی ئاوەڵکردارییان

١٥٧ - بڕوانە : Crystal, D. (2003: 13)

١٥٨ - بڕوانە: ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠١: ٣٤)

پێدەدرێت بۆ ئەوەی لە ڕستەدا جێکەوتەی ئاوەڵکردارەکان بگرن. وشە و فرێزەکان ئاوەڵکردارئاسا adverbial بەکاردەهێنرێن[١٥٩] (بڕوانە (١١١!)).

١١١-ا) هاوڕێکەم کتێب دەخوێنێتەوە.

-ب) هاوڕێکەم ئێوارە/لە نیوەڕۆوە کتێب دەخوێنێتەوە. (کەی؟)

-پ) هاوڕێکەم لەماڵەوە/لە کتێبخانە کتێب دەخوێنێتەوە. (لە کوێ؟)

-ت) هاوڕێکەم بەپەلە/لەسەرخۆ/بەهێمنیی کتێب دەخوێنێتەوە. (چۆن؟)

-ج) هاوڕێکەم ئەمڕۆ بە هێمنیی لە کتێبخانەکەدا کتێبی دەخوێندەوە. (کەی، چۆن، لەکوێ؟)

لە (١١١-ا)دا، دەردەکەوێت ئارگومێنت-داواکەری کردارییی <خوێندنەوە> بەبڕشتییەکەی دوو-هێزییە (بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ)، بەڵام لە (١١١، ب-ج)دا، ئەو فرێزانەی ئاوەڵکردارئاسان زانیاریی زیادتریان بۆ کردارەکە زیادکردووە.

فرێزی ئاوەڵکردارییی بەم فۆڕمانەوە دەردەکەوێت: (ا) ئاوەڵکردارێک (ب) فرێزی پێشناوییی، کە گۆکردنی/ئەرکی ئاوەڵکردارئاسای هەیە (پ) ناوی ئاوەڵکردارییی.

١١٢-ا) ئەو ئێستا گەیشت. (ئاوەڵکردار)

-ب) ئەو بەپەلە گەیشت. (فریزی پێشناوییی، ئاوەڵکردارئاسا بەکارهێنراوە)

-پ) ئەو ئەسپەکە جوان غاردەدات. (ئاوەڵناو، ئاوەڵکردارئاسا بەکارهێنراوە)

-ت) فەرهاد ئێوارە دەگەڕێتەوە. (ناوی ئاوەڵکردارییی)

جۆرێك لە ئاوەڵکردارئاسا هەیە، کە پەیوەستە بە کردارەوە، کە 'ئاوەڵکردارئاسای تەواوکەریی'ە completion adverbial، ئەمەیان سەر بەبڕشتیی کردارە، واتە ئاوەڵکردارئاسای خورتیین و کردارەکە داوایاندەکات[١٦٠] (بڕوانە(١١٣!)).

---

[١٥٩] - بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٦١)، 'ئاوەڵکردارئاسا' adverbial؛ توخمێکی سینتاکسییە، "هەر سەگمێنتێک، کە لە ڕستەدا گۆکردنی ئاوەڵکردار ببینێت، بە ئاوەڵکردارئاسا دادەنرێت" Bauer, L. (2012: 261)

[١٦٠] - بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٢٢٠)

١١٣-ا) /هەستکردن/+ ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی :  شیرین هەست بە خۆشیی دەکات.

-ب) /ڕەوانەکردن/+ ئاوەڵکرداری شوێنیی :  دایکەکە منداڵەکەی بۆ باخچەکەی ڕەوانەکرد.

پەیوەست بە جێکەوتەی ئاوەڵکردار لە دروستەی VPدا، لەبەر ئەوەی ئاوەڵکردار سەری حوکمکەر ڕێزمانیی نین، بۆیە ئەو وشە و فرێزانەی نیشانەی ئاوەڵکرداریان تێدایە، ئاوەڵکردارئاسا لە شێوەی فرێزی سەرپشکییدا لە ناو VP و TPدا هەڵدەواسرێن. ئەو وشە و فرێزانەی نیشانەی ئاوەڵکرداری چۆنێتییان تێدایە، ئاوەڵکردارئاسا بە specی VPیەوە هەڵدەواسرێن، ئەوانەیشی نیشانەی ئاوەڵکرداری شوێنیان تێدایە، ئاوەڵکردارئاسا بە 'Vەوە هەڵدەواسرێن، ئاوەڵکرداری کات و ئەو وشە و فرێزانەی نیشانەی ئاوەڵکرداری کاتیان تێدایە، بە specی فرێزی تافەوە هەڵدەواسرێن[١٦١] (بڕوانە (١١٤!)) و (بیشڕوانە هێڵکاریی درەختیی (٢-٢٠)).

١١٤- فەرهاد {ئێستا بەخێرایی/بەپەلە بۆ زانکۆ ڕۆیشت}.

(٢-٢٠) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (١١٤)




[١٦١] - عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٩٥-٢٩٦)

## ٢/٤-٦) ئاوەڵناو

'ئاوەڵناو' وشەیەکە ئاماژە بە ئاستی جۆرێتیی quality کەسێك، چشتێك، بیرۆکەیەك... دەدات[١٦٢]. هەرچەندە ئاوەڵناو دەرخەری modifier ناوە، بەڵام لە زمانی کوردییدا بەسەر ڕەگەز و ژمارە و دۆخدا ناشکێتەوە، هەر بە فۆڕمی خۆی دەمێنێتەوە ئەگەر بۆ تاك، یان بۆ کۆ، بەکاربهێنرێت[١٦٣](بڕوانە (١١٥!)).

١١٥-ا) کۆترە باڵنەخشینەکە هەڵفڕی.

-ب) کۆترە باڵنەخشینەکان هەڵفڕین.

-پ) کوڕێکی / کچێکی ئێسکسووك بەڕووخۆشییەوە پێشوازیی لە ئێمە کرد.

ئاوەڵناو لە ڕستەدا دوو ئەدگاری/دەرکەوتنی سەرەکیی هەیە، یان دەتوانرێت بۆ دوو گۆکردنی سەرەکیی بەکاربهێنرێت:

١- بەکارهێنانی ئاوەڵناویی attributive، ئاوەڵناو لە دوای ناوەوە دێت و دەبێتە مۆدیفایەری/دەرخەری ناو (بڕوانە (١١٦!)).

١١٦- گوڵی سوور، پیاوی چوارشانە، ئافرەتی شۆخوشەنگ، منداڵی نازدار...

٢- ئاوەڵناو ئەگەر لە پێکهاتووی کرداری بەستنەوە copular construction و ڕستیلەی بچووکدا بێت، دەتوانێت گۆکردنی ئارگومێنت-داواکەریی predicative ببینێت (بڕوانە (١١٧!)).

١١٧-ا ) گوندەکە دوورە.

-ب) ئەو کەسەی ئەم کارە ناشیرینەی کردووە، نەزانە.

بۆ بابەتی ئاوەڵناو وەکو تەواوکەری VP، گۆکردنی گرنگ لەو دوو گۆکردنە؛ گۆکردنی ئارگومێنت-داواکەرییە. بەلای Chomsky (1988) یەوە، ئاوەڵناو لە ڕستەکانی لە شێوەی (بڕوانە (١٨٠!)) بە تەواوکەری کردار دادەنرێن، چونکە کرداری بەستنەوەی /بوون/: >بوو< ی be

١٦٢ - Seely, J. (2011: 5)

١٦٣ -Fossum, L. O. (1919: 51)

تێدایە[١٦٤]. کەواتە ئاوەڵناو دەتوانێت لە ناو VPدا دەربکەوێت و گۆکردنی ئارگومێنت-داواکەریی هەبێت.

١١٨- ا) پیاوەکە پیرە/ماندووە/بێهێزە/بەهێزە.
-ب) ئافرەتەکە بەهێزبوو/ماندووبوو.

ئاوەڵناو لە دروستەی VPدا، دەتوانێت ببێتە دەرخەری جێکەوتەی بەرکار، جێکەوتەی بەرکاریش لە ناو VPدایە (بڕوانە (١١٨!)).

١١٨- ا) نەرمین جلەکانی فڕێدا.
-ب) نەرمین جلە <u>کۆنەکانی</u> فڕێدا.

(٢-٢١) هێلکاریی درەختیی بۆ دروستەی (١١٨-ب)




ئاوەڵناو بە شێوەی سەگمێنتێکی وابەستە لەگەڵ بناغەی کردارییدا، کرداری لێکدراو پێکدەهێنێت (بڕوانە (١١٩!)).

١١٩-ا) جوان + کردن ⟵ جوانکردن
-ب) گەرم + کردن ⟵ گەرمکردن

---

[١٦٤] - Chomsky, N. (1988: 55)

پ) سوور + بوون ⟵ سووربوون

ئـەو داتایانـەی خرانـەڕوو، دەریدەخـەن، کـە تەواوکـەرەکانی فرێـزی کرداریـی دابەشـدەکرێن بـۆ (ا) تەواوکەری ناو فرێزی کرداریی (بـەرکاری ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ،..) و (ب) تەواوکـەری دەرەوەی فرێزی کرداریی (بکەر).

## ٥/٢) سەرەوڕیزبوونی ئارگومێنتەکانی ناو ڕستە

سەرەوڕیزبوونی ئارگومێنتەکانی ناو ڕستە، بە پێی چەشنی کرداره فەرهەنگییەکە و بە بڕشتیی کردارەکە جێکەوتـەکانیان دەگۆڕێت. ئارگومێنتـە-داواکراوەکانی بکەر و بـەرکار لـە پـێش کردارەوە دێن (S.O.V). وەکو پێشتریش ئاماژەی پێدرا؛ لە نواندنی ئارگومێنتییدا، بەبڕشتیی چەشنێك لـە کـرداری تێپـەڕ داوای یـەك ئـارگومێنتی نـاوەکیی دەکـات، کـە تەواوکـەرە، لـە گـەڵ ئـارگومێنتێکی دەرەکیی، کە جێکەوتەی بکەر دەگرێت (بڕوانە (١٢٠!)).

١٢٠ /خوێندنەوە/ : نەرمین چیرۆکەکەی خوێندەوە.

V dO S

چەشنێکی تر لە کرداره تێپەڕەکان؛ ئەوانەن، کە لـە پێکهاتووی فرێـزی کردارییەکەیانـدا، بـەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەیە (بڕوانە (١٢١!)).

١٢١ /پێدان/ : فەرهاد کتێبەکەی بە ئـــارەزوو دا.

V iO dO S

ئــەو ڕســتانەی پێشــناوی /ە/ یــان تێدایــە؛ جێکەوتــەی بــەرکاری نارســتەوخۆ دەکەوێتــە دوای کردارەکەوە[١٦٥]، واتە سەرەوڕیزبوونەکە دەگۆڕێت (بڕوانە (١٢٢)).

---

[١٦٥] - بڕوانە : محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠: ٤٩-٥٠)

١٢٢) منداڵەکە شووتیـەکەی خستـــە حەوزەکەوە.)

iO V dO S

سەبارەت بـە کـرداری تێنەپـەڕیش، کـە بـە بڕشـتییەی تـەنها یـەك هێـزی دەرەکییـە بـۆ جێکەوتـەی بکەر، بۆ سەرەوڕیزبوونی ئارگومێنتەکانی ڕستەکە (بڕوانە (١٢٣!)).

١٢٣) /کەوتن/ : منداڵەکە کەوت.)

V S

## ٦/٢) جۆرەکانی کردار لە ڕووی ڕۆڵی بابەتانەوە
## ٦/٢-١) ئارگومێنت-داواکەری کرداریی و ڕۆڵی بابەتانە

کردارەکـان بـە ئارگومێنـت-داواکـەری سـەرەکیی و بنـەڕەتیی دادەنـرێن، چونکە لـە ڕسـتەدا دەتـوانن ڕۆڵـی بابەتانــە بــە NP ببەخشــنە ، NP بــەپێی جێکەوتەکــەی ڕۆڵــی بابەتانــە وەردەگرێــت، ئــەو جێکەوتەیەی NP دەیگرێت، پێدەگوترێت 'جێکەوتەی ڕۆڵی بابەتانە' Θ-position[١٦٦]. کردارەکان جیاوازن لە ژمارە و جۆری ئەو ڕۆڵە بابەتانەی دەتوانن بە جێکەوتەی NPیەکان بیبەخشن.
ئــەو زانیارییانــەی لــە پەیوەنــدیی ســیمانتیکیی نێــوان ئارگومێنــت-داواکــەر و ئارگومێنــت-داواکــراو بەدەسـتدەهێنرێن، بەشـێکە لـە زانیـاریی فەرهـەنگیی ئـاخێوەرانی زمانەکـە. هـەروەها پێویسـتە لـە فەرهەنگدا بنوسرێنەوە. سەرباری ئـەوەی پێویسـتە ژمـارەی ئارگومێنـت-داواکراوەکانی ئارگومێنـت-داواکـەرێك دیـاریبکرێن، پێویسـتە جـۆری ئـەو ڕۆڵـە بابەتانـەیش دیـاریبکرێن، کـە ئارگومێنـت-داواکراوەکـان دەتـوانن لـە جێکەوتەکەیانـدا بینـوێنن. ڕۆڵـی بابەتانـە بـۆ ئارگومێنـت-داواکـەرێك لـە ڕێگەی 'تۆڕی بابەتانە'وە theta grid دەبێت، کە بەشـێکە لـە دەروازەی فەرهـەنگیی ئارگومێنـت-داواکـەرەکان[١٦٧]. ئارگومێنـت-داواکراوەکـانی کـردار پەیوەنـدیی بەبڕشـتیی کـردارەوە هەیـە، بۆیـە ئارگومێنـت-داواکراوەکـان بـەپێی کـرداری تێنەپـەڕ (یـەك-هێـز) و کـرداری تێپـەڕی دوو-هێزیـی و کرداری تێپەڕی سێ-هێزیی دیارییدەکرێن (بڕوانە (١٢٤، ١٢٥، ١٢٦!)).

---

١٦٦ -بڕوانە: Haegeman, L. (1994: 190)

١٦٧ - سەرچاوەی پێشوو (٥١)

١٢٤- ا) /هاتن/ > هات < : V > کارا <

-ب) کاوە هات.

١٢٥-ا) /سڕینەوە/ > سڕیی < : V > کارا، کارتێکراو <

-ب) خوێندکارەکە تەختەکەی سڕییەوە.

-پ) * ↓ تەختەکەی سڕییەوە.

-ت) * خوێندکارەکە ↓ سڕییەوە.

١٢٦-ا) /پێدان/ > پێدا < : V > کارا، باسلێکراو، سوودمەند <

-ب) کانیی کتێبەکەی بە سۆما دا.

-پ) * ↓ کتێبەکەی بە سۆما دا.

-ت) * کانیی ↓ بەسۆما دا.

-چ) * کانیی کتێبەکەی بە ↓ دا.

جۆری ڕۆڵە بابەتانەکان بە پێی کردارەکان دەگۆڕێن (بڕوانە (١٢٧!)).

١٢٧-ا) /ڕوخان/ > ڕوخا < : V > تاقیکەرەوە <

-ب) دیوارەکە ڕوخا.

١٨٨-ا) /ڕوخاندن/ > ڕوخاند < : V > کارا، کارتێکراو <

-ب) کرێکارەکە دیوارەکەی ڕوخاند.

کەواتە، لە ڕێگەی دیاریکردنی ڕۆڵی بابەتانەی کردارەوە (یان VPیەوە)[١٦٨]، دەتوانرێت دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکان پەیوەست بە ئارگومێنتە-داواکراوەکانەوە بزانرێت (بڕوانە (١٢٨!)).

١٢٨-ا) هیتەرەکە <u>ژوورەکەی</u> گەرمکرد. (بەرکار)

-ب) منداڵەکە <u>نانەدەخوات</u>، یاریی ناکات. (/نانخواردن/)

---

[١٦٨] - پێشتر ئەوە ڕوونکرایەوە، کە VP ڕۆڵی بابەتانە بۆ جێکەوتەی بکەر دیاریدەکات و پێیدەبەخشێت، بڕوانە (١/٤-٧)

-پ) منداڵەکە نانی گەرم بە کەرەوە دەخوات.             (بەرکار)

-ت) منداڵەکە نان دەخوات، نەك ناوەشکێنە/کولێرە.     (بەرکار)

لە (١٢٨-ا)دا، کردارەکە >گەرمکرد< ڕۆڵی بابەتانەی <کارتێکراویی> بە >ژوورەکە< بەخشیوە. لە (١٢٨-ب)دا، کردارەکە >نانـدەخوات<، کە لە کرداری فەرهەنگیی /نـانخواردن/ەوە هێنراوەتە نـاو سینتاکسەوە، داوای ئـارگومێنتی نـاوەکیی نـەکردووە، لە ڕستەکەدا /نـان/ ئارگومێنـت نییـە، بـەڵکو سەگمێنتێکی وابەستەی کردارەکەیە، بۆیە هیچ ڕۆڵێکی بابەتانەی وەرنـەگرتووە. هەمبـەر بـەوە؛ لـە (١٨٨-پ، ت)دا، /نان/ لە >نانی گەرم، نان< ئارگومێنتە بۆ کرداری >دەخوات<، واتە کردارەکە ڕۆڵی بابەتانەی <کارتێکراویی> پێبەخشیوە.

هـەر کردارێـك بـە پێـی بەبڕشـتییەکەی دەتوانێـت ڕۆڵـە بابەتانـەکان ببەخشێتە جێکەوتـەی NP (بڕوانە (١٢٩!)).

(١٢٩) خشتەی (NP)یە داواکراوەکانی سێ ئارگومێنت-داواکەر (کردار) [١٦٩]

| ناوی کرداریی | ئارگومێنت-داواکەر | NP(1) | NP(2) | PP/NP(3) |
|---|---|---|---|---|
| /خەوتن/ | >خەوت < V | + | _ | _ |
| /خواردن/ | >خوارد< V | + | + | _ |
| /پێگوتن/ | >پێگوت< V | + | + | + |

هەر جێکەوتەیەك بۆ کردار زیاد/کەم بکرێت، کە لەگەڵ دروستەی ئارگومێنت-داواکەریی خۆیدا پـەیکاڵ نـەبێت، ڕسـتەکە دەکاتـە ڕسـتەیەکی ناڕێزمـانیی، ئەمـەیش لەگـەڵ مـەرجی سـێتا پەیکاڵدەبێت[١٧٠] (بڕوانە (١٣٠!)).

١٣٠-ا) ناوبژیوانەکە تۆپەکەی بە یارییزانەکە دا.

-ب) * ناوبژیوانەکە تۆپەکەی دا بە یارییزانەکە گۆڵپارێزەکە.

---

١٦٩ - بیرۆکـەی ئـەم خشـتەیە لـە (Haegeman, L. (1994: 46 وە وەرگـیراوە. خشـتەکە بـۆ نوانـدنی ئارگومێنتیی کردارە، پەیوەست بە نواندنی سینتاکسییەوە، بڕوانە (٢/٢) و (٥/٣)!

١٧٠ - بۆ مەرجی/پێوەری سێتا، بڕوانە ( ٤/١-٧)!

پ) * ناوبژیوانەکە ↓ دا بە یارییزانەکە.
ت) * ↓ تۆپەکەی دا بە یارییزانەکە.
چ) * ناوبژیوانەکە تۆپەکەی دا بە ↓.

ئەگەر لە ڕستەدا NP نەیتوانی ئەو ڕۆڵە بابەتانە وەربگرێت، کە کردار بە NP دەیبەخشێت، ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی (بڕوانە (١٣١!)).

١٣١-ا) /ناردن/ : < نارد < V : <کارا، باسلێکراو، سوودمەند/ئامانج>
ب) نەرمین دیارییەکەی بۆ هاوڕێکەی نارد.
پ) * نەرمین دیارییەکەی بۆ ئاوەکە/بەردەکە نارد.
ت) جوتیارەکە گەنمەکەی بۆ شار/سایلۆ نارد.

## ٢-٦/٢) پەیوەندیی ڕێزمانیی و ڕۆڵی بابەتانە

سەرەتا پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو، کە جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان وەچەپۆل-دیاریکردن و دروستەی ئارگومێنت-داواکراودا هەیە. وەچەپۆل-دیاریکردن چێوەیەکە frame تەنها تەواوکەرەکانی کردار دیارییدەکات، بۆ نمونە ئەو وەچەپێکهاتانە دیارییدەکات، کە لە ناو VPدا وەچەپێکهاتەی خورتیین. لە وەچەپۆل-دیاریکردندا باسی/ئاماژە بەNP بکەر ناکرێت، چونکە هەموو (VP)یەك لە زمانی کوردییدا بکەری هەیە[١٧١]، بەڵام باسی/ئاماژە بە بەرکار دەکرێت. سەبارەت بە دروستەی ئارگومێنت-داواکراو، لیستی/ژمارەی هەموو ئارگومێنت-داواکراوەکان لەخۆدەگرێت، بە ئارگومێنت-داواکراوی دەرەکییشەوە (بکەر)، کە لەدەرەوەی دروستەی VPدایە. هەروەها ئاماژە بە دروستەی ڕۆڵی بابەتانەی کردارێکیش دەدرێت، چونکە ئارگومێنت-داواکراو لەخۆدەگرێت[١٧٢]. واتە ڕۆڵی بابەتانە بەو NPیانە دەبەخشرێت، کە لەڕستەدان و گۆکردنی ڕێزمانییان هەیە. بۆ نمونە، کرداری فەرهەنگیی /نوسین/، ئەگەر لە سینتاکسدا بەکاربهێنرێت، لە دروستەی (VP)یەکەیدا بەپێی ڕێسای وەچەپۆل-دیاریکردن، تەواوکەری (بەرکاری ڕاستەوخۆ) هەیە، بەڵام بە پێی دروستەی ئارگومێنت؛ جگە لە تەواوکەرەکە، کە ئارگومێنت-داواکراوێکی ناوەکییە، فرێزی کردارییەکەیش داوای ئارگومێنتێك دەکات، کە دەرەکییە (بکەر) (بڕوانە (١٣٢!)).

---

١٧١ - محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠: ١٣٦)، بۆ وەچە-پۆل دیاریکردنی کردارەکان، بڕوانە (٢/٢)
١٧٢ - Haegeman, L. (1994: 45)

١٣٢-ا) فەرهاد [نامەکەی نوسیی].        (وەچەپۆل-دیاریکردن)

-ب) [فەرهاد [نامەکەی نوسیی].        (دروستەی ئارگومێنت)

ڕۆڵی بابەتانە بۆ پەسنکردنی/دیاریکردنی دیاردە هاوبەشەکانی نێوان سیمانتیك و سینتاکس بەکاردەهێنرێت. بەتایبەتیی بۆ دیاریکردنی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان پۆلێنکردنی سیمانتیکی (<کارایی، کارتێکراویی،..>)، کە لە ناو واتای کردارەکاندا هەیە، لەگەڵ ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییانەی (بکەر، بەرکار،..) پاڵپشتیی دەکەن[١٧٣]. تەنها ژمارەی ئارگومێنت-داواکراوەکانی کردار گرنگ نین، تەنها تێنەپەڕیی و تێپەڕیی کردار بۆ کردار گرنگ نین، بەڵکو ئەوەیش گرنگە بزانرێت ئارگومێنت-داواکراوەکان دەتوانن کام ڕۆڵی بابەتانە لە لیستی ڕۆڵی بابەتانە وەربگرن [١٧٤]، چونکە ناتوانرێت هەمیشە یەك جۆر ڕۆڵی بابەتانە بە یەك جۆر هێزی (NP) کردار بدرێت. ئارگومێنت-داواکراوەکانی کردارێکی تێپەڕ، بەپێی جیاوازیی کردارەکە، ڕۆڵی بابەتانەی جیاواز وەردەگرن (بڕوانە ( ١٣٣، ١٣٤!)).

١٣٣-ا) /دانان/ > دانا < : V <کارا، باسلێکراو، شوێن>

-ب) کچەکە گوڵدانەکە لەسەر مێزەکە دانا.

١٣٤-ا) /هەڵوەراندن/ > هەڵوەراند <: V < کارا، کارتێکراو >

-ب) ڕەشەباکە گەڵاکانی هەڵوەراند.

لە پوختەی ئەم بابەتەدا، دەتوانرێت بگوترێت بە شێوەیەکی گشتیی، کە بکەر ڕۆڵی بابەتانەی <کارایی> agentive و بەرکاری ڕاستەخۆ ڕۆڵی بابەتانەی <کارتێکراویی> patient و <باسلێکراو> theme وەردەگرێت، بەڵام بەرکاری ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی بابەتانەی <سوودمەندیی> benefactiveو <ئامانجیی> goal و <ئامرازیی> instrumental وەردەگرێت[١٧٥] (بڕوانە (١٣٥!)).

١٣٥-ا) ئاگرەکە ماڵەکەی سووتاند.

<کارا>    <کارتێکراو>

---

١٧٣ - Saeed, J. I. (2009: 165)

١٧٤ - سەرچاوەی پێشوو (١٦٠)

١٧٥ - Lam, S.-C. O. (2008: 51)

ب) چیرۆکنووسەکە چـیرۆکەکەی نووسیی.

<باسلێکراو>

-پ) باوکەکە پارەکەی بە منداڵـــــەکەی دا.

<سـوودمەند>

-ت) ڕاوچییەکە نێچیرەکەی بە تـــــەڵە گرت.

<ئامراز>

-ج) نووسەرەکە کتێبەکەی بۆ چـــاپخانە نارد.

<ئامانـج>

گۆڕینی وەچەپێڕەوی کردار لە بکـەردیارەوە بـۆ بکـەرنادیار، دەبێـتە هـۆی گـۆڕینی ڕۆڵـی بابەتانـەی ئارگومێنت-داواکراوەکان (بڕوانە (١٣٦ا)).

١٣٦-ا) ڕەشـەبـاکــە کــــەپرەکەی ڕووخاند.

<کارا> <کارتێکراو>

-ب) کــەپـــرەکــە ڕووخــێنرا.

<تاقیکـەرەوە>

-پ) خۆر/خۆرەکە /مانگ/مانگەکە گیرا.

لــە (١٣٦-ا)دا، بکـــەر ڕۆڵـــی بابەتانـــەی <کــارایی> وەرگرتـــووە و بەرکارەکـــە ڕۆڵـــی بابەتانـــەی <کارتێکراویی> وەرگرتووە، بەڵام لە (١٣٦-ب)دا، کرداری ڕستەکە بکەرنادیارە، بۆیە بکـەری <کارا> ڕسـتەکە نامێنێـت و بەرکارەکـە <کـارتێکراو> دەبێـتە بکـەری ڕسـتەکە، بـەڵام ڕۆڵـی بابەتانەکـەی نابێتە <کارا> ی ڕستەکە، بەڵکو ڕۆڵی بابەتانەی <تاقیکەرەوە> وەردەگرێت. لە (١٣٦-پ)دا، کرداری بکەرنادیارەکـە > گـیرا <، کـە لـە کـرداری فەرهـەنگیی /گـیران/ەوە وەرگـیراوە، بکەرەکـەی تـەنها دەتوانێت ڕۆڵی بابەتانەی <تاقیکەرەوە> وەربگرێت، ناتوانرێـت بکرێتـە بکـەردیار بـۆ ئـەوەی ڕۆڵـی

بابەتانـەی <کـارا> وەربگرێـت، چـونکە کـرداری بکـەر نادیارەکـە /گـیران/ بـووە بـە کردارێکـی فەرهەنگیی (بیشرِوانە (١٣٧!)).

١٣٧- *تەمەکە/هەورەکە/پەڵەهەورەکە خـۆر/مـانگ گیرا.

<کارا>　　　　　<کارتێکراو>

هەروەها لە (١٣٨!)دا چەند کردارێکی بکەرنادیاری تـر خراوەتـەڕوو، کـە پاڵپشـتی ئـەم لێکدانەوەیـە دەکەن.

١٣٨-ا) /وەرگیران/ : منداڵەکە لە باخچەی ساوایان وەرگیرا.
-ب) /دابڕان/ : ئەو لە هەندەران لە کەسوکاری دابڕا.

لە پوختەی بابەتی کردار لە ڕووی ڕۆڵی بابەتانەوە ئەوە بەدیدەکرێت، کە ڕستە کاتێـك ڕێزمانییـە، ئەگـەر هـەموو ڕۆڵـە بابەتانـەکانی ئارگومێنـت-داواکـەر (کـردار) بەخشـرابوو، لەبەرامبەریشـدا (NP)یـەکان ئـەو ڕۆڵـە بابەتانـەیان وەرگرتبـوو[١٧٦]. واتـە ئارگومێنـت-داواکـەر و ئارگومێنـت-داواکراوەکانی ڕستەکە، پێڕەوی پێوەری بەخشینی ڕۆڵی بابەتانەیان کردبێت.

---

[١٧٦] - Haegeman, L. (1994: 67)

# بەشی سێهەم:

# دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا

## ٣) دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا

### ١/٣) دروستەی کرداری فەرهەنگیی بنجیی لە فرێزی کردارییدا

لە دروستەی VP دا، دروستەی ئارگومێنتی کرداری فەرهەنگیی بنجیی [١] بە پێی هێزی کردارەکە چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنەکەی دەگۆڕێت[٢]. ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بوو / کەوتن، هاتن، خەوتن،../، ئەوە دروستەی ئارگومێنتی کردارەکە لە VP دا، هیچ جێکەوتەیەکی بۆ ئارگومێنتی ناوەکیی نییە، بەلاّم دەشێت ئارگومێنتی سەرپشکیی لە VP دا دەربکەون. چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی ئەم کردارانە بە شێوەی V ؛ Ø [، ـــــــــ]ە. (بڕوانە (١!)).

١- /خەوتن، هاتن/

- ا) منداڵەکە خەوت Ø.
- ب) منداڵەکە لە بێشکەکەدا خەوت Ø.
- پ) ئەو دێت.
- ت) ئەو بۆ ئاهەنگەکە دێت.

لە (١-ا، پ) دا، کردارەکە /خەوت، دێت/ هیچ جێکەوتەیەکی بۆ ئارگومێنتی ناوەکیی نییە و دۆخی ڕێزمانیی بەرکارییشی نییە، بەلاّم لە (١- ب، ت) دا، لە VP دا فرێزە سەرپشکییەکانی /لە بێشکەکەدا، بۆ ئاهەنگەکە/ دەرکەوتوون (بڕوانە (٣-١)).

---

[١] - بۆ دروستەی مۆرفۆلۆژیی کرداری فەرهەنگیی بنجیی، بڕوانە (١-١/١/٢)!

[٢] - بۆ چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی چەشنەکانی کرداری فەرهەنگیی، بڕوانە (٢/٢)!

(۳-۱) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (۱- ۱)

V''
|
V'
|
V°
|
خەو

دروستەی ئارگومێنتی کرداری فەرهەنگیی بنجیی تێپەڕ / خواردن، بڕیین، کڕیین،../، لە (VP)یەکەیدا جێکەوتەیەکی بۆ ئارگومێنتێکی ناوەکیی هەیە، کە دۆخی ڕێزمانیی ئەکۆزەتیڤی/بەرکاریی لە لایەن ڕەگی کردارەکەوە پێیبەخشراوە. بۆ چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی ئەم کردارانە (بڕوانە (۲!)).

۲- V؛ [ NP، ______ ]

۳- /خواردن، کڕین/

-ا) پیرەمێردەکە کولێرەکەی خوارد.

-ب) پیرەمێردەکە بە ماستاوەوە کولێرەکەی خوارد.

-پ) ئارەزوو جلەکانی کڕیی.

پەیوەست بە ڕۆڵی بابەتانەوە، لە VP (۳-۱)دا، ئارگومێنتە ناوەکییەکە NP /کولێرەکە/ ڕۆڵی بابەتانەی < کارتێکراو > ی پێبەخشراوە. لە VP (۳-پ) دا، ئارگومێنتە ناوەکییەکە NP >جلەکان< ڕۆڵی بابەتانەی < باسلێکراو > ی پێبەخشراوە. لە X – باڕی دروستەی VP دا، لە نواندنی سینتاکسییدا، جێکەوتەی ئارگومێنتە ناوەکییەکە دەردەکەوێت (بڕوانە هێڵکاریی درەختیی (۳-۲)).

(٣-٣) هێڵكاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٣- ا، ب)

ا)




ب)




## ٢/٣) دروستەی كرداری فەرهەنگیی هەڵگوێزراو لە فرێزی كردارییدا

دروستەی مۆرفۆلۆژیی كرداری فەرهەنگیی هەلگوێزراو [٣]، ڕۆڵی هەیە لە دروستەی ئارگومێنتی كردارەكە و هێزی كردارەكە لە VPدا، چونكە هەندێك لە لاگرەكان بەبڕشتیی كردارەكە دەگۆڕن.

[٣] - بۆ دروستەی مۆرفۆلۆژیی كرداری فەرهەنگیی هەلگوێزراو، بڕوانە (٢-١/١/٢)!

دروستەی کرداری فەرهەنگیی هەلگوێزراو لە VP دا بە پێی چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردن بۆ چەند چەشنێك پۆلێندەکرێت:

چەشنی یەکهەم : ئەو کردارانەی دروستەی ئارگومێنتیان لە VP دا هیچ جێکەوتەیەکی بۆ ئارگومێنتی ناوەکیی (بەرکاری ڕاستەوخۆ) نییە، واتە ڕەگی کردارەکە دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی accuasative پێ نییە، بەلام دەشێت چەند فرێزێکی سەرپشکیی لە VP دا دەربکەون. لە کردارە فەرهەنگییە هەلگوێزراوەکانی ئەم چەشنە /هەلهاتن، ڕاوەستان، حیلاندن، نەڕاندن، قیژاندن، زریکاندن،../. چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی ئەم کردارانە بەم شێوەیە (بڕوانە (٤)).

٤- V ؛ [ Ø ، ______ ]

٥- /هەلهاتن، نەڕاندن/:

ا-) دزەکە هەلهاتØ.

-ب) دزەکە لە دەستی پۆلیسەکە هەلهاتØ.

-پ) شێرەکە نەڕاندی.

لە (٤)دا، لە چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی کردارەکەدا هیچ ئارگومێنتێکی ناوەکیی لە ناو VPدا نییە، بۆیە کرداری فەرهەنگیی /هەلهاتن/ لە (٥-ا)دا، لە فرێزی کردارییدا ئارگومێنتی ناوەکیی نییە. لە (٥-ب)دا، فرێزی >لە دەستی پۆلیسەکە<، کە فرێزێکی سەرپشکییە، لە ناو دروستەی VPدا دەرکەوتووە. بۆ نواندنی سینتاکسیی کردارەکە لە VPدا (بڕوانە هێلکاریی درەختیی (٣-٣)). کرداری فەرهەنگیی هەلگوێزراویی لە چەشنی (٥-پ) /زریکاندن، قیژاندن، حیلاندن، باڕاندن، نەڕاندن،../، کە بە دەنگە سروشتییەکان ناسراون [٤]، هەرچەندە پاشگری /_اندن/لە دروستەی مۆرفۆلۆژیی کردارەکەیاندا هەیە، بەلام دروستەی ئارگومێنتی کردارەکەیان لە VPدا هیچ جیکەوتەیەکی بۆ ئارگومێنتی ناوەکیی نییە، چونکە ئەم کردارانە (ا) لە ناوەوە وەرگیراون /زریکە/ > /زریکاندن/، /قیژە/ > /قیژاندن/، /حیلە/ > /حیلاندن/،.. (ب) ئەم کردارانە لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕن، واتە

[٤] - لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١:٢٢٨)

وەکو کردارەکانی /ڕووخاندن، سوتاندن،../ نین، کە پاشگری /_اندن/ یان پێوەلکێنراون و تێپەڕن. ئەم چەشنە کردارانە ئەدگاری ئیدیۆسینکراتیکییان idiosyncratic هەیە، واتە ئەم کردارە فەرهەنگییانە تایبەتن و بکەرەکەیان زانراوە (/حیلاندن/ تایبەتە بە /ئەسپ/ و /نەڕاندن/ تایبەتە بە /شێر/). هەر ئەم تایبەتمەندییەی کردارەکانە وایکردووە، کە فرێزی خستنەپاڵی genitive /پێکهاتووی > حیلەی ئەسپ، نەڕەی شێر،.. < پێکهێنرابێت. بۆ نواندنی سینتاکسیی ئەو جۆرە کردارانە (بڕوانە هێڵکاریی درەختیی (٣-٣)).

(٣-٣) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٥-ا)




(٣-٤) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٥-پ)



چەشنی دووهەم : ئەو کردارانەی دروستەی ئارگومێنتیان لە VP دا جێکەوتەیەکی بۆ ئارگومێنتی ناوەکیی (بەرکاری ڕاستەوخۆ) هەیە. ڕەگی کردارەکە دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی accuasative دەبەخشێتە جێکەوتەی ئارگومێنتی ناوکیی. دەشێت چەند فرێزێکیش لە شێوەی فرێزی سەرپشکییدا لە VP دا دەربکەون. لە کرداره فەرهەنگییە هەڵگوێزراوەکانی ئەم چەشنە /هەڵکردن، داخستن، داگرتن، ڕاگرتن، ڕووخاندن، سوتاندن، داچڵەکاندن، ڕاچڵکاندن، هەڵقرچاندن، داسەپاندن، بردنەوە، کردنەوە،../. بۆ چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی ئەو جۆرە کرداره فەرهەنگییە هەڵگوێزراوانە (بڕوانە (٦)).

٦- V ؛ [ NP، ______ ]

٧- /هەڵکردن، ڕوخاندن/

ا-) پیرێژنەکە چراکەی هەڵکرد.

ب-) تیپەکە یارییەکەی بردەوە.

پ-) ڕەشەباکە کەپرەکەی ڕوخاند.

لە (٦)دا، لە چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی کردارەکەدا، لە VPدا ئارگومێنتێکی ناوەکیی دەبێتە تەواوکەری سەری فرێزەکە. سەری فرێزەکە حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات، بۆیە دۆخی ڕێزمانیی ئەکۆزەتیڤی پێدەبەخشێت. لە (٧-ا، ب، پ)دا، ئارگومێنتە ناوەکییەکانی >چراکە، یارییەکە، کەپرەکە< لە VP دا، تەواوکەری سەری فرێزەکەن. بۆ نواندنی سینتاکسیی ئەم جۆره کردارانە (بڕوانە هێڵکاریی درەختیی (٣-٥)).

(٣-٥) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٧)




<u>چەشـنی سـێهەم</u> : ئـەو کـرداره فەرهەنگییـە هەڵگوێزراوانـەی دروسـتەی ئاڕگومێنتیـان لـە VP دا جێکەوتەیـەکی بـۆ ئـاڕگومێنتی نـاوەکیی (بـەرکاری ڕاسـتەوخۆ) هەیـە، کـە ڕەگـی کردارەکـە دۆخـی ڕێزمـانیی بـەرکاریی accuasative پێدەبەخشـێت. پێشـناوە سینتاکسیی/سـەربەخۆ لـە VPدا حـوکمی تەواوکەرەکـەی (بـەرکاری ناڕسـتەوخۆ) دەکـات و پـڕۆژەی PP سـازدەدات، هـەروەها دۆخـی ڕێزمانیی داتیف/خستنەژێر بە NP تەواوکەرەکە دەدەن[٥]، بەمەیش هـەردوو ئاڕگومێنتەکـە (NP) لە VP دا دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرن. پەیوەسـت بـە ڕۆڵـی بابەتانەوە/سـێتا ڕۆڵـەوە، بـە شـێوەیەکی گشـتیی NP بـەرکاری ڕاسـتەخۆ ڕۆڵـی بابەتانـەی <کـارتێکراویی> patient و <باسـلێکراو> theme دەبینێـت، بـەڵام NP بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ ڕۆڵـی بابەتانـەی <سـوودمەندیی > benefactive و <ئامانجیی> goal , دەبینێت[٦]. لـە کـرداره فەرهەنگییـە هـەڵگوێزراوەکانی ئـەم چەشـنە (ا) / پێـدان، پێگـوتن، پێکـردن، لێکـردن، تێگەیشـتن، تێکـردن، پێـوەکردن، پێوەنوسـان،

---

٥ - بڕوانە (١/٤-٣)!

٦ -Lam, S.-C. O. (2008: 51) ، بیشڕوانە (١/٤-٧)!

پێداهەڵواسین، تێداهەلگرتن، لێکردنەوە، پێکردنەوە،../. بۆ چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی ئەو کردارانە (بڕوانە (٨)).

٨- V ؛ [ NP،PP، ______ ]

٩- /لێکردن، پێدان/

-١) ئەو شیرینی لە فەرهاد کرد.

-ب) فەرهاد نامەکەی بە شیرین دا

لە چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی (٨)دا، دروستەی فرێزی VP کردارە فەرهەنگییە هەلگوێزراوەکە، نواندنی سینتاکسیی کردارەکەدا دوو فرێز NP،PP دەبن بە تەواوکەری کردارەکە. لە دروستەی VP (٩-١، ب)دا، فرێزی ناویی >نامەکە، شیرین< دۆخی ڕێزمانیی ئەکۆزەتیڤییان (بەرکاریی) پێبەخشراوە. پێشناوە سینتاکسییەکەیش >بە، لە< دۆخی ڕێزمانیی داتیڤی/خستنەژێری بە تەواوکەرەکەی >شیرین، فەرهاد< بەخشیوە. بۆ نواندنی سینتاکسیی کردارەکە لە دروستەی VPدا (بڕوانە هێڵکاریی درەختیی (٣-٦)).

(٣-٦) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (٩-١)



ئەو کرداره فەرهەنگییانەی پێشناوی /ە_/ پێوەیان دەلکێنرێت /تێکردن، تێگرتن،../، جێکەوتەی NP بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە سەرەوڕیزبوونی ئارگومێنتەکاندا دەکەوێتە دوای کردارەکەوە. ڕۆڵی بابەتانەی ئەم جێکەوتەیە بە زۆریی < ئامانجیی > ە، چونکە کردارەکەی واتای ئاڕاستە و جوڵاندنی هەیە و جێکەوتەی (NP)یەکەیش خاڵی کۆتایی جوڵاندنەکەیە. بۆ چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی ئەو جۆرە کردارانە (بڕوانە (١٠!)).

١٠- V؛ [ PP، ـــــــــ، NP ]

١١- /تێکردن/ :

ا-) یاریزانەکە تۆپەکەی کردە گۆڵەکەوە.

ت-) یاریزانەکە لە دوورەوە تۆپەکەی کردە گۆڵەکەوە.

(٣-٧) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (١١-ب)



١٢- /پێوەكردن/ :

ا-) بەرگدرووەكە دەزووەكەی بە دەرزییەكەوە كرد.

ب-) بەرگدرووەكە بە ئاسانی دەزووەكەی بە دەرزییەكەوە كرد.

(٨-٣) هێلكاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (١٢-ا)




١٣- /لیكردنەوە، پێكردنەوە/ :

ا-) دارتاشەكە بزمارەكانی لە مێزەكە كردەوە.

ب-) ئەو دەرگاكەی بە كلیلەكە كردەوە.

(٣-٩) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (١٣ – ا، ب)




<u>چەشنی چوارەم</u> : کرداره فەرهەنگییانەی /لێکۆڵینەوە، لێبوونەوە، لێکردنەوە، لێچوون، تێوەگلان، پێداچوونەوە، لێپێچینەوە، لێدان، پێزانین، پێگەیشتن، لێگەیشتن،../. کرداره فەرهەنگییەکانی ئەم چەشنە، لە فۆڕمدا هاوشێوەی کرداره فەرهەنگییەکانی /پێدان، پێگوتن، لێکردنەوە، پێوەکردن،../ن، بەڵام دروستەکەیان جیاوازە، چونکە ئەم چەشنەیان لە دروستەی VPدا، پێشناوی سینتاکسیی دۆخی ڕێزمانیی داتیڤ / خستنەژێر دەبەخشێتە NP تەواوکەرەکەی، واتە تەنها PP لە دروستەی VPدا هەیە، بەڵام کردارەکانی /پێگوتن، پێدان،../، جگە لە PP، تەواوکەرێکی دیکەیش (NP) لە ناو VPدا هەیە. بۆ چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی ئەو کردارانە (بڕوانە (١٤)).

١٤- V؛ [ PP، ______]

١٥- /لێکۆڵینەوە، پێداچوونەوە/ :

ا-) پۆلیسەکە لە ڕووداوەکەی کۆڵییەوە.

ب-) ئارەزوو لە خوشکەکەی دەچێت.

(٣-١٠) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (١٥-ا)




## ٣/٣) دروستەی کرداری فەرهەنگیی لێکدراو لە فرێزی کردارییدا

دروستەی کرداری فەرهەنگیی لێکدراو لە VP دا بە پێی دروستە مۆرفۆلۆژییەکەی جیاوازیی پێشاندەدات[٧]، واتە پێکهاتەکانی کرداری لێکدراو لە هەموو چەشنەکانیدا هەمان سەگمێنت نین، بۆ

[٧] - بۆ دروستەی مۆرفۆلۆژیی کرداری فەرهەنگیی لێکدراو، بڕوانە (٢/١/١-٣)!

نمونــە بەشـێکیان لــە ڕێگــەی (نــاو) ەوە پێکهــاتوون، بەشـێکی دیکــەیان لــە ڕێگــەی (ئاوەڵنــاو) ەوە پێکهاتوون..، بەڵام ئەوەی ناگۆڕێت؛ بناغە کردارییەکەیە، کە کرداری فەرهەنگیی بنجییە.

پێشتر ئەوە خرایە ڕوو، کە سەری VP ڕەگی کردارە. پەیوەست بە کرداری فەرهـەنگیی لێکـدراوەوە؛ هێــزی کردارەکــە (تێپــەڕیی و تێنەپــەڕیی ) و دروســتەی ئــاڕگومێنتی کردارەکــە لــە VPدا، تەواوکەرەکانی کردارەکە دیاریدەکەن (بڕوانە (١٦!)).

١٦-ا) مەلاکە بانگیدا.

-ب) هیتەرەکە ژوورەکەی گەرمکردووە.

-پ) هیتەرەکە بەتەواویی ژوورەکەی گەرمکردووە.

-ت) *هیتەرەکە ژوورەکەی گەرم بەتەواویی کردووە.

لـە (١٦-ا) دا، کـرداره فەرهەنگییەکـە /بانگـدان/ تێنەپـەڕە، بۆیـە لـە VP دا هـیچ جێکەوتەیـەکی بـۆ بەرکار نییە. لە (١٦-ب) دا، کرداره فەرهەنگییەکە /گەرمکردن/ تێپەڕە، بۆیـە دروسـتەی ئـاڕگومێنتی کردارەکـە لـە VP دا جێکەوتـەی بـۆ ئـاڕگومێنتێکی نـاوەکیی (بـەرکار) هەیـە و دۆخـی ڕێزمـانیی ئەکۆزەتیڤیی/بەرکاریی له لایەن ڕەگی کردارەکەوە بـە جێکەوتەکـە >ژوورەکـە< دەبەخشـرێت. لـە (١٦-پ) دا، فرێزی سەرپشکیی /بەتەواویی/ لە VPدا دەرکەوتووە، بەڵام کاتێك فرێزە سەرپشـکییەکە لە نێوان بناغـە کردارییەکـە و سـەگمێنتە وابەسـتەکەدا دەردەکـەوێت، ڕسـتەکە دەبێتـە ڕسـتەیەکی ناڕێزمانیی، چونکە لە کرداری فەرهەنگیی لێکدراوی تێپـەڕدا، ناتوانرێـت وەکـو تێنەپـەڕ سـەگمێنتە وابەستەکەی لە بناغە کردارییەکەی جیابکرێتەوە، بۆیە (١٦-ت) ڕستەیەکی ناڕێزمانییە.

له بەر ئەوەی لە دروستەی کرداری فەرهەنگیی لێکدراودا پێشناو نییە، بۆ ئەوەی لە سینتاکسـدا، لـە نـاو دروسـتەی VPدا پـڕۆژەی PP سـازبدات، بۆیـە زۆربـەی کـردارە فەرهەنگییـە لێکـدراوەکان لـە چـێوەی وەچـە-پـۆل دیاریکردنـدا، بـە پێـی هێـزی تێپـەڕیی و تێنەپـەڕیی کردارەکـە بـۆ دوو چـێوە دابەشدەکرێن (بڕوانە (١٧)).

١٧-أ) V ؛ [ Ø ، ______]

ب-) V ؛ [ NP، ______]

ئەو سەگمێنتە وابەستانەی لە گەڵ بناغە کردارییەکەدا کرداری فەرهەنگیی لێکدراو پێکدەهێنن، بریتین لە ( ناو، ئاوەڵناو،..). کەواتە پۆلێنکردنی کرداری فەرهەنگیی لێکدراو بە پێی (ا) سەگمێنتە وابەستەکەی کردارە لێکدراوەکە (ب) هێزی کردارەکە لە ڕووی تێپەڕیی و تێنەپەڕییەوە، دروستەی کرداری فەرهەنگیی لێکدراو لە VP دا، دەخەینەڕوو.

<u>ناو، تێنەپەڕ</u> : V ؛ [ Ø ، ______]

١٨- /هاوارکردن/ :

أ-) منداڵەکە هاواریکرد.

ب-) منداڵەکە بە دەنگێکی بەرز هاواریکرد.

پ-) منداڵەکە هاواری بەدەنگێکی بەرز کرد.

کرداری فەرهەنگیی لێکدراو /هاوارکردن/ لەبەر ئەوەی کردارەکە تێنەپەڕە، بۆیە لە وەچە-پۆل دیاریکردنەکەدا، سەری VP هیچ تەواوکەرێك وەرناگرێت، تەنها بە سەر پڕۆژەی VP سازدەدرێت(١٨-أ). لە (١٨-ب)دا، فرێزی سەرپشکیی <بە دەنگێکی بەرز> لە VPدا دەرکەوتووە، بەڵام لە (١٨-پ)دا، فرێزە سەرشکییەکە لە نێوان سەربار <هاوار> و بناغە کردارییەکە دەرکەوتووە (بڕوانە هێڵکاریی درەختیی (٣-١١)).

**(١١-٣) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (١٨ – ا، ب، پ)**

ا)




ب)




پ)



ناو، تێپەڕ : V ؛ [ NP، ـــــــــــ]

١٩- /بۆنکردن/ :

ا-) ئاورینگ گوڵەکەی بۆنکرد.

ب-) ئاورینگ لە باخچەکەدا گوڵەکەی بۆنکرد.

پ-) ئاورینگ لە باخچەکەدا بۆنی گوڵەکەی کرد.

ت-) ئاورینگ بۆنی گوڵەکەی لە باخچەکەدا کرد.

ج-) *ئاورینگ گوڵەکەی بۆنی لە باخچەکەدا کرد.

چ-) *ئاورینگ بۆنی لە باخچەکەدا گوڵەکەی کرد.

لە (١٩-ا) دا، کرداری فەرهەنگیی لێکدراو/بۆنکردن/ لە VP دا جێکەوتەی بۆ ئارگومێنتی ناوەکیی NP /گوڵەکە/ی هەیە، کە دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی لە لایەن ڕەگی کردارەکەوە پێبەخشراوە ڕۆڵی بابەتانەی <کارتێکراویی> پێبەخشراوە. لە (١٩-ب) دا، جگە لە NP بەرکارەکە ؛ فرێزی سەرپشکیی PP /لە باخچەکەدا/ لە VP دا دەرکەوتووە. لە (١٩- ج، چ) دا، کاتێک سەگمێنتە وابەستەکە لە بناغە کردارییەکە جیادەبێتەوە و فرێزە سەرپشکییەکە لە نێوانیاندا دەردەکەوێت، ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی، چونکە ناتوانرێت کرداری فەرهەنگیی لێکدراو، کە هێزەکەی تێپەڕ بێت، سەگمێنتە وابەستەکەی لە بناغە کردارییەکەی جیابکرێتەوە بۆ ئەوەی فرێزی سەرپشکیی لە نێوانیاندا دەربکەوێت، بەڵام دەشێت NP بەرکارەکە لەو شوێنەدا دەربکەوێت (١٩-پ). لە (١٩-ت)دا، جگە لە NP بەرکارەکە؛ فرێزە سەرپشکییەکەیش دەرکەوتووە، ئەم دەرکەوتنەی فرێزی سەرپشکیی لەو شوێنەدا کاتێک دەبێت، ئەگەر (ا) فرێزە سەرپشکییەکە بکەوێتە دوای NP بەرکارەکەوە، چونکە ئەگەر لە پێش جێکەوتەی NP بەرکارەکەوە دەربکەوێت، ڕستەکە دەبێتە ناڕێزمانیی (ب) فرێزە سەرپشکییەکە بەبێ NP بەرکارەکە، ناتوانێت بەتەنها لەو شوێنەدا دەربکەوێت و سەگمێنتە کردارییەکە لە بناغە کردارییەکە جیابکاتەوە[٨] (١٩-چ). لەو دوو خاڵەوە ئەوە بەدەستدەهێنین، کە لە بنەڕەتدا لەیەکجیابوونەوەکە بە هۆی NP بەرکارەکەوە ڕوودەدات، نەک فرێزە سەرپشکییەکە. ئەمەیش خاڵی جیاوازی کرداری لێکدراوی تێپەڕە لە تێنەپەڕ.

[٨] - بڕوانە : محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ٩٩)

**(١٢-٣) هێلکاریی درەختیی بۆ ڕستەی (١٩- ا، ب)**

ا)




ب)



- ئاوەڵناو، تێنەپەڕ : V ؛ [ Ø ، ______]

٢٠- /گەورەبوون/ :نەمامەکە گەورەبووØ.

لە (٢٠)دا، کرداری فەرهەنگیی / گەورەبوون/، لە دروستەی VP دا جێکەوتەی بۆتەواوکەر نییە، واتە تەنها سەری VP پرۆژەکەی سازداوە. لە (٢٠) دا. بۆ نواندنی سینتاکسیی VP (بڕوانە هێڵکاریی درەختیی (٣-١٣)).

(٣-١٣) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٢٠)




-ئاوەڵناو، تێپەڕ : V ؛ [ NP، ______]

٢١- /زەردکردن/ :

-ا) دایکم بامێکەی زەردکرد.

-ب) دایکم لە ماڵەوەدا بامێکەی زەردکرد.

-پ) *دایکم لە ماڵەوەدا زەرد بامێکەی کرد.

-ت) *دایکم زەرد لە ماڵەوەدا بامێکەی کرد.

-ج) *دایکم زەرد بامێکەی لە ماڵەوەدا کرد.

-چ) *دایکم بامێکەی زەرد لە ماڵەوەدا کرد.

لـه (٢١) دا، کـرداری فەرهـەنگیی لێکـدراو /زەردکـردن/ کرداریێکـی تێپـەڕە، بۆیـە لـە وەچـە-پـۆل دیاریکردندا جێکەوتەی بـۆ تەواکـەر، بـە دۆخـی ڕێزمـانیی بەرکارییـەوە هەیـە. تەواوکەرەکـە ڕۆڵـی بابەتانـەی <کـارتێکراویی> لـە لایـەن کردارەکـەوە پێبەخشـراوە. لـە VP ڕسـتەی (٢١-ب)دا، فرێـزی سەرپشکیی >لە ماڵەوەدا< دەرکەوتووە. فرێـزە سەرپشـکییەکە و NP بەرکارەکـە نـاتوانن لـە نێـوان سەگمێنتە وابەستەکە و بناغە کردارییەکە دەربکـەون، لـە بـەر ئـەوەی سـەگمێنتەکە ئاوەڵنـاوە و لـە بناغەکـە کردارییەکـە جیانابێتـەوە، بۆیـە ڕسـتەکانی (٢١-پ، ت، ج، چ) ناڕێزمـانیین. بـۆ نوانـدنی سینتاکسیی لە هێڵکاریی درەختییدا (بڕوانە (٣-١٤)).

(٣-١٤) هێڵکاریی درەختیی بۆ ڕستەی (٢١- ا، ب)

ا)



ب)




-ناوی ئاوەڵکرداریی، تێنەپەڕ : V ؛ [ Ø ، ______]

٢٢- /دواکەوتن، سەرکەوتن/ :

-ا) ئارەزوو دواکەوتØ.

-ب) ئارەزوو له وانەکەی دواکەوت Ø.

-پ) تیپەکە سەرکەوتØ.

-ت) تیپەکە بۆ قۆناغێکی تر سەرکەوتØ.

کرداری فەرهەنگیی لێکدراوی لە چەشنی (٢٢)، لە VPدا جێکەوتەیان بۆ تەواوکەر نییە، بۆیە سەری کرداره لێکدراوەکە بە تەنها دەتوانێت پڕۆژەی VP سازبدات. بۆ نواندنی سینتاکسیی VP (بڕوانە (٣-١٥)).

**(٣-١٥) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (٢٢-ا، ب)**

ا)




ب)




-ناوی ئاوەڵکرداریی، تێپەڕ : V ؛ [ NP ، ______ ]

٢٣- /سەرخستن/ :

ا-) ئەوان کەرەستەکانیان سەرخست.

ب-) ئەوان بەپەلە کەرەستەکانیان سەرخست.

لە (٢٣) دا، کرداری فەرهەنگیی لێکدراوی /لادان/، لە وەچە-پۆل دیاریکردندا تەواوکەرێکی <کەرەستەکان> وەرگرتووە، سەری VP حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات و دۆخی ڕێزمانیی ئەکۆزەتیڤیی/بەرکاریی پێدەبەخشێت. پەیوەست بە ڕۆڵی بابەتانەوە؛ تەواوکەرەکە ڕۆڵی بابەتانەی <کارتێکراویی> لە لایەن کردارەکەوە پێبەخشراوە. بۆ نواندنی سینتاکسیی دروستەی VP ئەو کردارانە (بڕوانە (٣-١٦)).

(٣-١٦) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٢٣-ا)




-ئەو شانەی/مۆڕفێمانەی واتای سەربەخۆیان نەماوە / فڕێدان، هاندان، فێربوون، فێرکردن، پەککەوتن، قالبوون، قالکردن، گومبوون/ونبوون،../[9].

تێنەپەڕ : V ؛ [ Ø ، ———— ]

٢٤- /پەککەوتن/ :

ا) پیرەمێردەکە پەکیکەوت.

[9] - ئەم وشانەیش لە ناوخۆیاندا بۆ دوو چەشن پۆلێنکراون، بڕوانە (٢/١/١-٣-٣)!

-ب) پیرەمێردەکە زوو پەکیکەوت.

کرداری فەرهەنگیی لێکدراو /پەککەوتن/، لەبەر ئەوەی کردارێکی تێنەپەڕە، بۆیە لە وەچە-پۆل دیاریکردندا هیچ تەواوکەرێکی وەرنەگرتووە، سەری فرێزەکە دەتوانێت پڕۆژەی VP سازبدات (٢٤-١). بۆ نواندنی سینتاکسیی VP (بڕوانە (٣-١٧)).

(٣-١٧) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٢٤ – ١)




تێپەڕ : V ؛ [ NP ، ———— ]

٢٥- /فرێدان/ :

-ا) پیاوەکە جگەرەکەی فرێدا.

-ب) پیاوەکە لە دەرەوە جگەرەکەی فرێدا.

لە (٢٥ ) دا، کرداری فەرهەنگیی لێکدراو /فرێدان/، کردارێکی تێپەڕە، بۆیە لە (٢٥-١) دا، لە VPدا جێکەوتەی بۆ تەواوکەر >جگەرەکە< هەیە. سەری VP حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات و دۆخی ڕێزمانیی ئەکۆزەتیف/بەرکاریی پێدەبەخشێت. کردارەکە ڕۆڵی بابەتانەی <کارتێکراویی> بە

جێکەوتــەی NP تەواوکەرەکـە بەخشـیوە. لــە (٢٥-ب) دا، جگــە لــە NP تەواوکەرەکـە؛ فرێــزی سەرپشکییش /لە دەرەوە/ لە VPدا دەرکەوتووە. بۆ نواندنی سینتاکسیی VP (بڕوانە (٣-١٨)).

**(٣-١٨) هێڵکاریی درەختیی بۆ ڕستەی (٢٥- ا، ب)**

ا)




ب)



## ٤/٣) دروستەی کرداری فەرهەنگیی داڕێژراو لە فریزی کردارییدا

دروستەی مۆرفۆلۆژیی کرداری فەرهەنگیی داڕێژراو، لە کرداری فەرهەنگیی لێکدراو و کرداری فەرهەنگیی هەلگوێزراو پێکدێت، واتە سەگمێنت و پێکهاتەکانی لێکدراو و هەلگوێزراو کرداری داڕێژراو دروستدەکەن، بۆیە بە (لێکدراوی هەلگوێزراو ) دانراوە[١٠] (بڕوانە (٢٦!)).

٢٦- / لە سەرکردنەوە، دەستبەسەرداگرتن، جێبەجێکردن، چاولێداگرتن، چاولێهەڵتەکاندن، خۆبەڕێوەبردن، پێداگرتن، پێلێنان، دەستلەکارکێشانەوە، خۆپێشاندان، سەرلێشێواندن، سەرلێتێکدان،../.

پەیوەست بە دروستەی کرداری فەرهەنگیی داڕێژراوەوە لە VP دا؛ بە پێی چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردن، دروستەی کرداری فەرهەنگیی داڕێژراو لە VPدا دیاریدەکرێت.

٢٧- /سەرلێتێکدان /: V ؛ [ PP ، NP ———————]

-ا) ئەو سەری لە ئێمە تێکدا.

-ب) *ئەو لە ئێمە سەری تێکدا.

-پ) *ئەو تێکدا لە ئێمە سەری.

-ج) ئەو باش سەری لە ئێمە تێکدا.

-چ) ئەو سەری باش لە ئێمە تێکدا.

-ح) *ئەو لە ئێمە باش سەری تێکدا.

لە (٢٧-ا) دا، سەگمێنتەکانی کردارەکە لە VPدا، پەیکاڵی سەرەوڕیزبوونی فریزەکانی ڕستەکە دەردەخات. ئەوەیش دەردەخات، کە دروستەی ئەم کردارانە لە ڕستەدا خراونەتەکیەك و

[١٠] - بۆ دروستەی چەشنەکانی کرداری فەرهەنگیی داڕێژراو، بڕوانە (٢/١/١-٤)!

گەڕاونەتەوە بۆ ناو فەرهەنگ[11]. هەر پێشخستنێك/پاشخستنێك پەیوەستە بە دروستەی ڕستەکەوە، بۆیە ڕستەکانی (٢٧-ب، پ، ح) ڕستەی ناڕێزمانیین و لە گەڵ دروستەی کردارەکەدا پەیکاڵ نین. لە سینتاکسدا، پێشناوی سینتاکسیی /لە/ دۆخی ڕێزمانیی داتیڤ/خستنەژێر بە NP تەواوکەرەکەی >ئێمە< بەخشیوە. لە پێکهاتووی کردارەکەدا >سەر< لە پێش پێشناوەکەوە دەرکەوتووە، چونکە (ا) لە VP دا، >سەر< جێکەوتەی بەرکاری ڕستەوخۆ دەگرێت (ب) پێشناوە سینتاکسییە سەربەخۆکە حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات، کە بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، بەڵام ناتوانێت حوکمی بەرکاری ڕاستەوخۆ بکات (بڕوانە کرداری /بەسەرکردنەوە/). ئەو داتایانەی ئێستا خرانەڕوو، دەریدەخەن، کە (ا) بەرکار دەتوانێت لە پێکهاتووی کرداردا بچێتە فەرهەنگەوە (ب) وەچەپێکهاتەکانی ئەم کردارانە؛ جێکەوتەکانی VP پڕدەکەنەوە، بۆیە دەڵێین دروستەی کردارەکان لە گەڵ دروستەی VP دا پەیکاڵدەبن[12]. بۆ نواندنی سینتاکسیی VP (بڕوانە (٣-١٩)).

---

[11] - بڕوانە : محەمەدی مەحویی و ئەوانیتر (٢٠١٠: ١٢٢)!

[12] - پەیوەست بە بکەرەوە؛ ئەم ڕوونکردنەوانە ڕێگەپێدراونین، چونکە بکەر ناتوانێت ببێتە وەچەپێکهاتەی کرداری فەرهەنگیی داڕێژراو و لە فەرهەنگدا لە پێکهاتووی کردارەکەدا تۆماربکرێت، چونکە (ا) لە نواندنی ئارگومێنتیدا، جێکەوتەی بکەر لە دەرەوەی VP دایە، واتە ئارگومێنتێکی دەرەکییە (ب) NP جیاواز دەتوانێت جێکەوتەی بکەر بگرێت، بۆیە NP بکەر ناتوانێت ببێتە وەچەپێکهاتەی پێکهاتووی کردارەکە (> ئەو سەری لە ئێمە تێکدا <) ≤ (*/ئەوسەرلێتێکدان/).

**(٣-١٩) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٢٧-١)**




بۆ دروستەی VPچەشنێکی دیکەی کرداری فەرهەنگیی دارێژراودا، وەکو /دەستلەکارکێشانەوە، جێبەجێکردن،../ (بڕوانە (٢٨!)).

٢٨-/دەستلەکارکێشانەوە/: V ؛ [ NP ، PP ———— ]

١-) ئەو دەستی لە کار کێشایەوە.

ب-) ؟؟ئەو دەستی کێشایەوە لە کار. > /دەستکێشانەوەلەکار/

پ-) ؟؟ئەو لەکار دەستی کێشایەوە. > /لەکاردەستکێشانەوە/

ت-) *ئەو کێشایەوە دەستی لەکار.

ج-) ئەو دوێنێ دەستی لەکار کێشایەوە.

لە (٢٨-١) دا، لە دروستەی کردارەکەدا پێشناوی سینتاکسیی هەیە، بۆیە تەواوکەرەکە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) لە فەرهەنگدا لە پێکهاتووی کردارەکەدا دەرکەوتووە و دۆخی ڕێزمانیی

داتیف/خستنەژێری پێبەخشراوە. سەگمێنتەکانی کرداره فەرهەنگییەکە لە VPدا، پەیکاڵی سەرەوڕیزبوونی فرێزەکانی ڕستەکەن، واتە سەگمێنتەکانی کردارەکە لە ڕستەدا هیچ پێشخستن، یان پاشخستنێکیان نەکردووە، بەڵام لە (٢٨-ب، پ، ت)دا، کاتێك سەگمێنتەکانی کردارەکە پێش/پاش دەخرێن، واتای کردارێکی جیاواز دەردەبڕێت، یان ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی نارێزمانیی. بۆ نواندنی سینتاکسیی VP (بڕوانە (٣-٢٠)).

(٣-٢٠) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٢٨-١)




دروستەی کرداری فەرهەنگیی داڕێژراوی /دەستبەسەرداگرتن/ لە VPدا، دروستەکەی لە کردارەکانی پێشوو جیاوازە (بڕوانە (٢٩!)).

٢٤٧-/دەستبەسەرداگرتن/: V ؛ [ PP ، NP ———— ]

١-) دوژمنانی کورد دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە.

ب-) ؟؟دوژمنانی کورد دەستیان بەسەر ↓ دا گرتووە.

پ-) *دوژمنانی کورد دەستیان بە ↓ کوردستاندا گرتووە.

لە (٢٩-ا) دا، دروستەی کردارەکە لە VPدا، سەگمێنتی >دەست< جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆی گرتووە و دۆخی ڕێزمانیی بەکاریی لە لایەن ڕەگی کردارەکەوە پێبەخشراوە. پێشناوی سینتاکسیی >بە< دۆخی ڕێزمانیی خستنەژێری بە تەواوکەرەکەی >سەر کوردستاندا< بەخشیوە، بەڵام سەگمێنتی >سەر< بەتەنها ناتوانێت دۆخی ڕێزمانییەکە وەربگرێت (٢٩-ب)، NP >کوردستان<یش بەتەنها ناتوانێت دۆخی ڕێزمانییەکە وەربگرێت، چونکە لە پێکهاتووی کردارەکەدا پاشگری ئاوەڵکرداریی /_دا/ هەیە، کە شوێنی تەواوی کردەی کردارەکە دیاریدەکات[١٣]. بۆ نواندنی سینتاکسیی VP (بڕوانە (٣-٢١)).

(٣-٢١) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٢١-ا)




لە کرداری فەرهەنگیی داڕێژراوی چەشنی /دانپێدانان/دا، لە VPدا، پاشگرە ئاوەڵکردارییەکە /_دا/ بە NP تەواوکەرەکەوە دەلکێت، کە لە ڕێگەی پێشناوی سینتاکسیی /بە/وە دۆخی ڕێزمانیی خستنەژێر وەردەگرێت (بڕوانە (٣٠!)).

[١٣] - بڕوانە : محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٧٩)

٣٠-/دانپێدانان/ : تاوانبارەکە دانی بەتاوانەکەدا نا.

(٣-٢٢) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٣٠)




داتاکانی سەرەوە دەریدەخەن، کە زۆربەی کرداره فەرهەنگییە هەڵگوێزراوەکان چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنەکەیان V ؛ [ NP ، PP ——————]ە، واتە دروستەی زۆربەی ئەم کردارنە لە سەر و فرێزێکی ناویی و فرێزێکی پێشناویی پێکدێت. سەرەوڕێزبوونی وەچەپێکهاتەکانی فرێزی کرداریيەکە لە گەڵ سەرەوڕیزبوونی سەگمێنتەکانی کرداره فەرهەنگییە هەڵگوێزراوەکەدا پەیکاڵن. چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنی هەندێك لە کرداره فەرهەنگییە هەڵگوێزراوەکان فرێزی ناویی تێدا نییە، واتە دروستەی فرێزی کرداریی ئەو کردارانە، تەنها لە سەری فرێزەکە و فرێزی پێشناویی پێکدێن (بڕوانە (٣١)) و (بڕوانە هێڵکاریی درەختیی (٣-٢٣)).

٣١- /لەسەرکردنەوە، بەگژداچوونەوە/:

-ا) ئەو لەسەر هاوڕێکەی کردەوە.

-ب) ئەو بەگژ پیاوەکەدا چووەوە.

(٣-٢٣) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی VP (٣١-ا، ب)




## ٥/٣) دروستەی ڕستە

ڕستە بە گەورەترین یەکەی/پێکهاتووی سینتاکسیی دادەنرێت، کە لە خستنەتەکیەکی فرێزەکانـدا پێکدێت. بە شێوەیەکی بنەڕەتیی ڕستە لە خستنەتەکیەکی دوو بـەش بەرهەمـدێت؛ بەشـی بکـەریی (NP) و بەشی کرداریی (VP). بەهەمان شێوەی فرێـز، ڕسـتەیش دروسـتەی نـاوەکیی خـۆی هەیـە، واتـە ڕسـتەیش پێویسـتی بـە سـەگمێنتێکە بـۆ ئـەوەی جێکەوتـەی سـەر بگرێـت و پـڕۆژەی ڕسـتە سازبدات[14]. کردار ئەو جێکەوتانە دەستنیشاندەکات، کە بۆ NP و PP و کەرەستەکانی دیکـەی ڕسـتە لە کوێدابن[15]. پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە ڕەگی کردار پڕۆژەی VP سازدەدات [16]، هەروەها ڕەگی کـردار لـە نـاو VPدا تەواوکـەر دیاریـدەکات، پاشـان VP داوای ئـارگومێنتی دەرەکیـی (بکـەر) دەکـات، بۆیـە ڕەگـی کـردار ناتوانێـت پـڕۆژەی ڕسـتە سـازبدات. سـەگمێنتەکانی Infl (تـاف و ڕێککـەوتن)یش، کـە

---

[14] - بڕوانە : Greenbaum, S. & Nelson, G. (2009: 102) ،O'Gardy, W. (1997: 172)

[15] - محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٧٨)

[16] - بڕوانە (٢/٢)!

پەیوەستن بە ڕەگی کردارەوە، دەتوانن پڕۆژەی فرێزی IP دروستبکەن، نەك پـڕۆژەی ڕستەی زمـانی کوردیی [17]، بەڵام لە بەر ئـەوەی Infl نیشانەکانی تـاف و ڕێککـەوتن لـە خۆدەگرێـت، واتـە مـۆرفێمی شکاندنەوەی تایبەت بە تاف و ڕێککەوتن لە گەڵ ڕەگی کرداردا دەردەکەون، بۆیـە بـە پێـی گریمانـەی 'شەقبوونی Infl split 'Infl، کە (Pllock (1989 گریمانـەی کـردووە، گرێـی Infl بـۆ فرێـزی تـاف TP و فرێـزی ڕێککـەوتن AgrP بەشـدەبێت[18]. لـە بەشـی یەکەمـدا ئامـاژە بـەوەدرا، کـە لـە دروستەی کـرداری فەرهەنگییـدا، لـە دوای ڕەگـەوە تـاف دێـت، واتـە تـاف سـەگمێنتێکی فەرهەنگییـە، بەڵام تاف لە کرداری فەرهەنگییدا سستە و چالاك نەکراوە، بۆیە TP لە سینتاکسدا ناتوانێت بە بـێ کەسی زەنگینی کردارەکە چالاك بکرێت و پڕۆژەی ڕستەی زمانی کوردیی سازبدات (بڕوانە (٣٢!))[19].

١-٣٢) *من نامە نارد

ب) *من نامە دەنێر

نمونـەکانی (٣٢) دەریدەخـەن، کـە تـاف ناتوانێـت پـڕۆژەی ڕسـتە سـازبدات، بـەڵکو فرێـزی تـاف TP سازدەدات. TP لە ناو فرێزێکی گەورەتر لە خۆیدا دەشکێتەوە، کە فرێـزی ڕێککەوتنـە AgrP، واتـە AgrP پڕۆژەیەکی گەورەترە لـە TP. لـە بـەر ئـەوەی ڕێککـەوتن (ا) هاونیشانەیە لـە گـەڵ جێنـاوە سەربەخۆکان و (ب) ڕێگـەدانی سینتاکسیی بـۆ TP دەسـتەبەردەکات و (پ) تـاف لـە TPدا بـە هـۆی کەسـەوە چـالاك دەبێـت، بۆیـە ڕێککـەوتنی کەسـی زەنگینـی کردارەکـە لـە گـەڵ جێکەوتـەی بکـەردا پـڕۆژەی ڕسـتە سـازدەدات. تـافیش لـە ڕێگـەی AgrP یـەوە دۆخـی ڕێزمـانیی نۆمینەتیڤ/بکـەریی Nominative دەبەخشێتە جێکەوتەی دەرەکیی (بکەر) [20] (بڕوانە (٣٣!)).

---

[17] - بڕوانە (سانیا جەبار عەبوزەید (٢٠١٣)) لە نامەکەیدا، سـەری ڕستەی زمـانی کوردیی بـە پڕۆژەسـازدانی IP داناوە .

[18] - بڕوانە : (Cook, V. J. & Newson, M. (2007: 109

[19] - بڕوانـە : محەمـەدی مـەحویی (٢٠٠١: ١٤٣-١٤٤)، چاوپێکەوتن لەگـەڵ : عەبدولجـەبار مسـتەفا مـەعروف (٨/١٧/ ٢٠١٥).

[20] - بڕوانە : عەبدولجەبار مستەفا و کاروان عومەر (٢٠١١: ٤٢٤-٤٢٧)، (Boskany, S. (2001:62-63

٣٣-ا) ئێوە نامـــەکەتان خوێندەوە.

i i

-ب) ئێوە خوێندتانەوە.

-پ) *ئێوە نامەکەی خوێندەوە.

j i

-ت) *ئێوە نامەکە خوێندەوە.

-ج) ئێوە خۆتان نامەکەتان خوێندەوە.

i i i

-چ) ئێوە خۆتان خوێندتانەوە.

-ح) *ئێوە خۆمان نامەکەتان خوێندەوە.

i j i

لـە (٣٣-ا، ب، ج، چ) دا، مـۆرفیمی ڕێککـەوتن لـە گـەڵ جێکەوتــەی بکـەردا ڕێکدەکـەوێت، چـونکە هاونیشـانەن، بـەڵام لـە (٣٣-پ، ت،ح) دا، ڕێککـەوتن نـەبووە، چـونکە مـۆرفیمی ڕێککـەوتن لـە گـەڵ جێکەوتەی بکەردا هاونیشانە نین. ئەگەر دروستەی AgrP بە پێی X- باڕ بنوێنرێت، بـەم شـێوەیە دەبێت (بڕوانە (٣-٢٤)).

(٣-٢٤) هێڵکاریی درەختیی بۆ ڕستەی (٣٣-١)




بەپێی تیۆری دروستەی ئارگومێنت و تیۆری ڕۆڵی بابەتانە، ڕێزمانییبوونی ڕستە پەیوەستە بە (ا) پڕکردنەوەی ئەو جێکەوتانەی بە جێکەوتەی ڕۆڵی بابەتانە دادەنرێن بە ئارگومێنت (ب) پڕکردنەوەی ئەو جێکەوتانەی بەشەکردار/کردار داوایدەکات، بە ئارگومێنت، واتە ڕستە کاتێك ڕێزمانییە، ئەگەر هەموو NP یەکانی ناو ڕستەکە لە لایەن کردارەوە/بەشە کردارەوە ڕۆڵی بابەتانەیان پێبەخشرابێت[٢١]. دروستەی ئارگومێنت و تۆڕی بابەتانەی ئارگومێنت-داواکەری کرداریی

[٢١] - Haegeman, L. (1994: 67)

کەمترین پێکهاتەی ڕستە دیاریدەکات. بە شێوەیەکی بەشەکی partly دروستەی ڕستە لە فەرهەنگەوە لە ڕێگەی دروستەی ئارگومێنتی کرداری فەرهەنگییەوە دیاریدەکرێت [٢٢] (بڕوانە (٣٤!)).

٣٤- /خواردنەوە/ :

ا-) پیاوەکە ماستاوەکەی خواردەوە.

ب-)* ↓ ماستاوەکەی خواردەوە.

پ-) *پیاوەکە ↓ خواردەوە.

ت-) *پیاوەکە ماستاوەکەی ئاو خواردەوە.

لە (٣٤) دا، لە دەروازی فەرهەنگیی کرداری فەرهەنگیی /خواردنەوە/ دا، دوو ئارگومێنت-داواکراو دیاریکراوە، بۆیە ڕستەی (٣٤-ا) ڕستەیەکی ڕێزمانییە، بەڵام ڕستەکانی (٣٤-ب، پ) ڕستەی ناڕێزمانیین، چونکە لە جێکەوتەی ڕۆڵی بابەتانە theta position ئارگومێنت دەرنەکەوتووە. لە (٣٤-ت) دا، لە بەر ئەوەیNP <ئاو> لە ناو پێکهاتووی ڕستەکەدا لە گەڵ هیچ فرێزێک تەکیەکنەخراوە، بۆیە ناڕێزمانییە. "ڕیزمانییبوونی ڕستە وابەستە نییە بە زنجیرەیەك لە وشەی بەدوایەکهاتوودا، بەڵکو وابەستەیە بەوەی چۆن وشەکان لە ناو پێکهاتووی فرێزەکەدا تەکیەکخراون"[٢٣].

پەیوەست بە جێکەوتەی ئارگومێنتەکانی کردار (ئارگومێنتی ناوەکیی و دەرەکیی) و فرێزی سەرپشکیی لە دروستەی ڕستەدا (بڕوانە (٣٥!)).

٣٥- دارتاشەکە بە ئامێری دارتاشینەکە مێزێکی دروستکرد.

---

[٢٢] - Haegeman, L. (1994: 68)

[٢٣] - Nigel, F. (2005: 13)

لە (٣٥)دا، لە نواندنی ئارگومێنتییدا، دروستەی ئارگومێنتی کرداری ڕستەکە <دروستکرد> داوای ئارگومێنتێکی ناوەکیی(<مێزەکە>) دەکات، کە لە دروستەی VPدا جێکەوتەی تەواوکەر دەگرێت، ئارگومێنتێکی دەرەکییش (<دارتاشەکە>) لە دەرەوەی VPدا دەردەکەوێت. جگە لەو ئارگومێنتانە، فرێزەکانی دیکەی ڕستەکە <بە ئامێری دارتاشینەکە>، فرێزی سەرپشکیین. بۆ نواندنی سینتاکسیی بە شێوەی هێڵکاریی درەختیی (بڕوانە (٣-٢٥)).

**(٣-٢٥) هێڵکاریی درەختیی بۆ دروستەی (٣٥)**



لە پوختەی ئەم بەشەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا، بە پێی چەشنەکانی کردارەکە (بنجیی، هەلگوێزراو،..)، دروستەی جیاوازیان دەبێت. دروستەی ئارگومێنتی کردارەکە لە VP دا، پەیوەستە وەچە-پۆل دیاریکردن و دروستەی مۆرفۆلۆژیی کردارەکە (بە تایبەتی پێشناوەکان). کرداری فەرهەنگیی؛ لە ڕێگەی دروستەی ئارگومێنت و چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنەوە وەچەپێکهاتەکانی VP و ڕستە دیاریدەکات.

# ئەنجام

# ئەنجام

١. لە بەر ئەوەی ناتوانرێت لە فەرهەنگدا هەموو چەشنەکانی کردار و هەموو تافەکانی کردارێك دابنرێت، بۆیە پێویستە تەنها یەك فۆڕم لە کردارەکان لە فەرهەنگدا دابنرێت، کە ئەویش کرداری فەرهەنگییە.

٢. دروستەی فۆڕمە بنجییەکەی کرداری فەرهەنگیی بە پێی پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژییانە پێکدێت.

٣. بەشێك لە کردارە فەرهەنگییە هەلگوێزراوەکان، دروستەکەیان بە شێوەی تەخت flat بەرهەم نەهاتووە، بەڵکو بە شێوەی هەڕەمیی بەرهەمهێنراون.

٤. سەگمێنتە وابەستەکانی کرداری لێکدراو، کە لە ڕستەدا لە بناغە کردارییەکە جیادەبنەوە، لەبەر ئەوەی ئارگومێنت نین، بەڵکو بەشێکن لە دروستەی کردارە لێکدراوەکە، بۆیە دۆخی ڕێزمانیی و ڕۆڵی بابەتانە وەرناگرن.

٥. دروستەی بەشێك لە کردارە فەرهەنگییە هەلگوێزراوەکان لە فۆڕمدا هاوشێوەن، بەلام لە دروستەی ناوەکییاندا دروستەی جیاوازیان هەیە و بۆ واتای جیاوازیش دروستبوون، بۆیە دروستەی فرێزی کردارییەکەیان جیاوازە.

٦. سەرەوڕییزبوونی سەگمێنتەکانی/وەچەپێکهاتەکانی دروستەی کرداری فەرهەنگیی داڕێژراو (لێکدراوی هەلگوێزراو) پەیکالی سەرەوڕییزبوونی وەچەپێکهاتەکانی فرێزی کردارییە.

٧. کرداری فەرهەنگیی لە ڕێگەی چێوەی وەچە-پۆل دیاریکردنەوە، دروستەی فرێزی کرداریی دیاریدەکات.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## به زمانی کوردیی :

### - کتێب


١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم (کردار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٢. ________ (٢٠١٤)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، ڕێکخستن و پێداچوونەوەی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣. بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٤. سەباح ڕەشید قادر ( ٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٥. شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢). پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا. بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی. سلێمانیی.

٦. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٧. ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٨. کۆمەڵێك زمانەوان (٢٠٠٩)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، وەرگێڕانی : محەمەدی مەحوی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی

٩. لیژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٠. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی : شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١١. محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)، رستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٢. __________ (٢٠١٠)، مۆرفۆلـۆژیی و بەیەکداچـوونی پێکهاتـەکان، بـەرگی یەکهـەم، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

١٣. __________ (٢٠١١)، بنــەماکانی سینتاکســی کــوردیی، بــەرگی یەکهــەم، زانکــۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

١٤. __________ (٢٠١٦)، بەرهەمێکی بڵاونەکراوە.

١٥. محەمەدی مەحویی و کاروان عومەر قادر و شیلان عومـەر حسێن (٢٠١٠)، دروسـتەی کـردار-بنەما و دیاردە، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

١٦. محەمەدی مـەحویی و نـەرمیین عومـەر(٢٠٠٤)، مـۆدێلی ڕێزمـانی کوردی، زانکـۆی سـلێمانی، سلێمانی.

١٧. وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، هەولێر.

١٨. یووسـف شـەریف سـەعید ( ٢٠١٣)، کـاری لێکـدراو لـە زمـانی کـوردی و فارسـی، بڵاوکـراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

## نامەی زانکۆیی :

١٩. ئـازاد ئەحمـەد حسـەین (٢٠٠١)، ئـەرکی ئـەدڤێربڵ لـە فراوانکردنـی فرێـزی کاریـدا، نامـەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٠. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٨)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لـە شێوەزاری هەورامیـدا، نامـەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢١. ئازاد ئەمین فەرەج باخـەوان (٢٠٠٣)، پێشبەند و پاشـبەند لـە هـەردوو دیـالێکتی کرمـانجیی خواروو و ژوورووی زمانی کوردیدا، نامـەی دکتـۆرا، کـۆلێجی پـەروەردە-ئیبن ڕوشـد، زانکـۆی بەغدا، بەغدا.

٢٢. ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بـەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لـە زمـانی کـوردی و فارسـی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٣. ئەحمەد حسن فتح الله (١٩٩٠)، بکەر وەك بەشێکی سەرەکی ی رستە لە زمانی کوردی دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢٤. تارا موحسین قادر (٢٠١١)، زمانی کوردیی و مینیمالْ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٥. ڕووناك مەحمود عەلی بۆمبا (٢٠٠١)، کرداری ئیلزامی (ویست و ئارەزوو)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٦. حاتەم ولیام محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجیی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٧. سانیا جەبار عەبوزەید (٢٠١٣). جهگهۆرینا کەرستان درستێدا (گۆڤەرا بهدینی). نامەی دکتۆرا. فاکەڵتی ئاداب. زانکۆی سۆران. هەولێر.

٢٨. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩). دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

٢٩. دلێر صادق کانبی (٢٠١٣)، تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەولێر.

٣٠. فەرەیدوون عەبدول محەمەد (١٩٨٨)، نادیاری، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣١. محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی داڕشتن و ئەرکەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

٣٢. مهاباد کامیل عەبدوڵلا (٢٠١٠)، چەند کردەیەکی سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٣٣. نازەنین جەلال ئەحمەد (٢٠٠٤)، وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە- ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، بەغدا.

٣٤. نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

**گۆڤار:**

٣٥. ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٧)، پارتیکلَ لە زمانی کوردی دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژ ٢٢. سلێمانیی.

٣٦. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، کاروان عومەر قادر (٢٠١١)، کاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، گۆڤاری أستاذ، ژ٨٦. بەغدا.

٣٧. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢)، ئاوەڵکردار لە فەرهەنگ و سینتاکسی زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٢٤. کۆیە.

٣٨. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٣)، نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆڕمە گۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژ ٣٨. سلێمانیی.

**چاوپێکەوتن** :

٣٩. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٨/١٧/ ٢٠١٥- زانکۆی سلێمانیی)

**به زمانی ئینگلیزیی :**

1. Aarts, B. (2001). English Syntax And Argumentation. 2nd. Palgrave.
2. Abney, S. P. (1987). The English Noun Phrase In Its Sentential Aspect. Massachusetts Institute Of Technology.
3. Ahmad, Mahmoud Fathulla. (2004). The tense and aspect system in Kurdish. School of Oriental and African Studies (University of London)
4. Akmajian, Adrian. , Demers, Richard A., Farmer, Anne K. , Harnish, Robert M. (1997). Linguistics: An Introduction To Language And Communication. 4th Edition. The MIT Press.
5. Amin, Waria O. (1979), Aspects of the Verbal Construction In Kurdish, London University.

6. Asscher, Aya M. (2011). Adjectives And Argument Structure. Thesis Submitted For The Degree “Doctor Of Philosophy, Submitted To The Senate Of Tel Aviv University.
7. Baker, Anne E. & Hengeveld, Kees. (2012). Linguistics. Willy-Blackwell Publishing.
8. Baker, Mark C. (2004). Lexical Category: Noun, Verb And Adjective. Cambridge Press.
9. Bauer, L. (2012). Beginning Linguistics. Palgrave Macmillan.
10. Bauer, V. (1983). English Word-Formation. Cambridge University Press.
11. Black, Cheryl A. (1999). A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax. SIL - Mexico Branch and University of North Dakota.
12. Bobaljik, Jonathan D. (2002). Auspicious Compounds. Mcgill University
13. Boskany, Saza A. F. (2001). A Contrastive Analysis Of Agreement In Standard English And Standard Kurdish. A Thesis Submitted To The Council Of The College Of Arts-Salahaddin University-Arbil.
14. Bussmann, H. (1996). Routledge Dictionary Of Language And Linguistics. translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi. Routledge.
15. Bybee, J. (1985). Morphology: A Study Of The Relation Between Meaning And Form. Vol 9.John Benjamins Publishing.
16. Carnie, A. (2000-2001). Syntax. Blackwell Publishers
17. Chomsky, N. (1988). Lectures on Government And Binding. 5th Ed. Foris Publications Holland.
18. Cook, V. J. And Newson, M. (1996). Chomsky's Universal Grammar An Introduction. 2rd Edition. Blakwell Publishing.
19. Cook, V. J. And Newson, M. (2007). Chomsky's Universal Grammar An Introduction. 3rd Edition. Blakwell Publishing.
20. Cruse, A.(2006). A Glossary Of Semantics And Pragmatics. Edinburgh. Edinburgh University Press.

21. Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics and Phonetics. 5th Edition. Blackwell Publishing.
22. Crystal, David. (1992). An Encyclopedia Dictionary Of Language And Languages. Blackwell Publisher.
23. D'Alessandro, R. (2014). The Null Subject Parameter. Leiden University Centre For Linguistics.
24. Denham, K. & Lobeck, A. (2013). Linguistics For Everyone- An Introduction. 2nd Ed. USA. Michael Rosenberg.
25. Elder, Catherine. (Eds). The Handbook of the Applied Linguistics. Blackwell Publishing.
26. Fabb, N. (1984). Syntactic Affixiation. Massachusetts Insttitute of Technology.
27. Fabb, N. (2007). Compounding. In Spencer & Zwicky Arnold M. (Eds). The Handbook Of Morphology. Blackwell Handbooks In Linguistics Series.
28. Falk, Julia S. (1978). Linguistsics And Language. 2nd Edition. John Wiley & Sons.
29. Finch, G. (2005). Key Concepts In Language And Linguistics. 2 Nd Ed. Palgrave Macmilan.
30. Fossum, L. O. (1919). A Practical Kurdish Grammar. Augsbubg Publishing House.
31. Frank, R. (1990). Computation And Linguistic Theory: A Government Binding Theory Parser Using Tree Adjoining Grammar. (Master's Thesis). Department Of Computer & Information Science. University Of Pennsylvania.
32. Fromkin, Victoria. , Rodman, Robert. And Hyams, Nina. (2013). An Introduction To Language. 10th Edition. Wadsworth.
33. Gelderen, Elly V. (2002). An Introduction to the Grammar of English. John Benjamins Publishing Company.
34. Greenbaum, S. & Nelson, G. (2002). An Introduction To English Grammar. 2nd Ed. Longman.
35. Griffiths, P. (1988). An Introduction To English Semantics And Pragmatics. Edinburgh. Edinburgh University Press.

36. Haegeman, L. (1994). Introduction To Government And Binding. 2nd Edition. Blackwell Publishing.
37. Haspelmath, M. & Müller-Bardey, T. (2001). Valence Change. in Booij, G. , Lehmann, C. & Mugdan, J. (Eds). Morphology. An International Handbook on Inflection and Word-Formation. Volume 2. Walter de Gruyter.
38. Haspelmath, M. & Sims, Andrea D. (2010). Understanding Morphology. Understanding Language Series. 2nd Edition. Hodder Education.
39. Horbačauskienė, J. & Petronienė, S. (2013). Verb Valency Patterns. In Academic Register: Syntactic Approach. Kalbų Studijos. Studies About Languages. 2013. NO. 22.
40. Ipsen, I. (2010). Linguistics for Beginners. UK. Universität Gesamthochschule Kassel.
41. Jackendoff, R. (1990). Semantic Structures. The MIT Press.
42. Jackendoff, R.(2002). Foundation of Language. Oxford University Press.
43. Katamba, F.(2006). Morphology. 2nd Edition. Modern Linguistics Series. Palagrave Macmillan.
44. Kirkness, Alan. (2004). Lexicography. In Davies, Alan.
Kredler, C. W. (Eds). Introducing English Semantics. Routledge.
45. Lam, Shi-Ching O. (2008). Object Functions And The Syntax Of Double Object Constructions In Lexical Functional Grammar. The Degree of Doctor of Philosophy. . University Of Oxford.
46. Langacker, Ronald W. (2008). Cognitive Grammar. Oxford University Press.
47. Lardiere, D. (2006). Words And Their Parts. In Fasold, Ralph W. & Connor-Linton, Jeff. An Introduction To Language And Linguistics. Cambridge University Press.
48. Lieber, R. (2005). English Word-Formation Processes. In Śtekaur, P. & Lieber, R. (Eds). Handbook Of Word-Formation. Volume 64. Springer.

49. Lieber, R. (2010). Introducing Morphology. Cambridge Introduction To Language And Linguistics. Cambridge University Press.
50. Lyons, J. (1981). Language and Linguistics An Introduction. Cambridge University Press.
51. Malmkjær, Kirsten. (Ed).(2002). The Linguistics Encyclopedia. 2nd Edition. Publishing By Routledge.
52. Matthews, P. H. (1974). Morphology: An Introduction To Theory Of Word-Structure. Cambridge University Press.
53. Matthews, P. H. (2007). The Concise Oxford Dictionary Of Linguistics. 2nd Edition. Oxford University Press.
54. Mcarthy, Andrew C. (2002). An Introduction To English Morphology: Words And Their Structure. Edinburgh. Edinburgh University Press.
55. Mccarus, Ernest N.(1958). A Kurdish Grammar. New York. American Council ofLearned Societies Program in Oriental Languages
56. Nigel, F. (2005). Sentence Structure. 2nd Edition. Routledge.
57. O'grady, W. And De Guzma, Videa P. (1989). Morphology: The Analysis of Word Structure. In O'grady, W. , Dobrovolsky, D. & Aronoff, M. (Eds).Contemporary Linguistics: An Introduction. Longman Press
58. Palmer, F. R. (1987). The English Verb. 2nd Edition. LONGMAN.
59. Parker, F. & Riley, K. (2012). Linguistics for Non-Linguists. 5th Editition. Pearson.
60. Plag, Ingo.(2002). Word-Formation In English. Cambridge University Press
61. Pylkkänen, L. (2002). Introducing Arguments. Massachusettes Institute of Technology.
62. Quirk, R. & Greenbaum, S. (1989). A University Grammar of English. Longman.

63. Quirk, R., Greenbaum, S., Leech, G. And Svartvik, J. (1985) A Comprehensive Grammar of The English Language. Longman Publisher.
64. Radford, A. (2004). English Syntax- An Introduction. Cambridge Press.
65. Radford, A. (2009). An Introduction To English Sentence Structure. Cambridge Press.
66. Rapoport, T. R. (1987). Copular, Nominal, and Small Clauses: A Study of Israeli Hebrew. Department of Liogulstics and PhIlosophy. Massachusetts Institute of Technology.
67. Rapoport, T. R. (1995). Specificity, Objects, And Nominal Small Clauses. In Cardinaletti, A. & Guasti, Maria T. (Eds). Syntax And Semantics. Vol 28. Academic Press.
68. Razmjoo Seyyed A. (2004). Fundamental Concepts In Linguistics. Rahnama Press.
69. Richards, Jack C. Schmidt, S. (2002). Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics. 3rd Edition. Pearson Education Limited.
70. Roeper, T. & Siegel, M. (1978). A Lexical Transformation for Verbal Compounds. Linguistic Inquiry, Vol. 9, No. 2. The MIT Press.
71. Saeed, John I. (2009). Semantics. 3rd Edition. Wiley-Blackwell.
72. Sapir, E. (1921). Language An Introduction to the Study of Speech. Biblio Bazaar Reproduction Series.
73. Schnider, Gerold. (1998). An Introduction To Government And Binding. Englisches Seminar Der Universität Zürich.
74. Seely, J. (2011). Oxford A-Z of Grammar & Punctuation. Oxford University Press.
75. Selkirk, E. (1982). The Syntax of Words. Massachusetts Institute of Technology.
76. Shafie, Rebwar. (2011). A Linguistic Analysis Of Headedness Of Compounds In English And Kurdish. Master Thesis. College Of Language. University Of Sulaimani. Sulaimani.

77. Shneider, Gerold. (1998). An Introduction to Government and Binding. Institut für informatik winterthurestr-Zürich.
78. Smith, Neil. (1999). Chomsky Ideas And Ideals. Cambridge University Press.
79. Sproat, Richard. , Samuelsson, C. , Chu-Carroll, J. And Carpenter, B. (2007). Computional Linguistics: The Handbook Of Linguistics. Blackwell Referece.
80. Tallerman, M. (1998). Understanding Syntax. 1st Edition. Published In Great Britain By Arnold. Hodder Headline Group.
81. Tallerman, M.(2011). Understanding Syntax. 3rd Ed. Published Byhodder Education.
82. Todd, L. (1987). An Introduction To Linguistics. England. Longman York Press.
83. Trask, R. L. (1993). A Dictionary Of Grammatical Terms In Linguistics. Routledge.
84. Trask, R. L. (1999). Key Concepts In Language and Linguistics. Routledge.
85. Trask, R. L. (2007). Language and Linguistics- The Key Concepts. Stockwell, P. . 2nd Edition. Routledge.
86. Wunderlich, Dieter.(2012). Valency-Changing Word-Formation. In Müller, Peter O. Ohnheiser, Ingeborg. Olsen, Susan. And Franz Rainer (Eds.) Handbook Word-Formation. Berlin: De Gruyter Mouton.
87. Yule, G.(2006). The Study of Language. 3rd Edition. Cambridge University Press.

**سایتی ئینتەرنێت :**

88. http://grammar.about.com/od/mo/g/Main-Verb.htm
89. http://www.01.sil.org/linguistics/GlossaryOfLinguisticTerms/WhatIsASubject.htm

90. http://www.icaltefl.com/lexical-verbs
91. Levin, Beth. : www.oxfordbiblographies.com/browse?module-0
92. Nordquist, Richard. . base form of a verb: http://grammar.about.com/od/ab/g/baseformterm.htm
93. Nordquist, Richard. . lexical verb, main verb: http://grammar.about.com/od/il/g/lexicalverbterm.htm
94. Williamson, Graham. : http://www.sltinfo.com/lexical-verbs

# خلاصة البحث

هذا البحث بعنوان " بنية الفعل المعجمي في العبارة الفعلية "، خُصِص لتحديد بنية الفعل المعجمي في كلا مستويي اللغة " المستوى الصرفي" و " المستوى النحوي". بالاضافة الى مقدمة و قائمة للمراجع والمصادر وأهم ما توصل إليها الباحث من نتائج، وتقتضي طبيعة البحث أن تكون على ثلاثة فصول :

الفصل الاول/ فصل نظري يتضمن النظريات اللغوية التي أعتمد عليها البحث وتم تطبيقها في الفصل الثاني و الثالث. ومن تلك النظريات " نظرية البنية الصرفية Morphology للفعل المعجمي " و " نظرية البنية الموضوعاتية- Argument Structure" و "نظرية التكافؤ Valence" و "نظرية العامل/العمل والاحكام الربطية Government and Binding Theory".

الفصل الثاني/ يتضمن أربعة مباحث ؛ المبحث الاول خُصِص لتحديد انواع الفعل المعجمي من حيث البنية الصرفية. أما المبحث الثاني فقد خُصِص لتحديد أنواع و فئات الفعل المعجمي من حيث قوة و تكافؤ الافعال المعجمية. والمبحث الثالث خُصِص لتعين و تحديد المكملات للعبارة الفعلية. حيث تم تقسيم المكملات الى نوعين (ا) المكملات في بنية العبارة الفعلية (ب) المكملات خارج العبارة الفعلية. المبحث الرابع خُصِص للأدوار المحورية لكل نوع من الافعال المعجمية التي تُسند الى العبارات الاسمية في الجملة.

الفصل الثالث/ يتضمن ثلاثة مباحث : المبحث الاول يتناول بنية الجملة البسيطة في اللغة الكوردية. حيث تم تحديد بنية الجملة من خلال نظرية العمل و الاحكام الربطية. أما المبحث الثاني : فبالإستناد إلى النظريات في الفصل الاول، تم تحديد مكونات العبارة الفعلية. والمبحث الثالث قد خُصِص لبنية الفعل المعجمي في العبارة الفعلية. وفقا للنتائج التي توصل اليها الباحث فان بنية العبارة الفعلية و مكوناتها تتغير بتغير الفعل المعجمي، لان لكل نوع و فئة من الفعل المعجمي خصائص يتميز بها.

# ABSTRACT

This study which is entitled "Lexical verb structure in verb phrase" Is dedicated to lexical verb structure in Morphology and Syntax. It consists of three sections.

The first section is theoretical which includes the theories which have been implied and used in this work especially in chapter two and three.The utilized theories are: verb morphology theory, valence theory, argument structure theory and Government and Binding Theory.

The second section deals with types of lexical verbs covering both structure of lexical verb and valence of lexical verb. It also studies complements of verb phrase which are classified into two types: primary complements and secondary complements. Furthermore , the chapter covers theta roles of lexical verbs.

The third section studies some topics like simple sentence structure in Kurdish through government and binding theory. Then components of verb phrase have been tackled through the theories of section one. Another angle of this section covers lexical verb structure in verb phrase.

In conclusion, the researcher has concluded to the result that verb phrase structure and its components change according to the type of lexical verbs since each type has its certain own characteristics.